یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT خەبات

60

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5723) چوارشەممە 3ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

داوا لە سەرنووسەرو ستافی خەبات دەکەم کە هەروەک چۆن پێشتر ئەو ڕۆژنامەیە بەشداریی کارای هەبووە لە خەباتی گەلەکەمان، ئێستاش بە هەمان نەفەس، بەڵکو زیاتریش، بەشداریی لە دەرخستنی گیروگفتی هاوواڵتیان و خستنەڕووی کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بکات.

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی 51 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی خەبات)

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک دەکرێت

3

ئێستا ڤیزای ئەلیکترۆنی ئێران بۆ عێراقییەکان بەردەستە

2


خەبات ئەو لینکە بڵاودەکاتەوە کە هاوواڵتیانی کوردستان و عێراق دەتوانن ڤیزای ئەلیکترۆنی لێیەوە پڕبکەنەوە

یەکێتیی پەرلەمانتاران داوا لە لایەنەکان دەکات بەپێی قەبارەی خۆیان داوای پۆست بکەن

سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان رایگەیاند، هەنگاوەکان بەرەو کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێم زۆر باشن و پێویستە پەلەی لێ بکرێت و چیتر پێکهێنانی حکوومەت دوا نەخرێت.

نیعمەت عەبدوڵڵا، لە لێدوانێکیدا بە ماڵپەڕی پارتی راگەیاندووە کە ئەو هەنگاوانەی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەنرێن، زۆر باشن و پێویستە چیتر پێکهێنانی حکوومەت دوا نەخرێت و دامەزراوە حکوومییەکان بکەونەوە سەر کاری خۆیان لە کابینەی نوێدا، چونکە خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە سەیری گۆڕانکارییەکانی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکات. عەبدوڵڵا گوتیشی: ئەو هەنگاوانەی دەنرێن بۆ کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمیشن، بۆیە پێویستە هەنگاوەکان بەردەوام بن و هەنگاوی دیکەشیان بەدوادابێت، کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بێت و گرنگیشە هەموو لایەنەکان پێکەوە هەنگاوەکان بنێن و هەر یەکە و بەپێی قەبارەی خۆی داوای پۆست بکات و سازش بۆ یەکتری بکەن.

زیاتر لە لاپەرە سێ بخوێنەوە



2

مەسرور بارزانی و باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کۆبوونەوە



2

هەولێر..ئەمڕۆ 14مین پێشانگای کتێب دەکرێتەوە



13

لە فیزیاوە بۆ سیاسەت و کۆشکی سەرۆکایەتی



15




بەلەمەکانی کوردستان جێگەی مەترسین یان مایەی پێشخستنی کەرتی گەشتیارین؟

زیاتر لە لاپەرە 14 بخوێنەوە



8

بۆ زیندووکردنەوەی جلوبەرگی کوردی با واز لە لاساییکردنەوەی پۆشاکی بیانی بهێنین



بەهۆی ترس لە زیادبوونی ئاوی زێی بچووک، زیاتر لە 700 خێزان لە تەقتەق ماڵەکانیان بەجێهێشتووە

زیاتر لە لاپەرە 4 بخوێنەوە



(خەبات) لە هەلومەرجێکی زۆر ناسکی گەلەکەماندا چاوی هەڵێناو بە دەرچوونی، قوتابخانەیەکی نوێی ڕۆژنامەنووسی لە کۆمەڵگەی کوردی دروستکرد

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 49 ساڵەی خەبات)

پسپۆڕێکی ئابووری:
دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت زیانی ئابووری بە هەرێم دەگەیەنێت


پسپۆڕێکی بواری ئابووری و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، دواکەوتنی بابەتی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، زیانی زیاتر بە ئابووریی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

نەبەرد کەریم، پسپۆڕی ئابووری و مامۆستای زانکۆی سلێمانی، لەمبارەوە ڕایگەیاندووە بەڕاستی ناکرێت ئەوەندە چاوەڕوانی حزبێک، یان لایەنێک یان کەسایەتییەکی ناو حزبێک بکەن بۆ ئەوەی بزانن چ پۆستێکی لە کابینەی نوێدا دەدرێت یان نایەدرێت، بەڵکوو پێویستە کابینەی نوێ ڕابگەیەنن، چونکە ناکرێ تەواوی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای نارازیبوونی حزبێک، یان چەند کەسێکی ناو حزبێک ڕابوەستێت و لە تەنگەژەیەکی ئابووری و دڵەڕاوکێدا بێت.

ئەو پسپۆڕە ئابووریە بڕوای وایە دواخستنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم 100% پشێویی ئەمنیی ئابووری دروستکردووە، ڕوونیکردەوە تا زووتر کابینەی نوێ ڕابگەیەندرێت ئەوەندە بۆ بواری ئابووری باشترە، هەروەها بواری ئابووری سەرچاوەی سەرەکیی پرۆژە یاسای بودجەیە لە هەر ولاتێکدا کە جێبەجێکرێت، بڕوام وایە ئەگەر حکوومەت پێکبهێندرایە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستاندا یەکێک لە ئەولەویەتی کارە گرنگەکان جێبەجێکردن، یان وەگەڕخستن و کارکردن دەبوو لەسەر پرۆژە یاسای بودجە. نەبەرد کەریم گوتیشی: وا باشترە حکوومەت ڕابگەیەندرێت و چەند پۆستێک بە بەتاڵی بهێڵدرێنەوە، چونکە ناکرێت نزیکەی شەش مانگ چاوەڕێی حزبێک، یان لایەنێک بکەین بۆ ئەوەی ڕازی بن حکوومەت چۆن پێکبهێنن، بۆ نموونە عادل عەبدولمەهدی هەر زوو کابینەی خۆی ڕاگەیاند و چەند پۆستێکی بە بەتاڵی هێشتەوە، واتە چاوەڕێی حزبەکانی دیکەی نەکرد، هەرکات گەیشتنە ڕێککەوتن، پۆستەکان پڕ دەکەنەوە.

مەسرور بارزانی و باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کۆبوونەوە
ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم پشتیوانییەکانی فەرەنسای بۆ کوردستان بەرزنرخاند

بڕۆنۆ ئۆبرت: فەرەنسا لە پشتیوانی و هاوکاری هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە بەردەوام دەبێت



دوێنێ سێشەممە 2019/4/2 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بڕۆنۆ ئۆبرت باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق و شاندی یاوەری کرد.

لەم دیدارەدا، کە کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەولێر ئامادەبوو، دوا پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێکران و دووپات لە پەرەپێدانی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوو گەلی فەرەنسا و کوردستان کرایەوە.

مەسرور بارزانی پشتیوانی و یارمەتییەکانی فەرەنسای بۆ هەرێمی کوردستان بەرزنرخاند، کە بەردەوام لە قۆناغە جیاکاندا هاوکار و پشتیوانی گەلی کوردستان بووە. هەروەها باسی لە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەک و پێشڤەچوونەکانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کرد و هەنگاوەکانی بە ئەرێنی وەسفکرد.

هەر لەو دیدارەدا بارودۆخی سووریا و کۆنترۆڵکردنەوەی دوا مۆڵگەی داعش و هێورکردنەوەی گرژییەکان و چارەسەری سیاسییانەی کێشەکانی ئەو ولاتە تاوتوێکران و جەختیش لەوە کرایەوە، کە پێویستە لە هەنگاوەکانی داهاتوودا قوربانی و مافی هەموو پێکهاتەکان لەبەرچاوبگرێت.

لە لای خۆیەوە باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق وێڕای بە ئاوات خواستنی سەرکەوتن بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دووپاتی لە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کردەوە و ڕایگەیاند، ولاتەکەی لە پشتیوانی و هاوکاری هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە بەردەوام دەبێت.

هەولێر..ئەمڕۆ 14مین پیشانگای کتێب دەکرێتەوە
نزیکەی 300 دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان و وڵاتان بەشدارن



خەبات: ئەمڕۆ چوارشەممە 2019/4/3 لە شاری هەولێر 14مین پیشانگای کتێب بە بەشداری نزیکەی 300 دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە هەرێمی کوردستان و وڵاتان دەکرێتەوە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی خەبات پیشانگاکە ماوەی 11 ڕۆژ بەردەوامدەبێت و نزیکەی یەک ملیۆن ناونیشانی کتێبیش لە پیشانگەکە نمایشدەکرێن. هەروەها بڕیارە ڕۆژانە لە پیشانگەکەدا چەندان چالاکی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی ئەنجامبدرێت.

شایەنی باسە هەموو ساڵێک بە بەشداری دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان و وڵاتان لە پیشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر دەکرێتەوە و بڕیارە ئەمڕۆش 14مین پیشانگەی کتێب بە بەشداری نزیکەی300 دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بکرێتەوە و ماوەی 11 ڕۆژیش بەردەوامبێت.

ئێستا ڤیزای ئەلیکترۆنی ئێران بۆ عێراقییەکان بەردەستە
خەبات ئەو لینکە بڵاودەکاتەوە کە هاووڵاتیانی کوردستان و عێراق دەتوانن ڤیزای ئەلیکترۆنی لێیەوە پڕبکەنەوە



باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە ئێستا دەتواندرێت بەبێ بەرامبەر و لە ڕێگەی ڤیزای ئەلیکترۆنییەوە عێراقییەکان سەردانی ئێران بکەن. هەروەها ڕۆژنامەی خەبات ئەو لینکە بڵاودەکاتەوە کە لە ڕێگەیەوە هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەتوانن ڤیزای ئەلیکترۆنی لێیەوە پڕ بکەنەوە.

باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕایگەیاندووە باڵیۆزخانە و سەرجەم کۆنسوڵخانەکانی ئەو وڵاتە لە عێراق دەستیانکردووە بە پێدانی ڤیزای بەبێ بەرانبەر بەو عێراقییانەی کە دەیانەوێت سەردانی ئێران بکەن و ئەم بڕیارە لە ئێستاوە کاری پێدەکرێت.

لە 30ی مانگی ئاداری ڕابردوو وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران نووسراوێکی ڕەوانەی باڵیۆزخانەکە کردووە و هاوپێچی کردووە بە بەیاننامەی کۆتایی سەردانەکەی سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی بۆ عێراق لە 11ی ئادار کە تیایدا لەگەڵ عێراق ڕێککەوتوون ڤیزا بەبێ بەرانبەر بدرێت بە هاووڵاتیانی هەردوو وڵات و هەردوو لا و ڤیزا لەسەر هاووڵاتیانی یەکتر هەڵبگرن. ئێستاش هاووڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە (https://evisatraveller.mfa.ir/ar/request/applyrequest/) داوای وەرگرتنی ڤیزای ئەلیکترۆنی بکەن و دەبێت دوای پڕکردنەوەی خانەکان و تۆمارکردنی پێویستییە داواکراوەکان دڵنیابینەوە لە هاتنەوەی قبوولکردنی ڤیزاکانییان.

هاوکات ئەمیندارێتی گشتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند کە ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندیی خۆی دەربڕیوە لەسەر سفرکردنەوەی سەرجەم ئەو ڕسوماتانەی کە پەیوەستن بە هاتنە ناوەوەی هاووڵاتییانی ئێران بۆ نێو عێراق لەگەڵ ڕەچاوکردنی پرنسیپی هاوبەرامبەرکیی وەکو بەرامبەر پشتبەستن بە حوکمەکانی ماددەی 36 لە یاسای مانەوەی بیانییەکانی ژمارە 76 و ئەم بڕیارە لە یەکی نیسانی 2019وە چووەتە واری جێبەجێکردنەوە.

داوای ئاشکراکردنی ناوی پەرلەمانتارە ئامادەنەبووەکان دەکرێت
حوسێن ئەلعیقابی: ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکان کێشەی دروستکردووە



پەرلەمانتاریکی عێراق داوای ئاشکراکردنی ناوی پەرلەمانتارە ئامادەنەبووەکان دەکات و دەڵێت: با خەڵک ئاگادار بکەینەوە لێیان. حوسێن ئەلعیقابی، پەرلەمانتاری عێراق بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە، پێویستە پەرلەمان چارەسەرێک بۆ کێشەی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکان بدۆزێتەوە، چونکە ئەو کێشەیە کاریگەریی نەرێنی کردووەتە سەر داڕشتنی یاساکان.

حوسێن ئەلعیقابی هەروەها ڕایگەیاندووە، پێویستە سەرۆکایەتیی پەرلەمان ناوی هەموو ئەو پەرلەمانتارانە بۆ خەڵک ئاشکرا بکات، کە بەشداریی دانیشتنەکان ناکەن و ناچنە کۆبوونەوەکان. پێشتر لە 2018/1/29 پەرلەمانی عێراق پرۆژەیەکی بۆ زیادکردنی پێبژاردن (غەرامە)ی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە کۆبوونەوەکان، بۆ دوو هێندەی جاران، پەسەند کرد.

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە

خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک دەکرێت



خەبات: بەگوێرەی راگەیەندراوێکی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ چوارشەمە 2019/4/3 پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات، هەروەها هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم تا پەسەندکردنی دەستوور و خستنەڕووی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بەپێی حوکمی ماددەکانی 87 و 89 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکەی پەرلەمان لە کاتژمێر 3ی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەمە بەڕێوەدەچێت بۆ خوێندنەوەی دووەمی هەمواری یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم تا پەسەندکردنی دەستوور.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان رایانگەیاندووە بەمنزیکانە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەموار دەکرێتەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت.

یەکێتیی پەرلەمانتاران داوا لە لایەنەکان دەکات بەپێی قەبارەی خۆیان داوای پۆست بکەن

نیعمەت عەبدوڵڵا: پێویستە کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و پێکهێنانی حکوومەت دوانەخرێن

سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان رایگەیاند، هەنگاوەکان بەرەو کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێم زۆر باشن و پێویستە پەلەی لێ بکرێت و چیتر پێکهێنانی حکوومەت دوا نەخرێت.

نیعمەت عەبدوڵڵا، لە لێدوانێکیدا بە ماڵپەڕی پارتی راگەیاندووە کە ئەو هەنگاوانەی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەنرێن، زۆر باشن و پێویستە چیتر پێکهێنانی حکوومەت دوا نەکەوێت و دامەزراوە حکوومییەکان بکەونەوە سەر کاری خۆیان لە کابینەی نوێدا، چونکە خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە سەیری گۆڕانکارییەکانی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکات. عەبدوڵڵا گوتیشی: ئەو هەنگاوانەی دەنرێن بۆ کاراکرنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمیشن، بۆیە پێویستە هەنگاوەکان بەردەوام بن و هەنگاوی دیکەشیان بەدوادابێت، کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بێت و گرنگیشە هەموو لایەنەکان پێکەوە هەنگاوەکان بنێن و هەر یەکە و بەپێی قەبارەی خۆی داوای پۆست بکات و سازش بۆ یەکتری بکەن.

سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتاران باسی لەوەشکردووە، پێویستە رەچاوی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکرێت لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا و ئەمە گرنگیی زۆری هەیە، چونکە خەڵکی کوردستان دەنگی بە لایەنەکان داوە و دەبێ حیساب بۆ ئەوانە بکرێت دەنگی زۆریان هێناوە، بەڵام گرنگە لایەنەکان هەر چۆنێک بێت بگەنە رێککەوتن، چونکە جگە لە رێککەوتن، رێگەی دیکەیان لە پێش نییە. گوتیشیەتی: ناکرێ لەوە زیاتر حکوومەت دوابخرێت، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش بۆ هەرێمی کوردستان باش نییە، بۆیە با حکوومەت دروستبکرێت و دواتر دەتواندرێت هەر کێشەیەک هەبێت، لایەنەکان لە نێوان خۆیاندا چارەسەری بکەن.

ماڵپەڕێکی عێراقی: کەسێکی نزیکی سەددام مانگانە زیاتر لە 2 ملیۆن دینار وەردەگرێت

ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی نزیک لە سەددام لە دوای 2003 وە خانەنشینکراون

کەسێکی نزیک و پاسەوانی تایبەتیی سەددام حوسێن بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە و مانگانە زیاتر لە دوو ملیۆن دینار وەردەگرێت. ماڵپەڕی (مەوازین نیوز)ی عێراقی لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە، کە ژمارەیەک بەرپرسی سەربازیی نزیک لە سەددام حوسێن لە دوای سالی 2003 خانەنشینکراون و مانگانە بڕە پارەیەکی زۆر وەردەگرن.

ماڵپەڕەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، کە بەڵگەی دەستکەوتووە لەسەر ئەوەی پاسەوانێکی تایبەتی سەددام و هاوسەری زرخوشکی سەددام حوسێن، کە ئێستا تەمەنی 71 ساڵە و لە شاری تکریت دەژی، لە سالی 2005 بە پلەی لیوا خانەنشینکراوە و مانگانە دوو ملیۆن و 235 هەزار دیناری پێدەدرێت. سەددام حوسێن لە سالی 1937 لە گوندی عوجە لە تکریت لە دایکبووە، لە سالی 1979 خۆی وەک سەرۆکی عێراق ناساند و تا ڕووخاندنی رژێمەکەی لە سالی 2003 سەرۆکایەتیی ئەو وڵاتەی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کرد. سەددام حوسێن، کە لە ڕۆژی 2006/12/30 لە سێدارە درا، لەگەڵ سەرانی رژێمەکەی هەزاران تاوانیان بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامدا، کە دڕندانەترینیان بڕیتی بوون لە کیمیاباران‌کردنی هەڵەبجە، ئەنفالکردنی زیاتر لە 182 هەزار هاووڵاتیی کورد. ئەنفالکردنی زیاتر هەشت هەزار بارزانی، سوتماککردن و وێرانکردنی زیاتر لە چوار هەزار گوندی کوردستان.

دوای ڕووخاندنی رژێمی بەعس، بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە 2005 حزبی بەعس و سەرانی رژێمەکەی لە کاری سیاسی، ئیداری و سەربازی دوورخرانەوە و قەدەغەکران.

کارانەکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم گرفت بۆ چەند دامەزراوەیەک دروست دەکات

نەقیبی سەندیکای پارێزەران: گرنگە دەسەڵاتەکان بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم بگەڕێنەوە تا رۆڵی خۆی بگێڕێت

نەقیبی پارێزەرانی کوردستان ڕایگەیاند، نەبوونی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، گرفتی بۆ دامەزراوەکانی دیکەی کوردستان دروست کردووە.

بەختیار حەیدەر، نەقیبی پارێزەرانی کوردستان، بۆ خەبات ڕایگەیاند: هەر هەرێم و وڵاتێک و کۆمپانیایەک پێویستە یاسای خۆی هەبێت، پێویست دەکات رێکخستنەوەی خۆی هەبێت، ئەو رێکخستنانە یەکێکیان کەموکورتیی هەبێت، کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکەش دەکات، بەتایبەت لە هەرێمەکان، ڕەنگە بۆ کۆمپانیایەک گرفت نەبێت، بەڵام بۆ دامەزراوەی حکوومەت و دەوڵەت ئەوە پڕ ناکرێتەوە و زنجیرەیەکی ئیداری هەیە، ناکرێ تێکبچێت، لەبەر ئەوەی دەستوورمان نییە، بۆیە سەرۆکی هەرێم یان دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم، ئەو دامەزراوەیە وەک سەنتەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێ هەبێت، چونکە ئێستا دەسەڵاتەکانی دابەشکراونەتە سەر پەرلەمان و ئەنجوومەنی دادوەری و ئەنجوومەنی وەزیران، لە کاروبارەکاندا جۆرێک لە گەڕانەوە بۆ دواوە دروستبووە. ڕوونیشی کردەوە کە هەر دەزگایەک کاری خۆی دەکات، سەرۆکی هەرێم سەنتەری ڕاگرتنی دەسەڵاتە، ئێستا ئەنجوومەنی دادوەری لەوە دەچێت بڵێت کە هەندێک پرس هەیە نایکات، ئەنجوومەنی وەزیرانیش بە هەمان شێوە، بۆیە بوونی دەزگاکان و بەتایبەت سەرۆکی هەرێم، گرنگە و دەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەسڵەکەی خۆی و دواتریش ئەو دەزگایە چۆن کارا دەکرێتەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە ئەو یاسایە کارا بکرێتەوە و دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم تا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

نەقیبی پارێزەرانی کوردستان نەیشارەدوە کە هەندێک گرفتی دیکە هەن، بەتایبەت سەرۆکی هەرێم، مەرسوومی دامەزراندنی دادوەران دەردەکات، ئەنجوومەنی دادوەری پێشنیار دەکات بۆ ئەو دامەزراوەیە و پاش ئەوەی ئامادەبووان لە (بواری بالآی قەزایی)دا دەردەچن، ئەنجوومەن دەینێرێت بۆ سەرۆکی هەرێم و بڕیاری هەرێمی پێدەدرێت کە داوەرەکان دابمەزرێن، بۆ پلە تایبەتەکانیش بە هەمان شێوە. بەختیار حەیدەر جەختی لەوەشکردەوە کە لە ناوەندی بڕیاردانداە ڕەنگە گرفت دروست ببێت و ڕاگیرانی کارەکانی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، کێشەی لەسەر ئەو سێ دەسەڵاتەش دروستکردووە.

وەزیری کارەبای عێراق بۆ خەبات:

گەندەڵییەکی یەکجار زۆر لە کەرتی کارەبای عێراقدا هەبووە

لە بوودجەی ساڵانەی حکوومەتی عێراقدا بڕێکی کەم پارە بۆ کەرتی کارەبا تەرخانکراوە



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

وەزیری کارەبای عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات هۆکارەکانی مانەوەی کێشەی کارەبای لە عێراقدا ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند: ئەگەر بمانەوێ کێشەی کارەبا لە عێراقدا بە یەکجاری چارەسەر بکەین ئەوە پێویستمان بە کات و 20 ملیار دۆلار هەیە.

لوئەی ئەلحەتیب وەزیری کارەبای حکوومەتی عێراقی فیدرالی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕایگەیاند: ناڕێکی و گەندەڵییەکی لە ڕادەبەدەر هەبووە لە کەرتی کارەبای عێراق و لە ساڵانی ڕابردوو لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لە 2003وە تاکو ئەمڕۆ نزیکەی 50 ملیار دۆلار بۆ کەرتی کارەبای عێراق خەرجکراوە، بەڵام هێشتا کێشەکان و کەمیی کارەبا بەردەوامە و ناکرێت ئەم کێشە گەورەیە بە ڕۆژ و دوو ڕۆژ چارەسەر بکرێت و پێویستمان بە کاتی گونجاو و نزیکەی 20 ملیار دۆلار دەبێت بۆ ئەوەی کێشەکە بە تەواوەتی کۆتایی بێت. لوئەی ئەلحەتیب وەزیری کارەبای عێراق هەروەها گوتی: سالانە بەشداربووانی تۆڕەکانی کارەبا لە زیادبوون دایە و زیادەڕۆییەکی زۆریش کراوەتە سەر کارەبای نیشتمانی و هەوڵدەدین چارەسەری ئەم کێشانە بکەین. هەروەها گوتیشی: دەستمان بە گرێبەست و کارکردن لەگەڵ چەندین کۆمپانیای وەبەرهێنانی کارەبای جیهانی کردووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لە بوودجەی سالانەی حکوومەتی عێراقدا بڕێکی کەم پارە بۆ کەرتی کارەبا تەرخانکراوە، بۆیە پێویستمان بە دیراسە و چارەسەری نوێ هەیە و ئێستا بەوە سەرقاڵین.

باری لەناکاو لە پێنج پارێزگای عێراق ڕاگەیەندرا

دانیشتوانی ژمارەیەک گوندی لێواری ڕووباری دیجلە گواستراونەتەوە بۆ ناوچە ئارامەکان



بەهۆی ئەگەری دروستبوونی لافاو لە ئەنجامی بارانباریندا بەخۆڕ کە ناوچەکەی گرتووەتەوە، وەزارەتی ناوخۆی عێراق، باری لەناکاوی لە پێنج پارێزگا ڕاگەیاند. بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، عەقیل خەزعەلی ڕایگەیاند، باری لەناکاو لە هەرێمێک لە پارێزگاکانی سەلاحەددین، کەرکووک، دیالە، واست و میسان ڕاگەیەندراوە، چونکە پێشبینی وایە لە ئەنجامی بارانبارینی بەخۆڕ، لافاو ئەو پێنج پارێزگایە بگرێتەوە.

ڕۆژی یەکشەمە پارێزگاری بەغدا، فەلاح جەزائری بەهۆی مەترسیی دروستبوونی لافاو لە ئەنجامی بارانبارینی بەخۆڕ، باری لەناکاوی لە بەغدا ڕاگەیاندبوو. هاوکات دانیشتوانی ژمارەیەک لەو گوندانەی کە دەکەونە سەر لێواری ڕووباری دیجلە لە پارێزگای سەلاحەددین لەبەر مەترسی دروستبوونی لافاو گواستراونەتەوە بۆ ناوچە ئارامەکان.



بەهۆی ترس لە زیادبوونی ئاوی زێی بچووک

زیاتر لە 700 خێزان لە تەقتەق ماڵەکانیان بەجێهێشتووە

بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی کۆیە: بەهۆی باران و لافاوەوە زیاتر لە 100 ملیۆن دینار زیان بە دانیشتووانی ناوچەکە گەیشتووە

بەوتەی بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی کۆیە باران و لافاوەکەی چەند ڕۆژی ڕابردوو زیانی زیاتر لە 100 ملیۆن دیناری لە دانیشتوانی ناوچەکە داوە.وەکو گۆران ئەحمەد دەڵێت: زیانە مادییەکە زیاتر بەر ئەو کەسانە کەوتووە کە لە کەناری ڕووباری زێی بچووک حەوزی ماسیان هەبووە. بەپێی ئەو زانیارییانەی ژمارەیەک لە دانیشتووانەی تەقتەق بە پەیامنێری(خەبات)یان داوە لە ڕۆژانی ڕابردوودا نزیکەی 30 هەزار ماسی و ژمارەیەکی زۆر نافورە و غەتاس و مزاغەی ئاو، لافاو بردوونی.

گۆران ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی کۆیە بە (خەبات)ی ڕاگەیاند" بارانی بەخوڕ و لافاو هیچ زیانێکی گیانی لە سنوری قەزای کۆیە بەدوای خۆیدا نەهێناوە، ئەوەی کە هەیە زیانی مادییە". گوتیشی" دوێنێ لەناو سەنتەری قەزای کۆیە چەند ماڵێک لە گەڕەکی ئەندازیاران ئاویان تێچووە و تیمەکانی شارەوانی و بەرگری شارستانی و ئاوەدانکردنەوەی و قایمقامیەت و پۆلیس بە بەردەوامی لە ئامادەباشیدان و لەناو شار دەسوڕێنەوە تا لە هەر ئەگەرێکی لافاودا هاوکاری دانیشتووانی ناوچەکە بکەن". دەشڵێت" لە چەند ڕۆژی ڕابردوو تیمەکانی غەواسمان سێ کەسیان ڕزگارکردووە، کە بەهۆی لافاوەوە ژیانیان لە مەترسیدا بووە". عەقید گۆران ئەحمەد ئەوەشی گوت" تیمەکان بۆ کەمکردنەوەی زەرو زیانەکان سەر مەنۆل و زێرابەکانیان هەڵی گرتووە".

سەبارەت بەو زیانانەی کە بەهۆی لافاوەوە بەر دانیشتووانی شارۆچکەی تەقتەق گەیشتووە؟ بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی کۆیە گوتی" لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی زێی بچووک ژمارەیەکی زۆر حەوزی ماسی و مزاغەی ئاو و باخچە ئاو بردوونی، بەو هۆیشەوە زیانێکی زۆر خاوەنی حەوزەکان و باخچەکان کەوتووە". زیاتر گوتی" هێشتا قەبارەی زیانەکان دیارینەکراون، بەڵام لەوانەیە بایی زیاتر لە100 ملیۆن دینار بێن".

لەبارەی چۆڵکردنی ماڵەکانی هەردوو گەڕەکی ئاشتی و ڕزگاری لە تەقتەق؟ عەقید گۆران ئەحمەد گوتی" پێش باران بارینی بەخوڕی چەند ڕۆژی ڕابردوو دانیشتوانی ئەو دوو گەڕەکەمان لە بەرزبوونەوەی ئاشتی ئاوی زێی بچووک ئاگادار کردەوە، پاشان بەدەم داواکارییەکانمانەوە هاتن و ماڵەکانیان چۆڵکرد". هەورەها بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی کۆیە ئاشکرای کرد زیاتر لە 700 خێزان لەو دوو گەڕەکە لە ترسی لافاو و بەرزبوونەوەی ئاو ماڵەکانیان بەجێهێشتووە.

بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان پێشبینی کردووە تا چەند ڕۆژی ڕابردوو باران بارین لە تەواوی باشووری کوردستان بەردەوامی هەبێت و ئاستی ئاوی بەنداو و ڕووبارەکان زیاتر بەرزببنەوە. دانیشتوانی تەقتەق ترسیان لەوە هەیە پاش پڕبوونی بەنداوی دوکان ئەو زەرو زیانانەی کە پێشتر بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی زێی بچووک بەریانکەوتبوو زیاتر بێت. بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی کۆیە دەڵێت" بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەقتەق و شارەوانی شارۆچکەکە بەدرێژایی 1700 مەتر دیواریان لە پێش تەقتەق دروستکردووە، هەر ئەوەیش وایکردوو تائێستا دانیشتوانی نزیک لە زێی بچووک خۆشبەختانە لە لافاو پارێزراوبن".

شارۆچکەی تەقتەق لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای کۆیەیە و کەوتووەتە لای ڕاستی زێی بچووک. 90 کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی هەولێرەوە دوورە. لە ساڵی 1918 بووەتە ناحیە و لە 1986 خاپووکراوە. لە 1995 دووبارە حکوومەتی هەرێم شارۆچکەکەی ئاوەدانکردووەتەوە، 22 گوند لەخۆ دەگرێت و 25 هەزار کەس ژمارەی دانیشتوانی تەقتەقە.

یەکێتی ئەورووپا لە 10ی نیسان لووتکەی بڕێکزێت ڕێکدەخات

سەرۆکی ئەنجوومەنی یەکێتی ئەورووپا، دۆنالد توسک ڕایگەیاند، "لە دوای ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنی جیابوونەوەی بەریتانیا لەلایەن پەرلەمانی ئەو وڵاتەوە، بڕیاری ڕێکخستنی لووتکەیەکم لە 10ی نیسان دەرکرد". توسک لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕایگەیاند "لە دوای ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنی جیابوونەوەی بەریتانیا لە لایەن پەرلەمانی ئەو وڵاتەوە، بڕیاری ڕێکخستنی لووتکەیەکم لە 10ی نیسان دەرکرد. ڕۆژی هەینی پەرلەمانی بەریتانیا، بۆ سێیەمین جار ڕێککەوتنی بڕێکزێتی ڕەتکردەوە و دەرگای لەسەر جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا لە بەرواری 12ی نیسان کردەوە. پەرلەمانتاران بە 344 دەنگی نەخێرو 286 دەنگی بەڵێ ڕێککەوتنی بڕێکزێتیان ڕەتکردەوە. بەپێی ئەو دانوستانەی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا ئەنجامدراوە، جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتییەکە بۆ 12ی نیسان دواخرا. هاوکات پەرلەمانی بەریتانیا لە 15ی کانوونی دووەم و 12ی ئادار بە دەنگێکی زۆر ڕەتکردبووەوە.

ئەمڕۆ یادی 70یەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ناتۆ دەکرێتەوە

وەزیرانی دەرەوەی 29 وڵات لە واشنتۆن کۆدەبنەوە



وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ لە 3-4ی نیساندا لە واشنتۆن کۆدەبنەوە و بابەتەکانی وەک ڕووسیا، ئەفغانستان، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەشکردنی قورسایی و بەرپرسیاریەتی تاوتوێ دەکەن.سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ زانیاری لەبارەی کۆبوونەوەکە خستەڕوو و ئاماژەی بەوە کرد کە یەکەم ڕۆژ وەزیرانی دەرەوە بەشداری لە دانیشتنێکدا دەکەن کە لە کۆنگرێسی ئەمریکا سازدەکرێت و خۆیشی بەناوی ناتۆوە گوتارێک پێشکەش دەکات. یانس ستولتنبێرگ باسی لەوە کرد کە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمە، هاوپەیمانان لە میلۆن ئاودیتۆریۆم کۆدەبنەوە کە لە ساڵی 1949دا ڕێککەوتننامەی باکووری ئەتڵەنتیکی تیادا واژووکرا، ئەوەیش هەڵێکە بۆ یادکردنەوەی "ئاشتیی و خۆشگوزەرانی کە 70 ساڵە دردێژەی هەیە.

بابەتی سەرەکی ڕووسیایە

یانس ستولتنبێرگ باسی لەوە کرد کە هاوپەیمانان ڕۆژی پێنجشەمە تاوتوێی پەیوەندییەکان دەکەن لەگەڵ ڕووسیا.

ستولتنبێرگ ئاماژەی بەوەشدا ڕووسیا بەردەوامە لە پێشێلکردنی ڕێککەوتنی هێزە ئەتۆمییە مەودا مامناوەندەکان (INF) و گوتی: ڕووسیا گوێ ناداتە ئەو بانگەوازانەی بۆ بەجێهێنانی بەڕەسیاریێتییەکانی ڕێککەوتنەکە ئاراستەی دەکەین. کات کەم دەبێتەوە، لەبەرئەوە ئەو هەنگاوانە هەڵدەسەنگێنین کە ناتۆ دەیگرێتەبەر.

سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ ئاماژەی بەوەدا کە ناتۆ نیگەرانە لە هەڵوێستی زبری ڕووسیا و ڕایگەیاند چاوەڕوانە هاوپەیمانانی ناتۆ لە دەریای ڕەشدا ڕێوشوێنەکان زیاتر بکەن و پشتگیرییەکانیان بۆ جۆرجیا و ئۆکراینا زیاتر بکەن.

بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ ئاماژەی بەوەشدا کە لە دریژەی کۆبوونەوەکەدا ناتۆکارەکان لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە تاوتوێ دەکات و لەو چوارچێوەیەدا دۆخی ئەفغانستان هەڵدەسەنگێنن.

دابەشکردنی ئەرکە زەحمەتەکان

سکرتێری گشتیی ناتۆ، یانس ستولتنبێرگ ڕایگەیاند، لە ئەفغانستان پێکەوەین بۆ بوونمان لە داهاتوودا، پێکەوە بڕیار دەدەین.

یانس ستولتنبێرگ ڕاشیگەیاند کە ناتۆ لە بەرەنگاری دژبە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشدا یەک بوون و هاوپەیمانێتیەکە لە ئەرکی مەشق پێکردندا لە عێراق هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکە.

سکرتێری گشتیی ناتۆ ئاماژەی بەوەدا کە لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ناتۆدا تاوتوێی دابەشکردنی ئەرکە زەحمەتەکانکراوە و گوتی: سالانێکە بە ملیاردها دۆلار بوودجەی بەرگریان کەم کردەوە، ئیتر بە ملیار دۆلار زیادی دەکەین.

یانس ستولتنبێرگ دووپاتیشیکردەوە کە هاوپەیمانەکانی ناتۆ لە بواری بەرگریدا زیاتر وەبەرهێنان ئەنجام دەدەن و گوتی: بەڵام دەبێت زیاتر بکەین، بەڵام نابێت توانا لەدەست بدەین.

نەوتی خاوی بڕێنت 69.18 دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت

بۆ یەکەمینجار لە 2019دا نرخی نەوتی خاوی بڕێنت بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی تۆمارکرد



نرخی خاوی بڕێنت بۆ یەکەمجار لە میانی ساڵی 2019دا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی لە بازاڕەکانی جیهاندا، تۆمارکرد و هەر بەرمیلێکی بە 69 دۆلار و 18سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت.

نرخی خاوی بڕێنت بۆ یەکەمجار لە میانی ساڵی 2019دا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی لە بازاڕەکانی جیهاندا، تۆمارکرد و هەر بەرمیلێکی بە 69 دۆلار و 18سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت.

کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لەگەڵ دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لە ڕووسیا، کاریگەریان هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی وزەی ڕووسیا، ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو وڵاتە لە مانگی ڕابردوودا، دابەزینی تۆمارکردووە و گەیشتووەتە 11ملیۆن و 29 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

لە سەرەتای ئەمساڵ وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ئۆپێک و بەرهەمهێنەرانی سەربەخۆ بەڕابەرایەتی ڕووسیا گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە بۆ ماوەی شەش مانگ ئاستی بەرهەمهێنان بە بڕی یەک ملیۆن و 200 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەم بکەنەوە.

لە کاتژمێر 6:45 نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەڕێژەی 0.23 لەسەدا بەرزبوویەوە و هەر بەرمیلێکی بە 69 دۆلار و 18 سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت.

هەروەها نرخی خاوی ئەمریکا لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەڕێژەی 0.24%بەرزبوونەوەی تۆمار کرد و هەر بەرمیلێکی بە 61 دۆلار و 75 سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت.



بۆ ماوەی یەک مانگ ئەڵمانیا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، هێیکۆ ماس سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە هاوتا فەرەنسییەکەی، جان ئیڤ لۆدریان وەگرت.بۆ یەکەمجار مانگی ڕابردوو فەرەنسا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد و بە هاوبەشی لەگەڵ ئەڵمانیادا، کارگێڕی ئەنجوومەنەکەیان بەڕێوەبردو بۆ ئەم مانگەش ئەڵمانیا و فەرەنسا بە هاوبەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەن، بەو پێیەی سەرۆکایەتییەکان بە دوای یەکدا هاتووە.وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، هێیکۆ ماس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ هاوتا فەرەنسییەکەی، جان ئیڤ لۆدریان ڕایگەیاند، ئەڵمانیا و فەرەنسا ئەرکی پاراستنی سیستەمی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەبن.

هێشتا گەڕانەوەی سووریا بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی لەبار نییە

ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی: پێویستیمان بە دەستپێشخەرییەکی سیاسیی هەیە کە سوورییەکان کۆبکاتەوە

ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی، ئەحمەد ئەبو غیت ڕایگەیاند، هەرچەندە پرسی گەڕانەوەی سووریا بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی بە شێوەیەکی نافەرمی لە کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەب وروژێنداراوە، بەڵام هێشتا گەڕانەوەی سووریا بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی لەبار نییە.



دوای کۆتاییهاتنی سییەمین لووتکەی کۆمکاری عەرەبی، ئەحمەد ئەبو غیت ئاماژەی بەوەدا کە گەڕانەوەی سووریا بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی پرسێکی هەستیارە و گوتی: هەستیاری پرسی گەڕانەوەی سووریا بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، هەرچەند بوورژێندرێت، هەندێک دەڵێن، هێشتا گەڕانەوەی سووریا بۆ ناو کۆمکاری عەرەبی لەبار نییە و هەندێکی دیکەش وای بۆ دەچن کە لە ڕۆژەڤی کارەکانماندا نییە و هەندێکی دیکەش دەڵێن، پێویستیمان بە دەستپێشخەرییەکی سیاسییە هەیە کە سوورییەکان کۆبکاتەوە.

ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی، ئەحمەد ئەبو غیت هەر لەوبارەیەوە گوتی: هەموو ئەو پێشنیازانە هێشتا لەبار نین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سووریا بگەڕێتەوە ناو کۆمکاری عەرەبی".



خەبات وەک چۆن سەروەرو خۆڕاگرتوو بووە، پێویستە ئەمڕۆش لە پێناو ئەو ئامانجەی بۆی دامەزرا هەمیشە دەنگی میللەت بێت

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 47 ساڵەی خەبات)

لەنێوان شکست و سەرکەوتنەکانی هەڵبژاردنی شارەوانی تورکیادا

هەدەپە:

هیوادارین ئەم هەڵبژاردنە ببێتە مایەی دەرچوون لەم دەورانە نادادپەروەری و نایاساییە

جەهەپە:

بۆ ساڕێژکردنی برینی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان کاردەکەین، بۆ ئەوەش لە ئیستەنبوڵ پڕۆژەیەکی جیاواز و دیموکراسیمان هەیە

بەیانی ڕۆژی یەکشەممە 2019/3/31 لە سەرتاسەری تورکیا کاتژمێر 7ی بەیانی دەرگای بنکەکانی دەنگدان بەڕووی 57 ملیۆن و 58 هەزار و 636 دەنگدەر کرایەوە، کە بریتی بوون لە 194 هەزار و 390 سندووقی دەنگدان و یەک ملیۆن و 156 هەزار دەنگدەر کە 18 ساڵیان تەواوکردووە بۆ یەکەمجارە بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن ناویان لە لیستی تۆماری دەنگدەران هاتبوو. 38 ملیۆن و 929 هەزار و732 دەنگدەر لە ڕەگەزی مێ و، 28 ملیۆن و 128 هەزار و 904یان لە ڕەگەزی نێر مافی بەشدارکردنیان هەبوو، بۆ دەنگدان بە 12 پارتی سیاسی و 321 بەرپژێری سەربەخۆ، کاتژمێر 6ی ئێوارەش لەسەرتاسەری تورکیا کۆتایی بە هەڵبژاردنەکە هات.

خەبات: ڕێکان سەباح

کێبڕکێ و شکست

دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردن لە سەرتاسەری تورکیا دەنگۆی سەرکەوتنی کاندیدی جەهەپە ئەکرەم ئیمامئوغلو بەسەر بینالی یەلدرم کاندیدی ئەکپارتیدا بۆ شارەوانی ئیستەنبوڵ بلاو بۆیەوە، لەو بارەیەوەش سەرۆکی دامەزراوەی بالای هەڵبژاردنەکانی تورکیا سەعد گۆڤەند ڕایگەیاندووە، کە ئەکرەم ئیمامئوغلو توانیویەتی لە شارەوانی ئیستەنبوڵدا (چوار ملیۆن و 159 هەزار و 650 دەنگ بەدەست بهێنێت، لەبەرامبەردا بینالی یلدرمیش چوار ملیۆن و131 هەزار و 761 دەنگ بەدەست بهێنێت، بەمەش شکەستی ئەردۆگان لە شەڕی هەرە گەورەی هەڵبژاردنەکە ڕاگەیاندرا، چونکە شەڕی هەرە گەورەی ئەم هەڵبژاردنە لە ئیستەنبوڵەوەیە، ئەکپارتی بە پڕۆسەیەکی فرەوان بڕیاری لەسەر کەسایەتیەک دا بۆ شارەوانی ناو ئیستەنبوڵ، دوای ماوەیەکی زۆر ئەردۆگان، بڕیاری دا کە بینالی یلدرم دوایین سەرۆکوەزیرانی سەردەمی سیستەمی پەرلەمانی و یەکەم سەرۆک پەرلەمانی سیستەمی سەرۆکایەتی و هاوڕێ و دۆستی دێرینی خۆی بۆ ئیستەنبوڵ بەرێبژێرکرد وەک کاندیدی ئەکپارتی، چونکە پێشتر لە ریفراندۆمەکەی 2017ئەردۆگان لەو سی شارەدا شکەستی خوارد، لە ئەنقەرە، ئیستەنبوڵ و ئیزمیر، هەروەها ئۆزهاسەکی بۆ گەورە شارەوانی ئەنقەرە و نیهاد زیبەکچی بۆ گەورە شارەوانیی ئیزمیر کاندید کرد".

هەدەپە و شکستی ئیستەنبوڵ

هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە سەزایی تەمەللی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە، شکەست پێهێنانی مەهەپە و ئەکەپە، لە خۆرئاوا کە یەکێکە لە گرینگترین پایەکانی ستراتیژیان بە بەشداری ئەو شکەستە دانیشتووانەکەی ئیستەنبوڵ دەکەن، هاوکات کاندیدی ئەنجامەکان بببێتە هۆی هەناسەدانی 16 ملیۆن کەس. هاوکات کاندیدی سەرکەوتووی جەهەپە لە ئیستەنبوڵ ئەکرەم ئیمامئوغلو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دا باس لەسەرکەوتنەکەی دەکات و لەبارەی کوردیش دەڵێت کە بۆ ساڕێژکردنی برینی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان کاردەکات، بۆ ئەوەش لە ئیستەنبوڵ پڕۆژەیەکی جیاواز و دیموکراسیان هەیە.

ڕاگەیاندراوەکەی هەدەپە چی تێدا بوو؟

هەدەپە لەپاش کۆتایی هاتنی دەنگدان لە تورکیا لە پێهێنانەی ئەکپارتی بکەین. ئەو دەشڵێت: لەئەمڕۆوە هەموومان بەیەکەوە تورکیامان ڕزگار کرد لەدەست ئەم دەسەڵاتە، ئەوەی لە ئیستەنبوڵ ڕوویدا ڕووداوێکی مێژوویی بوو بۆ جەهەپە، چونکە 25 ساڵ پێش ئێستا شارەوانی ئیستەنبوڵی لەدەستدابوو، لەو کاتەوە لەدەست ئەکپارتی یان ئەو پارتانە بووە کە پێشتر ئەکپارتی لێیان جیابووەوە، لەبەرانبەر ئەو سەرکەوتنە جانان کافتانجی ئۆغلو، سەرۆکی جەهەپە لە ئیستەنبوڵ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندووە، زۆر دڵخۆشن بەئەنجامەکان و پیرۆزبایی لە هەر 16 ملیۆن



سەرکەوتن گەیشت و گوتی: هیوادارم ئەم هەڵبژاردنە ببێتە مایەی دەرچوون لەم دەورانە نادادپەروەری و نایاساییە، هەروەها گوتی هیچ میدیایەک ڕێگا پێدراو نەبوو بۆ ڕوومالکردنی کەمپینەکانی هەدەپە و ئەو ئەنجامەی کە ئێستا هەدەپە هێناویەتی لەم دۆخەدا سەرکەوتنێکی گەرورەیە، هەروەها دەشڵێت: ئەمڕۆ سەرکەوتنی گەورەمان دژ بە قەییوم تۆمار کردو سەرکەوتن بەسەر ئەکپارتی و مەهەپە لەم هەڵبژاردنە ڕۆژێکی مێژوویی بوو، چونکە بژاردەیەکی دیموکراسی بوو، جێگەی دڵخۆشییە کە توانیمان بەشداری ئەو شکەستە بکەین. ئەو دەشڵێت: لەئەمڕۆوە هەموومان بەیەکەوە تورکیامان ڕزگار کرد لەدەست ئەم دەسەڵاتە، ئەوەی لە ئیستەنبوڵ ڕوویدا ڕووداوێکی مێژوویی بوو بۆ جەهەپە، چونکە 25 ساڵ پێش ئێستا شارەوانی ئیستەنبوڵی لەدەستدابوو، لەو کاتەوە لەدەست ئەکپارتی یان ئەو پارتانە بووە کە پێشتر ئەکپارتی لێیان جیابووەوە، لەبەرانبەر ئەو سەرکەوتنە جانان کافتانجی ئۆغلو، سەرۆکی جەهەپە لە ئیستەنبوڵ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندووە، زۆر دڵخۆشن بەئەنجامەکان و پیرۆزبایی لە هەر 16 ملیۆن دەنگدان لە تورکیا لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە هاوکاربوون لە سەرکەوتنەکە و دەڵێت: بێگومان پارتەکەمان لەم هەڵبژاردنەدا زیانێشی لێکەوتووە. بەزووترین کات لەو شوێنانەدا پێداچوونەوە دەکەین و لەبارەی کەموکوڕی و هەڵەکانیشمانەوە ڕوونکردنەوەی پێویست دەدەین. هیچ کەس گومانی لەوە نەبێت تێڕوانینی بە تایبەتیکردن، لە بنەڕەتیترین بنەماکانمانەو تا کۆتایی داکۆکی لەو ئیرادەیە دەکەین، کە گەلەکەمان پێی بەخشیوین، بەو وانانەی لە کەموکوڕییەکانمان وەربیدەگرین، خۆمان و شارەکانیشمان پێکەوە بەڕێوەدەبەین".

دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر کوشتنی جەمال خاشقجی

واشنتۆن پۆست: هێشتا ترامپ هیچی نەکردووە و بەڵگەنامەکانی CIA پەردەپۆشکردووە



نووسەر و بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، فرێد ریان گوتارێکی بە ناوی (دوای تێپەڕینی شەش مانگ بەسەر کوشتنی جەمال خاشقجی-دا ترەمپ (هێشتا) هیچی نەکردووە).

ریان لە گوتارەکەیدا کە لە واشنتۆن پۆست بڵاوکراوەتەوە ئاماژەی بەوە داوە کە ڕۆژنامەوانی سعوودی خاشقجی بووەتە قوربانی "پلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراو" کە بە مەبەستی وەرگرتنی بەڵگەی پێویست بۆ ڕایکردنی کارە فەرمییەکانی هاوسەرگیری سەردانی کۆنسوڵخانەی سعوودیەی لە ئیستانبوڵ کردبوو و نووسیوویەتی "نەدەبوو چارەنووسی نووسەری واشنتۆن پۆست، جەمال خاشقجی بەمجۆرە دڵتەزێنە بێت. ئێستا دوای تێپەڕینی نیو ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە ترسناکەدا ئیدی پێویستە هەنگاو بندرێت لەمبارەیەوە". لە گوتارەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوە کە هێشتا تەرمی خاشقجی نەدۆزراوەتەوە و حکوومەتی سعوودیە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە گوتەی پێچەوانەی یەکتری بڵاوکردۆتەوە سەرنجی بۆ ئەوەش ڕاکێشاوە کە ژمارەیەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سعوودیە دوورکەوتوونەتەوە.

لە وتارەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، لەبارەی ڕێکارەکانی هەوالگریی ئەمریکا و کۆنگرێس و تاوانی کوشتنی خاشقجی-یەوە، بەئەرکی خۆی هەستاوە و لە دەقەکەیدا هاتووە: بەڵام حکوومەتی ترەمپ چیرۆکێکی زۆر جیاواز دەنووسێت. بەڕپرسانی کۆشکی سپی، گوتەی ڕەخنەئامێزیان بەکارهێناوە و سزای سووکیان داوە، بەڵام لەبارەی سزادانی سعوودیەوە کارێک نەکراوە. حکوومەتی ترەمپ بۆ دڕێژەدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ جێنشینی سعوودیە، بەڵگەنامەکانی بەردەستیCIA پەردەپۆشکردووە و وەلای ناون. وتارەکە جەختیکردووەتەوە کە وەلام نەدانەوەی پێویستی ترەمپ لەبارەی تاوانی کوشتنی خاشقجی-یەوە، تەنها یاساکانی پێشێلنەکردووە، بەڵکو زیانیشی متمانەبوون بە ئەمریکا گەیاندووە.





(خەبات) تۆمارکارێکی ورد بووە بۆ تێکۆشان و نەبەردی و مەرگەساتەکانی خەڵکی کوردستان

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 51 ساڵەی خەبات)

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی باڵای بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی هەولێر دەکات



دوێنێ سێشەممە 2ی نیسانی 2019 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە تەلاری پەرلەمان، پێشوازیی کرد لە د.سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر و شاندی یاوەری کە پێکهاتبوو لە دکتور و بەڕێوەبەری بەشەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکە.

لە دیدارێکدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دوای بەخێرهێنانی شاندی میوان بۆ پەرلەمانی کوردستان، باسی لە گرنگیی کەرتی تەندروستی و ئەو خزمەتە مرۆڤایەتییەی کە ئەو کەرتە پێشکەشی بە هاوڵاتییانی دەکات کرد و رایگەیاند: "سێکتەری تەندروستی و هەموو ئەو سێکتەرانەی کە پەیوەستن بەژیانی ڕۆژانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەڵای پەرلەمانی کوردستانەوە گرنگن، بەتایبەتی سێکتەری تەندروستی کە تەماسی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ هاوواڵتییان و پەرلەمانی کوردستانیش لێژنەی تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ هەر بەدواداچوونێک و پێشکەشکردنی پڕۆژە، یاخود ڕاپۆرتی لێژنەکان کەپێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بکرێت لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئامانج تێیدا ڕەزامەندیی خەڵک و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بێت دربڕینی ناکات"، جەختیشی لەوە کردەوە پەرلەمانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم لە پرۆسەی چاکسازییدا لە کەرتی تەندروستی و سەرجەم سێکتەرەکانی تردا، هەوڵی جدی دەدات بۆ باشتر ڕێککستنەوەیان بەجۆرێک کە خزمەتی زیاتری خەڵکی کوردستان بکات.

لای خۆیانەوە شاندی میوان وێڕای پیرۆزبایی کردن لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، کورتەیەکیان سەبارەت بەکارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانیان و ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی هاوواڵتییانی دەکەن باسکرد.

کەشناسی: بارانبارین بە شێوەی پچڕپچڕ بەردەوام دەبێت

بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بارانی بەهارە بە شێوەی پچڕپچڕ بەردەوام دەبێت، ئەوەیشی بۆ ئەو شەپۆلە دووروودرێژەی دوو هەفتەی ڕابردوو گێڕایەوە، کە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەی گرتووەتەوە.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێمی کوردستان، ئاشکرایشی کرد، کە ڕۆژی هەینی شەپۆلەکە زیاتر دەبێت و بارانی مامناوەند دەست پێدەکاتەوە، هەتا شەممە و یەکشەممەی دابێت، بەو پێیەی شەپۆلەکە کاریگەری تا هەفتەی داهاتوویش دەبێت. ناوبراو ڕوونیشی کردەوە، کە بارانی بەهارە ماوە ماوە و بە شێوەی پچڕپچڕ و مامناوەند لە هەندێ ناوچەی جیاجیا دەبێت.

هەفتەی داهاتوو لە گەرمیان زەوی دابەش دەکرێ



خەبات/ سەریە یوسف

نیوەڕۆی دوێنێ (بەرزان کریم) بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانیەکانی کەلار کفری و ڕزگاری و بەرپرسی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان و بەرپرسی بەشی زەوی و زاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامدا.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا بەڕێز (بەرزان کریم) ئاشکرای کرد بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە هەر سێ نوسراوی ژمارە (867) و (868) و (869) کە لە بەرواری 2018/2/21 دەرچووە دەست بە دابەشکردنی زەوی دەکەین بەسەر (ڕاگیراوانی سیاسی و ڕزگار بووانی شالاوی ئەنفالەکان لە کوردستاندا) کە لە کۆی (11141) پارچە زەوی لە سنوری کوردستاندا (2259) زەوی لە سنوری ئیدارەی گەرمیان دابەشدەکرێت.

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ئاماژەی بەوەشدا لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو لە هەردوو شارەوانی ڕزگاری و کفری ژمارەی زەوی بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش دەکەین کە ناویان لە سنوری ئەو دوو شارەوانیەدا هەیە.

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی باڵای بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی هەولێر دەکات

خەبات/ سەریە یوسف

نیوەڕۆی دوێنێ (بەرزان کریم) بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانیەکانی کەلار کفری و ڕزگاری و بەرپرسی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان و بەرپرسی بەشی زەوی و زاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامدا.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا بەڕێز (بەرزان کریم) ئاشکرای کرد بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە هەر سێ نوسراوی ژمارە (867) و (868) و (869) کە لە بەرواری 2018/2/21 دەرچووە دەست بە دابەشکردنی زەوی دەکەین بەسەر (ڕاگیراوانی سیاسی و ڕزگار بووانی شالاوی ئەنفالەکان لە کوردستاندا) کە لە کۆی (11141) پارچە زەوی لە سنوری کوردستاندا (2259) زەوی لە سنوری ئیدارەی گەرمیان دابەشدەکرێت.

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا ئاماژەی بەوەشدا لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو لە هەردوو شارەوانی ڕزگاری و کفری ژمارەی زەوی بەسەر ئەو کەسانەدا دابەش دەکەین کە ناویان لە سنوری ئەو دوو شارەوانیەدا هەیە.

کۆمەک و دیاری ب سەر زارۆکێن نەخوشیا ئۆتیزمێ هاتە دابەشکرن

خەبات- سالح محمەد تەیرۆ: ب هەلکەفتا ڕۆژا جیهانی یا نەخوشیا ئوتیزمێ و ڕیزگرتن ل وان نەخوشێن زارۆک و لژێر چاڤدێریا مازن محەمەد سەعید قایمقامێ قەزا ئاکرێ و ب بەرهەڤبونا ڕێڤەبەرێ ڕێڤەبەریا چاڤدێری و گەشەپێدانا جڤاکی ل ئاکرێ و بەرپرس ونڤێنەرێن سازیێن حزبی وحکومی و ڕێککخراوێن جەماوری و پیشەیی ، ڕێڤەبەریا چاڤدێری و گەشەپێدانا جڤاکی ل ئاکرێ و بهەڤکاری دگەل دەزگەهێ خێرخوازی بارزانی وکومەلا ئوتیزمێ ل دهۆک کومەکا دیاری و جل وبەرگ و یاریێن زارۆکان ب سەر هەلگرێن نەخوشێن نەخوشیا ئوتیزمێ هەیی هاتنە پارڤەکرن و ئەڤە ژی بۆ جهێ دلخوشیا وان نەخوشان و ژلایێ کەس وکارێن وانڤە سوپاسیا وان لایەنان کرن ئەوێن کو ئڤ کومەک ودیاری پێشکێشی زاروکێت وان کری کو ئەڤە ژی نیشانی خەمخوی ودلسوزیا وان ب بەرامبەر ئەڤان زاروکێن هەلگرێن ڤێ نەخوشیا درێژ خایەن.



دوو گەڕەکی پردێ چۆڵ کران

بەهۆی زۆریی ڕێژەی باران بارین و بەرزبونەوەی ئاوی زێی بچووک لە شارەدێی پردێی سەر بە پارێزگای کەرکووک، دانیشتوانی دوو گەڕەکی نزیک زێیەکە کە ماڵەکانیان چۆڵ کردووە و ئاواڕە بوون. بەپێی زانیارییەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوو هەر بەهۆی زۆریی بارانبارینەوە ئاو چووەتە نێو چەند ماڵێک لە شارەدێی پردێ.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو دکتۆر سەدرەدین سیان بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو (دکتۆر سەدرەدین سیان) مان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی خزم و دۆست و هاوڕێ و هاوکارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

مۆڵەتی بیناو دابەشکردنی زەوی دابەش دوو و ڕوونکردنەوەیەک

خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار سامان محەمەد بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕوونیکردەوە: دوای دەرچوونی بڕیاری زەوی دابەش دوو لەگەڵ مۆڵەتی بینا کارەکان بەپێی یاساو ڕێنمایی تایبەت بەخۆی ئەنجام دەدرێت دیارە لەسنوری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بەپێی سنوری جوگرافی کارەکان دابەش کراوەتە سەر هەر شەش شارەوانیەکانی ناو هەولێر و پێویستە ئەوانیش بە پێی ڕێککارە یاساییەکان و ڕێنماییەکان کار بکەن بۆ پێدانی مۆڵەتی بینا بە شێوەیەکی گشتی و دابەش دوو و بەو پەڕی بەرپرسیارەتییەوە لەخزمەتی هاوڵاتیاندانە و هەموو کارەکان بەپێی یاسا ئەنجام دەدرێن و مامەڵەی هاوڵاتیانیش هەرگیز دواناخرێت.

ژبەر هیرشێن تورکیا وهەبونا pkkێ

هەژمارەکا هاوڵاتێن گوندێن سنوری ل زاخو جهێن خوە چول دکەن

خەبات- زاخو: هەژمارەکا ئاکنجێن گوندێن سنوری یێن دەڤەرا زاخو جهێن خوە چولکرن ژئەنجامێ هێرشێن بەردەوامێن هێزێن تورکی بو سەر جهێن وان دهەمان دەم ژی دا خەلکێ وان گوندا دخوازێ ژ چەکدارێن PKKێ دکەن کو دەڤەرا وان چول بکەن

ل دوو روژێن بوری دا هەژمارەکا ئاکنجێن گوندێن شەرانش و ئاڤهلێ یێن سنوری ل دەڤەرا زاخو گوندێن خوە چولکرن ژئەگەرێ هێرشێن بەردەوامێن توپخانە وفروکەیێن جەنگی یێن تورکی بو سەر جهێن وان

هاوڵاتیێن ڤان گوندا وەسا ددنە زانین کو هەبونا چەکدارێن pkkێ ل نێزیکی دەڤەرێن وان بویە ئەگەر کو هێز تورکی ب ئاوایەکی بەردەوام و چر دور و بەرێن گوندێن وان بومبە باران بکەن

سالح یوسف هاوڵاتیەکی وێ دەڤەرێ یە دبێژیت " هێرشێن هێزێن تورکی بو سەر دەڤەرا مە ڕوژ بو ڕوژێ چر تر و دژوار تر دبن و ئەڤ چەند دبیتە ئەگەر کو ژیانا خەلکێ ب هەمی شێوەیەکی بکەڤیتە دمەترسیێ دا، ژبەرکو ئەڤ هێرشە بوینە گەف ل سەر ژیانا مە هەتا وی ڕادەی کو ئەم نە شێن ب ئاوایەکی نورمال کارو وبارێن خوە دناڤ ڕەز و باغێن خوە بکەن لەورا خەلک نەچارە جهێن خوە چول بکەن ژبو پاراستنا گیانێ خوە.

هاوڵاتی سەردار سامی دبێژیت : هەبونا چەکدارێن pkkێ ئەگەرێ سەرەکی یێ هێرشێن هێزێن تورکی یە بو سەر دەڤەرێن سنوری و هەروسا چەکدارێن pkkێ ب هیچ شیوەیەکێ ڕەوشا خەلکێ گوندا ل بەرچاڤ ناگرن، بەلکو ئەو ژی ئاریشەیان بو ئاکنجێن دەڤەرێ پەیدا دکەن وهەروسا ڕێگریێ ل ئەنجام دانا کار وبارێن وان دکەن، و ئەڤ چەندە ژهوکارێن سەرەکی یە کو خەلک جهێن خوە چول بکەن، وداخوازێ ژجهێن بەرپرسیار دکەین سنورەک بو هێرشێن هێزێن تورکی وهەبونا چەکدارێن pkkێ ل دەڤەرێن مە بێتە دان .

ژهەژی ئاماژە پێکرنێ یە کو ژبەری نها فروکەیێن تورکیا گوندێن سنوری یێن دەڤەرا زاخو بومبە بارانکرن ودئەنجام دا زیان گەهشتێ خانی ومالیێن هاوڵاتیێن وان دەڤەرا .

لەگەڵ ئەوەی بەنداوەکان پڕ بوون بەڵام هیچ مەترسیەکیان نابێ

بەڕێوەبەری بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان گوتی، شەپۆلی ئەم دواییەی بارانبارین، هیچ مەترسییەکی لەسەر بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان دروست نەکردووە و هەموو بەنداوەکانیش پڕ بوون لە ئاو.

ئەکرەم ئەحمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "شەپۆلی بارانبارینی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو، بووە هۆی ئەوەی هەموو بەنداوە بچووک و گەورەکان سەرڕێژ بن لە ئاو، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی خراپی بۆ سەر بەنداوەکان نەبووە و هیچ مەترسییەکیشی بۆ سەریان دروست نەکردووە".

ئەحمەد گوتیشی، هەر کاتێک بەنداوەکان پڕ بن، ئاوەکە سەرڕێژ دەکات و زیانی نابێت، تەنیا پێویستە ئەوانەی لە دەوروبەری بەنداوەکانن، نزیک نەبنەوە بۆ ئەوەی زیانیان پێ نەگات.

دەشڵێ، بە هۆی ئەوەی بەنداوی دیکەیان نییە، ناتوانن سوود لە ئاوە زیادەکە وەرگرن، بەڵام پلانیان هەیە کە چەندین بەنداوی دیکە دروست بکەن.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ شاندێکی باڵای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر کۆبۆوە



دوێنێ سێشەممە 2019/4/2 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی باڵای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر بەسەرۆکایەتیی د.سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێرو سەرجەم بەڕێوەبەرانی بەشەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکە کرد.

لەدیداریکدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەگرنگی کەرتی تەندروستی کرد لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان و ڕایگەیاند: "پەرلەمانی کوردستان بەگرنگییەوە دەڕوانێتە کەرتی تەندروستی، چونکە بوونی تەندروستییەکی باش و ژینگەیەکی پاک بۆ هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان خواستی ئێمەیە وەکو پەرلەمانی کوردستان و بەنیازین لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانەوە کار بۆ بەهێزبوون و دروستکردنی سیستەمێکی باش و پێشکەوتووی تەندروستی بکەین بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ باشترخزمەتکردنی هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان".

هەر لەدیدارەکەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئاماژەی بەکوالیتیی دەرمان و شێوازی هاوردەکردنی بۆ هەرێمی کوردستان کردو ڕایگەیاند: "بەهەماهەنگیی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێری و بەدواداچوون بۆ پرۆسەی هاوردەکردنی هەموو جۆرە دەرمانێک دەکەین و ڕێگە نادەین دەرمانی خراپ هاوردەی هەرێمی کوردستان بکرێت کە زەرەر بە هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت".

لەلایەن خۆیانەوە شاندی تەندروستی وێڕای پیرۆزبایی‌کردن لە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، سوپاسی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان کرد بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی و بەڵێنیان دا کەلەسەر ئەرکەکانیان بۆ خزمەتکردن بە کەرتی تەندروستی و هاوواڵاتییان بەردەوام دەبن.

هەولێر... لە ڕۆژی جیهانی ئۆتیزم دیاری بەسەر منداڵانی تووشبوو دابەشکرا



خەبات – سەید فەخرەدین: لە دریژەی چالاکییەکانی سەنتەری ئۆتیزم لە هەولێر و بۆ بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی ئۆتیزم، بە ئامادەبوونی د. بەشیر خەلیل حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و نەوزاد هادی پاریزگاری هەولێر، دکتۆر عومەر کەندەری کونسولی کوێت لە هەولێر، نوێنەری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، لقی هەولێری مانگی سووری عێراقی، ژمارەیەک پەرلەمانتاری کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان مەراسیمێک ساز کرا. لە مەراسیمەکەدا د. بەشیر وتەیەکی پێشکەش کرد و لە وتارەکەیدا باسی لە نەخۆشی ئۆتیزم و پێویستی هاوکاری کردنیانی کرد، دواتر نەوزاد هادی پاریزگاری هەولێر لە وتەیەکدا باسی لە گوزەرانی ژیانی توشبووانی ئۆتیزم کرد. دواتر کەمال جەباری سەرۆکی کۆمەڵەی ئۆتیزم سوپاسی ئامادەبوانی کرد بۆ ئامادەبوونیان لە مەراسیمی ڕۆژی جیهانی ئۆتیزم. لە کۆتایی مراسیمەکەدا دیاری و خەڵات بە سەر منداڵانی تووشبووی نەخۆشی ئۆتیزم دابەش کرا.

یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات
XEBAT
ساڵیادی دەرچوونی (خەبات)
بۆنەیەکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخە و
مەغزای مێژوویی لەلای گەلەکەماندا هەیە
(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یادی 51 ساڵەی خەبات)

زیانلێکەوتووانی لافاو قەرەبوو دەکرێنەوە



دەۆک پێک هاتووە بە مەبەستی تۆمارکردنی ئەو هاووڵاتیانەی بەهۆی لافاوەوە زەرەرمەند بوونە و هەر هاووڵاتییەک بەو هۆیەوە زیانی بەر کەوتبێت دەتوانێ سەردانی قایقامیەت، یان لیژنەی پەیوەندیدار بکات بۆ خۆتۆمارکردن، تا ئێستا ژمارەیەک هاووڵاتی ناویان تۆمار کردووە."

شەوی ڕابردوو بەهۆی بارانی بەلێزمە لەنێو سەنتەری شاری دهۆک پردێک هەرەسی هێنا و زیانیش بەر چەند پرۆژە و ماڵی هاووڵاتیان کەوت.

قایمقامی قەزای دهۆک دەشتێت: "ئەو قەرەبووکردنەوەیە هیچ ئەمساڵ بەهۆی بارینی ڕێژەیەکی زۆری باران و هەستانی لافاو زیانێکی زۆری مادەی بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان گەیشت.

قایقامی قەزای ناوەندیی دهۆک ئاشکرای کرد، زیانلێکەوتووانی لافاو قەرەبوو دەکرێنەوە.

جەوهەر عەلی، قایمقامی قەزای دهۆک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "لیژنەیەک لە پارێزگای پەیوەندیی بە قەرەبووکردنەوەیەی حکوومەتی عێراق نییە کە پێشتر پەرلەمانی عێراق بڕیاری دابوو پارەیان بۆ خەرج بکرێت."

جەوهەر عەلی ڕوونی کردەوە: "زیانلێکەوتووان دوای تۆمارکردنی زیانەکانیان، لیژنەی پەیوەندیدار سەردانی شوێنیان دەکەن و خۆیان بڕیار دەدەن بۆ مەزەندەکردنی زیانەکان و دیاریکردنی بڕی قەرەبووەکە، ئێمەیش بەرزی دەکەینەوە بۆ کارگێڕی پارێزگای دهۆک و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان."

ڕێیا سەرەکیا پێنج گوندان هاتیە داخستن

خەبات-ئالان شەهاب: ژبەر هاتنا بارانەکا بهێز ڕێکا سەرەکیا گوندێ "ئاشکا ،درین ،گرمیشان و باجەلێ ئێک ،باجەلێ دوو "سەر ب ناحیا قەسرۆک هاتیە گرتن و ژکارکەفتن دناڤەراستا ڕێکێ دا پرەکا سەرەکی هەرفتیە و وەلاتییێن وان گوندا توشی ئاستەنگێ بووینە. مەهران نێروەی : ڕێڤەبەرێ ناحیا قەسرۆک ب خەبات ڕاگەهاند: ڕێیا گوندێ ئاشکا ئێک ژ وان ڕێکێن گرنگە کو چەندین گوند ب وێ ڕێکێ ڤە گرێدایە مە وەکو ئیدارا قەسرۆک ب هەماهەنگی دگەل ڕێڤەبەریا ڕێک و پرا دهوک ڤەدێن یێن تایبەت بو وێ ڕێکێ هاتینە کرن رەزامەندییێن دەستپێکێ بو هاتیە دان ل سەر بودجەیا پاریزگەها دهوک بتنێ مەزاختنا بکوژمەکێ پارەی یێ مای بەلێ ژبەر وێ قەیرانا نها دەرباز بووی ژبەر وێ چەندێ نەهات بو جێ بە جێ کرن. ناڤهاتی خویاکر کۆ: ئەڤ ڕێیە یا سەرەکی یە ئەم دێ هەموو بزاڤا کەین کو ئەڤ ڕێکە بهێتە دروست کرن.

پێشانگەها سالانە یا شێوەکاری و کارێن دەستی هاتە ڤەکرن



خەبات- سالح محەمەد تەیرۆ: لژێر چاڤدێریا مازن محەمەد سەعید قایمقامێ قەزا ئاکرێ و ب بەرهەڤبوونا خەلیل قادر خان ئاڤدەل ڕێڤەبەرێ ڕێڤەبەریا پەروەردەیا ئاکرێ و بەرپرس و نوێنەرێن سازیێن حزبی وحکومی و ڕێکخراوێن جەماوری وپیشەیی و ماموستا و قوتابیان پیشانگەها سالانە یا شێوەکاری وکارێن دەستی هاتە ڤەکرن ولدور ڤێ چەندێ سالح عەبدولعەزیز بەرپرسێ ڕاگەهاندنا ڕێڤەبەریا پەروەردەیا ئاکرێ بۆ خەبات گوت : هەروەکی یا خویا و ئاشکرایە کو سالانە ڕێڤەبەریا پەروەردەیا ئاکرێ ڕادبیت بڤەکرنا ئەڤان جورە پێشانگەهێن شێوەکاری وکارێن دەستی و ئەڤ سالە ژی مینا هەمی سالان ڕێڤەبەریا پەروەردەیا ئاکرێ و پشکا چالاکییێن قوتابخانا رابوویە ب سەرپەرشتیکرن ئەڤێ پیشانگەها یا شێوەکاری وکارێن دەستی و ب پشکداریا (54) قوتابخانەییێن بنەرەت و ئامادەییێن سەر ب ڕێڤەبەریا پەروەردەیا ئاکرێ کو (43) قوتابخانییێن بنەرەت بوون و (11) قوتابخانەییێن ئامادەیی و بڤەکرنا ئەڤان پیشانگەهان شیانێن قوتابی ژی دیار دبن ل دەست ڕەنگینیا وان چونکە ب سەدان وێنە وکارێن دەستی تێدا تێنە نمایشکرن کو ژلایێ قوتابیانڤە هاتینە دروست کرن و بەرهەڤکرن.

بۆ گەڕانەوەی دەرماڵەکانیان قوتابیانی پەیمانگەی تەکنیکی کەلار گردبوونەوەکیان سازکرد



خەبات/ سەبریە یوسف: دوێنێ قوتابیانی پەیمانگەی تەکنیکی کەلار بۆ گەڕانەوەی دەرماڵەو وەرنەگرتنی پارە لەقوتابیان گردبونەوەیان ئەنجامدا. لەو بارەوە، ڕێباز لەتیف نوێنەرانی قوتابیانی خۆپیشاندەر بە خەباتی ڕاگەیاند" وەک قوتابیانی پەیمانگەی تەکنیکی کەلار گردبونەوەیەکی نارەزایان ئەنجامدا بۆ گەڕانەوەی دەرماڵەکانمان کەبەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕاگیرابوو.

وتیشی، ساڵی 2019 بەساڵی نەمانی قەیرانەکان و نەهێشتنی پاشەکەوت ناسراوە ئیتر دەبێ دەرماڵەکان بۆ بگەڕێنرێتەوە.

ئەوەشی خستەڕوو بۆ قوتابی 50 هەزار و بۆ وەرگرتنی بڕوانامەش 60 هەزار لە قوتابیان وەردەگیرێت دەبێ پارە وەرگرتن کۆتای پێدێت.

هەروەها وەک کچە قوتابییەکی تر بۆ خەبات باسی لەوەکرد " داواکاریمان گەڕانەوەی دەرماڵەیە بۆ ئێمەی قوتابیانی دەرەوەی شار .

نەیشاردوە کرێی هاتوچۆ فشاری خستۆتە سەریان چونکە مانگی 80 هەزار کرێی هاتوچۆ دەدەن کە لە شارۆکەی کفریەوە دێنە کەلار.

هەولێر نرخی کارەبای موەلیدە ئەهلیەکان بۆ مانگی ئادار دیاری کرا

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: ئەندازیار قارەمان مەولود سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی موەلیدە ئەهلیەکان لەپاریزگای هەولێر ڕوونیکردەوە: هەموو مانگێک دوای کۆبونەوەمان لەگەڵ کۆنترۆڵی کارەبا و لیژنەی موەلیدە ئەهلیەکان باس لەو بڕە کارەبایە نیشتیمانیە دەکەین کەبەردەستە تا لەگەڵ کارەبای موەلیدە ئەهلیەکان بە هاوڵاتیانی بدەین بۆ ئەو مەبەستەش خشتەی پێدانی کارەبای موەلیدەی ئەهلیەکان باس لەوە دەکەین کە ئەو شوێنانەی کە کارەبای نیشتیمانیان هەیە لە کاتژمێر (1) نیوەڕۆ تا کاتژمێر یەکی نیوەشەوەو لەکاتی بەیانیانیش لە کاتژمێر 6 و نیو تا کاتژمێر 8ی بەیانیە بەلام ئەو شوێنانەی کە کارەبای نیشتیمانیان نییە لە کاتژمێر 5ی ئێوارە تاوەکو کاتژمێر یەک و نیوی شەو کارەبای موەلیدەیان پێ دەدرێت و نرخی هەر ئەمپێرێک کارەبای موەلیدەیە بە 42 دینارە لەبەرامبەر هەر کاتژمێرێک کارەباو ئەو شوێنانەی کە کارەبای نیشتیمانیان هەبووە 140 بۆ 170 کاتژمێر کارەبایان داوە بە هاوڵاتیان و ئەو شوێنانەی کە کارەبای نیشتیمانیان نەبووە ئەوا موەلیدە ئەهلیەکان 200 تا 230 کاتژمێر کارەبایان بە هاوڵاتیان داوە

لەهەولێر کارگەیەکی بەهارات لەلایەن لیژنەی پشکنین و بەدواداچوون داخرا



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: ئەنوەر کەمال کارگێڕی لیژنەی پشکنین ڕوونیکردەوە: دوێنێ لە چوارچێوەی کارو چالاکیەکانی لیژنەی بەدواداچوونی سەر بە قایمقامیەتی هەولێر بەسەرپەرشتی قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر کە پێکهاتبوو لە پۆلیسی شارەوانی و پۆلیسی ڕێککاری و پۆلیسی هەولێرو هۆبەی ئابووری ئاسایشی هەولێر دوای ئاگادارکردنەوەو گەڕان و پشکنین توانرا کارگەیەکی دروستکردنی بەهارات دابخەن و دەست بگرن بەسەر بڕی 5تەن کەل و پەلی دروستکردنی بەهاراتی ماوە بەسەرچوو دوای پشکنینێکی ورد توانرا ئەو بڕە بەهاراتە لەناو ببرێت و ڕێککاری یاسایش بەرامبەر خاوەنەکەی دەگیرێتە بەر.

لە یادی 60 ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەی خەبات ئافرەتان پەیامی جیاوازیان هەیە




سنتۆبەر سابر



ناسک سەعید



سندوس حسێن



دێکان عەلی

پێویستە رۆژنامەی خەبات هاوکار و پاڵپشتی ئافرەتان بێت سنتۆبەر سابر ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: یادی (60) ساڵەی پڕ لە ئەزموون و خزمەت بە گەلی کورد، لێتان پیرۆزە. کاریگەری و جێپەنجەی رۆژنامەی خەبات لەسەرجەم بواڕەکانی تایبەت بە ژیانی تاکی کورد دیارە بە تایبەت لەو بوار و کایانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئافرەتی کورد هەیە. هیوادارم بەم شێوەیە بەردەوام بێت لە ئایندە زیاتر گرنگی بە ڕۆڵی ئافرەت بدات و رۆژنامەی خەبات هاوکار و پاڵپشت بێت بۆ ئافرەتان بە تایبەت ئێستا کە ئافرەتانی کورد پێیان ناوەتە قۆناغی دیکە لە ڕۆڵ بینین و بەرەوپێشچوونی کارەکانیان و لە زەرورەتی کایەکانی ژیان لە کۆمەڵگاکەمان تا زیاتر بەدیاریکەون و هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن. هەرچەندە ئافرەتان ئێستا لە هەلومەرجی لەبارتر دەژین و کار و جێپەنجەیان دیارە، بەڵام هێشتا ئاستەنگ و ئاریشە هەیە و کاریگەری ماوە لەسەر بەدیارکەوتنی زیاتری توانا کانیان، بۆیە پێویستە هەموو لایەک جدیتر هەوڵی هاوکاری و هەماهەنگی بدەن لە بەرەوپێشبردنی ئافرەتان، چونکە کاریگەری زیاتری لەسەر خودی خێزان و کۆمەڵگا و ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا هەیە. هەستی متمانەبەخۆبوون لە ئافرەتدا و توانا کانی خۆی وادەکات تاکێکی بەسوود و ئەکتیڤ و پر هیوای بۆ کۆمەڵگە لێدەربچێت. لە کۆتایی ئەمە دەبێتە قوتابخانەیەک بۆ ئایندە و باشترکردنی ئاستی تاک لە کۆمەڵگا، لێرەوەش ڕۆڵی دەزگا کانی ڕاگەیاندن بەدەردەکەوێت کە ئەرکیان چەند دژوارە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خێزان و تاکی کورد لەسەر بابەتەکانی تایبەت بە ئافرەت و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگای کوردیدا.

ڕاستگۆیی و دڵنیایی خاڵی سەرەکی سەرکەوتنی ڕۆژنامەیەکەیە ناسک سەعید ساڵیادی

رۆژنامەی خەبات پیرۆز دەکات و دەڵێت: خەبات رۆژنامەیەکە کە توانیویەتی لەڕووی پیشەیی و ئیتیکێتەوە کارە رۆژنامەوانییەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەمەش بۆتە فاکتەری هێشتنەوەی ئەم رۆژنامەیە وەک رۆژنامەیەکی ڕۆژانەی پڕ خوێنەر. ئەگەر وەک خوێنەر و پسپۆرێکی میدیایی لە ڕاپۆرت، هەواڵ و تەواوی بواری جیاوازەکانی رۆژنامەکان بڕوانین، دەتوانین ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین، لەناو ئەو پاشەگەردانییەی کە میدیای کوردی تێیکەوتووە رۆژنامەی خەبات توانیویەتی لە ئاستێکی بەرزی رۆژنامەوانی خوێنەری ئاشنا بکات بە تەواوی ڕەهەندە جیاوازەکانی میدیایی، بەو مانایەی چێژی رۆژنامەی بۆ خوێنەر هێشتۆتەوە، ئەم متمانەیەش هەروا بەسانایی دەستەبەر نەبووە، بەڵکو لەسەر ئەرک و ماندوبوونی ستافەکەی بووە. ئەگەرچی رۆژنامەیەکی حزبییە، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆکارێک بۆ بەموّرک کردنی ئەوواری ڕاپۆرت و نووسینەکانی، بەڵکو هاوسەنگییەکی دروستکردووە لەنێوان هەواڵ و بابەتە جۆراوجۆرەکان. ڕاستگۆیی و دڵنیایی خاڵی سەرەکی سەرکەوتنی ڕۆژنامەیەکەیە. بۆ ساڵی ئایندەی کارکردنیان پێشنیار دەکەم گرنگی زیاتر بدرێت بە پرسی ئافرەت واتە جەختکردنەوە لەسەر ئەو پرسانەی ڕاستەوخۆ تایبەتن بە خێزان و کۆمەڵگە و ئافرەت، ئەگەرچی هەتا ئێستا کارەکانیان لەو بوارانەدا جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام هەوڵ بدرێت فراوانتر کاری لەسەر بکرێت. شانازییە بۆ ستافەکەی کە سەرکەوتن و بەردەوامی ڕۆژنامەی خەبات نیشانەی پێشکەوتنی میدیایی کوردی دەردەخات.

نەتەوەییانە مامەڵەی لەسەر سەرجەم پرس و ڕووداوە سیاسییەکان کردووە سندوس حسێن هەڵەبجەیی چالاکوان لە بواری ئافرەتان و کۆمەڵگای مەدەنی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: سەرەتا پیرۆزبایی لە سەرجەم ئەو ئازیزانە دەکەم کە هۆکاری مانەوە و بەردەوامین بۆ تەمەندرێژی ئەم رۆژنامە خۆشەویستە نەتەوەییە. ئێمەش هیوا دەخوازین تا ژیان مابێت هەمیشە خەبات، خەباتی بەردەوامبێت. خەبات وەک رۆژنامەیەکی سیاسی کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە یەکێکە لە کۆنترین رۆژنامەکانی کوردستان کە بەردەوامە لە دەرچوون و ڕۆژانە دەکەوێتە بەر دیدی جەماوەر و خوێنەرانی. زۆرترین ژمارەی خراوەتە بەر دەست و کە یەکەم ژمارەی لە ٤ی ٤ی ١٩٥٩ دەرچوو، هەر لەسەرەتاوە توانیویەتی هزرێکی باشی نەتەوەیی و سیاسی بڵاوبکاتەوە و سەدان خاوەن قەڵەم لە سەردەمی خۆیدا پێبگەیەنێت و بیاناسێنێ. ئەوەی جێگەی سەرنج و هەڵوێستە لەسەرکردنە دەستخۆشی و ستایشە کە ڕۆژنامەی خەبات کە هەمیشە ڕۆڵێکی ئەکادیمیانە و بە ئەخلاقێکی ڕۆژنامەگەری و نەتەوەییانە مامەڵەی لەسەر سەرجەم پرس و ڕووداوە سیاسییەکان کردووە ئەمەش تەنها لەپێناو پاراستنی یەکپرێزی نێومالی کوردبووە و ئەوەش نیشانەی زیندوویی ئەو ڕۆژنامەیە دەردەخات کە خۆی نەکردۆتە لایەنگری کێشە جیاوازەکان و تەنانەت لە کاتی باری سیاسی ئاڵۆزەکان و بگرە جەنگی ناوخۆشدا خەبات وەک ڕۆژنامەیەکی کوردستانی هەوڵێکی میانڕەویانەی داوە بۆ جوانکردن و باشکردنی ڕەوشی کوردستان و بەلاڕێدا نەبردنی پرسەکان لە پێناو بەرژەوەندی حزبایەتیدا. هەمیشە کاری لەسەر پاراستنی دابونەریتی نیشتمانی کردووە، ڕۆژنامەیەک بووە کە هەرگیز بەکەمی نەیڕوانیوەتە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی لەسەر هەرجۆرە ئایدیایەک بوبێ.

ڕۆژنامەی خەبات دەیان ڕۆژنامەنوسی پێگەیاندووە دێکان عەلی قوتابی زانکۆ لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵیادی ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەرز و پیرۆز بێت یادی دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خەبات، ئەو ڕۆژنامەیەی کە بووە پایەیەکی گرنگ لەبەردەم پێشچوونی ڕۆژنامەگەری کوردی و بە دایکی ڕۆژنامەکان ناسراوە، بەهۆی پێگەیاندنی دەیان ڕۆژنامەنووسی ئازا و بوێر کە ئێستا کاری تێدا دەکەن و لە هەمان کاتدا بووەتە فێرگەیەکی گرنگ کە چەندین ڕۆژنامەنووسی بە توانا پێدەگەیێنیت. ڕۆژنامەیەکە بە درێژایی ئەو ژمارانەی بڵاو دەکرێنەوە لەچەندین بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ... هتد پێک دێت و سەرچاوەکانی هەمیشە سەرچاوەی ڕاستگۆن ئەمەش وایکردووە تا خوێنەران زۆرترین متمانەیان بەم ڕۆژنامە بێت کە ڕۆژانە بڵاودەکرێنەوە، بۆتە یەکێک لە ڕۆژنامە دیار و سەرکەوتووەکانی هەرێمی کوردستان کە بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات.

بۆ زیندووکردنەوەی جلوبەرگی کوردی با واز لە لاساییکردنەوەی پۆشاکی بیانی بهێنین





2 وکۆتایی

ڕیپۆرتاژ/ سەید مەجید بەرزنجی

پۆشاکی کوردی تەنها پۆشاکێک نەبووە، بەڵکو بەڵای کوردەوە پێناسەیەک بووە بۆ کوردایەتی و هەمیشە لەگەڵ ناوهێنانی سیمای پێشمەرگە و ئافرەتی شۆڕشگێری هێناوەتە هزری ئەوانەی کەوا لێی دەدوێن. ئێستا بە پێی بۆچوونی زۆربەی زۆری تاکەکانی کورد پۆشینی جلوبەرگی کوردی تەنها تایبەت کراوە بە ڕۆژانی سەیران و بەهار و نەورۆز. بێشک مانەوەی هەر میللەتێک پەیوەستە بە زیندوو هێشتنەوەی کلتور و هەر بۆیە پێویستە گرنگییەکی زیاتر بەو بابەتە بدرێت. چەند ڕایەک لەو بارەوە وەردەگرین:

غەیدا بێرۆخی ماستەر لەکارگێڕی کار شارەزا لە بواری ستراتیژی کارگێڕی گوتی: نەورۆز سەرەڕای ئەوەی سەری ساڵی کوردییە لەگەڵ دەربڕینی خۆشی و شادی بە شایی و هەڵپەرکێی کوردەواری لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕی جلی کوردی بە گڕوتین دەکەوێت لەلایەن ئافرەتان لەم وەرزەدا زیاتر جلی کوردی دەپۆشرێت لەلایەن ئافرەتان بەم پێیەی کە نەورۆز سیمبولی کوردایەتییە بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆشی خۆیان و شانازیان بەکورد بوونی خۆیان دەربڕن هەڵدەستن بە پۆشینی جلی کوردی. هۆکاری کەمبوونەوەی پۆشینی جلی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ چاوڵێکەری و کاڵبوونەوەی هۆشیاری نەتەوەیی بەدەر لەوەی کە بێئاگاین کە خەریکە وردە وردە پۆشینی جلی ڕەسەنمان لە بیر دەچێتەوەو تەنانەت شێوازەکەشی وەکو خۆی نەماوە. چەندین مۆدیل و شێوازی بەردەکرێت کە شێوازە ڕەسەنەکەی خۆی لەدەستداوە، بەڵام ئەمەش لەدەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکیتر دەگۆڕێت، لە هەندێک لە دەڤەرەکان پۆشینی جلی کوردی وەکو خۆی ماوە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە شوێنیتر زۆر کاڵبووە، بنەماڵەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. بۆ نموونە پەروەردەی دایکانمان و کە ئەوان بەرپرسن لەوەیکە کچەکانیان چۆن فێردەکەن و چ جۆرە پەروەردەیان دەکەن، چونکە ئەوانن لە سەرەتاوە جل بۆ کچەکانیان هەڵدەبژێرن و ئەوان بڕیاردەدەن کە چی بپۆشن هەر ئەو فێرکردنەشە وەکو خوویەک لەگەڵیان دەمێنێت. بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی کوردیش ڕۆل دەگێڕێت. لەم سەردەمەی ئێستاماندا ئەگەر بە جلی کوردی بڕۆین بۆ دامودەزگاکان یاخود بۆ نەخۆشخانە یاخود بۆ بازاڕ بە شێوەیەکی زۆر زەق چاوەکان لەسەری دەبن تانەو تەشەری پێدەکەوێت کە گوایە ئەو هاتووە بۆ هۆڵی ئاهەنگ گێڕان یاخود بۆ ڕایکردنی کاری ڕۆژانە هەر ئەوەش وادەکات ئەوڕۆز کە بۆنەکە تا ڕادەک سیاسی و کلتوری کوردە تێکەڵبووە بە وەرزی جوانی و ژیانەوەی سروشت لە کوردستان و جیهان. پۆشینی جلوبەرگی کوردی لە نەورۆز دا بۆتە نەریتێکی باو لە نێو ئافرەتانی کورد لە هەر شوێنێک بن لەم جیهانە. ئافرەتانی کورد توانیویانە لە نەوروز دا لەگەڵ چەندین ئازار و نەهامەتی کە بەسەریاندا سەپێنراوە ئەم بۆنەیە بەرز و پیرۆز ڕاگرن بە پۆشینی جلە ڕەنگاوڕەنگەکانی کوردی خواردنی تایبەت لە نەوروز دا سەرنجی گەلان ڕاکێشت و ئەم بۆنەیە بکاتە هێمای خوشەویستی، ژیان، خوشی و شادی لە نێو تاکی کورددا و بەتایبەتیش بو نەوەی داهاتوو بێتە نەریتێکی



حەبسە مولود ڕۆژباش

بەکاریدەهێنن بەتایبەتی مندالانی ئێستا وەک گەورەڕەکان حەز بە جلی کوردی دەکەن وەک گەورەکان هەست و سۆز و دڵخۆشی جلی کوردی خۆیان بۆ وەرزی بە هار دەردەبڕن، چونکە لە وەرزی بەهار زیاتر دڵخۆشتر دەبن کە زەوی سەوزاییەکی جوانی هەیە. لە بۆنەکان زیاتر ئافرەت ڕوو لەجلی کوردی دەکەن نەک لە جلی مۆدە چونکە بەهۆی جوانی شێوازەکانی جلوبەرگی کوردی ڕوخسار و سیمای ئافرەتانمان جوانتر دەکات.



شیلان ئاستەیی

کوردستان لەو بارەوە گوتی: جلی نەتەوەیی یەکێک لە کاریگەرترین هێماکانی کلتوری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشە. جلی کوردی لەوانەیە لە ڕواڵەت دا ئاسایی دەربکەوێ، بەڵام خاوەن هێزێکی زۆرە بۆ پێناسەی نەتەوەیی. چونکە هەڵگری پەیامی دیرۆکی و کۆمەڵایەتی و کلتوریشە. پێویستی بە پۆشینی جل و بەرگی کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەستی پێدەکرێ، بەتایبەتی کە کوردستان بەگشتی ڕووبەڕووی تەوژمێکی خێرای گۆڕانکاریبە جۆراوجۆرەکان بۆتەوە. نەورۆز داب و نەریتێکی زۆر کۆن و دێرینە کە ساڵهای ساڵە، لای کوردەکان پێگە و تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە. بە پێی سەرچاوە میژوییەکان کۆنترین جەژنی مرۆڤە لەسەر زەوی. گرنگی پۆشینی جل و بەرگی کوردی لە نەورۆزدا لە دوو ئاراستەوە دێت هەم بازنەیەکگرتنی کوردەکانە لە هەمو پارچەکانی کوردستان، هەم ڕەتکردنەوە و بەڕەنگاربونەوەی زوڵم و زۆرداریە.

شیلان ئاستەیی پاریدەری پزیشکی جونکار لە ولاتی بەریتانیا بەمشێوەیە دوا: نەوروز و بەهار دوو بۆنەی ژیانەوە و ئازادی گەلی کوردن، دەپۆشرێت، بەڵام بە گشتی لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار پتر بایەخی پێدەدرێت، وەرزی بەهار جوانترین وەرزی نوێبوونەوەی سروشتە، هەردووک یادەکانی ڕاپەرین و



کالێ فەتێ وسو

نەورۆز لە مانگی ئادار واتە لە وەرزی بەهاردان، هەموو ساڵ وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی یاد دەکرێنەوە و بەرز دەنرخێندرێن. لە بەر ئەوەیە ئافرەتی کورد بە گرنگی دەزانێت ڕێز لەو بۆنانە بگرێت و بە جلی کوردییەوە ئەو یادانە بکاتەوە و هەمیشە ویستوویەتی جلی کوردی بە شانازییەوە بە گەلانیتر بناسێنێت.

کالێ فەتێ وسو ئەندامی سەنتەری دیراسات و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی

حەبسە مولود ڕۆژباش

بەکاریدەهێنن بەتایبەتی مندالانی ئێستا وەک گەورەڕەکان حەز بە جلی کوردی دەکەن وەک گەورەکان هەست و سۆز و دڵخۆشی جلی کوردی خۆیان بۆ وەرزی بە هار دەردەبڕن، چونکە لە وەرزی بەهار زیاتر دڵخۆشتر دەبن کە زەوی سەوزاییەکی جوانی هەیە. لە بۆنەکان زیاتر ئافرەت ڕوو لەجلی کوردی دەکەن نەک لە جلی مۆدە چونکە بەهۆی جوانی شێوازەکانی جلوبەرگی کوردی ڕوخسار و سیمای ئافرەتانمان جوانتر دەکات.



ئانتۆلۆژی خەبات لە عەقڵی سیاسیی مستەفا بارزانیدا

خەبات بۆ سووژەی کوردی



3

شاهۆ حوسێنی/ فرانکفۆرت-ئەڵمانیا

لە هەر چاخ و سەردەمێکدا، ئایدیا و گوتارەکان خوێندنەوە و بۆچوونێکی تایبەتیان لەمەڕ مرۆڤ هەیە، واتە لەخۆگری ڕوانگەیەک لەمەڕ ئانتۆلۆژی مرۆڤەکانن. بێگومان ئەو ڕوانگە و بۆچوونانە لەئاستی سیاسیشدا ڕەنگ دەدەنەوە. لەسیاسەتی مۆدێرندا، واتە لە ناو ئەندێشەی سیاسی چاخی مۆدێرندا مرۆڤ بوونێکی ناوەندی و تەوەرەیی هەیە، بەو هۆکارە کە ئەساس و بنەمای مۆدێرنیتە و کاکڵ و ناوەرۆکی سەرەکی مۆدێرنیتە مرۆڤە، دەشێ بگوترێت کە مۆدێرنیتە چاخێکی مرۆڤ تەوەرە. مۆدێرنیەی سیاسیش وەک ڕەهەندی سیاسی مۆدێرنیتە وڵامی سیاسی ئەو پرسیارە بنەڕەتییە دەداتەوە کە مرۆڤی سیاسی مۆدێرن کێیە و چییە ؟

دابەشبوونی کوردستان بۆ جارێکی دیکە

هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دابەشبوونی خاکی ئەو وڵاتە لەنێوان دوو گەورە زلهێزی جیهانی بەریتانیا و فەرەنسا و پێکهاتنی وڵاتی عێراق و سووریا و...هتد لەپاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی، بوونە هۆی پارچە پارچەبوونی جارێکی دیکەی بەشێکی کوردستان، بەجۆرێک کە بەشێک لە جوگرافیای کوردستانی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەپاش پێکهاتنی جیۆپۆلەتیکێک بەناوی عێراق خرایە سەر ئەو وڵاتە بەپێی پلانی سایکس-پیکۆ بۆ فۆرمدان بە ڕۆژهەڵاتێکی ناوینی نوێ. ئەگەرچی لە بڕیارنامەی سێڤەردا دابینکردنی مافی کورد لەبەرچاو گیرابوو، بەڵام لە بڕیارنامەی لۆزاندا هەموو هیوا و ئاواتی ناسیۆنالیستە کوردەکان لەناو چوو (هاوار،2006، ل203).

بەرە بەرە لەپاش سەقامگیرتربوونی دەسەڵاتی ساوای پاشایەتی لە عێراق و پشتگوێ خستنی خواست و مافەکانی گەلی کورد لە باشوور کە ئەوکاتە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش بوون خەباتیان بۆ کردبوو، خەبات دژی دەسەڵاتی پاوانخواز کە پشتیوانی نیزامی و سیاسیی بریتانیای لەگەڵدا بوو درێژەی کێشا، دیارە بەشێک لەو خەباتە ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی بوو و بەشێکیشی وەک باکوور بەشێوەی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و هەوڵ بۆ بنیاتنانی تاک و کۆمەڵگایەکی بە ئاگا و وریا و خاوەن لۆژیک و جیهانبینی بوو (کۆچیرا، هەمان، ل-177 179)، بەڵام وێکچووی هەر دوو شێوە خەبات هەوڵ بۆ بنیاتنانی تاک وەک سوژەیەکی سەربەخۆ و خۆبنیاتنەری خاوەن هزر و جیهانبینی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێژمونی شوونасی عێراقێکی پێکهاتوو لەسەر ئەساس و شوونасی عەرەبی بوو، کە وەک سوژە هەوڵی بە ئۆبژەکردنی کورد و بەرهەمهێنانی کوردێکی سترۆکتۆرالی دەدا لەژێر تیشکی شوناس و فۆرماسیۆنی زەینی عەربیدا.

بارزان مەکۆی کوردایەتی

بارزان وەک مەکۆ و ناوەندێکی ئایینی و شێخایەتی بەردەوام لەژێر تیشکی ئەندێشەو ڕێنمایی ئاینییەکان و بە تایبەت ئەندێشەی سۆفیانەی تەریقەتی نەقشبەندی هەوڵی خزمەت، پەروەردە، پێگەیاندن و تێگەیاندنی کۆمەڵگای دەدا، بەتایبەت سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕیفۆرم و چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامدا بووبەهۆی بەربلاوتربوون و هێژمونی زیاتری مەرجەعییەتی بارزان وەک مەکۆیەکی خزمەتگوزاری و پەروەردە. شێخ عەبدولسەلام ئەگەرچی کەسایەتییەکی ئایینی بوو، بەو پییەش چاوەڕوان دەکرا کە نزیکایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی خەلیفەکانی عوسمانی هەبێت، بەڵام بەپێچەوانە هەستی نەتەوەیی و هەستی پێوەندی بە کۆمەڵگا و ناوەندێکی کلتووری، زمانی و ئەرزشیی جیاواز لە عوسمانییەکان کە لەلایەن دەسەڵاتی خەلیفەکانەوە دەچەوساوە، بیری نەتەوەیی لە هەناوی شێخ عەبدولسەلامدا بەتینتر کرد و شێخی هان دا تا پێوەندی بە کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد، هیوا، خۆیبوون، شێخ مەحمود، شێخ عەبدولقادری نەهری و سمایلئاغای شکاک بگرێت، دەشێ بگوترێت کە بە شێخ عەبدولسەلامەوە نەتەوەیی بوون بوو بە هزر و هەستی هێژمون و بەهێزی بارزان وەک مەکۆیەکی جێگای متمانە و باوەڕی کورد. پەرەی هەستی نەتەوەیی تا ئەو جێگایە بوو بە هەستێکی هێژمون کە شیخ عەبدولسەلام ساڵی 1908دەستی بۆ چەک برد و هێرشی نیزامی کردە سەر سوپای عوسمانی، شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بەداخەوە بەهۆی خیانەتی کوردێک کە لەخەودا دەستبەسەر و ڕادەستی تورکەکانی کرد و لەلایەن تورکەکانەوە لەسێدارە درا(گەوهەری، 2017،-15 23) کۆتایی هات. بەڵام بیروهەستی نەتەوەیی بۆ بنیاتنانی خود و سۆبژەیەکی سەربەخۆی کوردی، بارزانی کردە مەکۆی شۆڕش و خەبات بۆ بەرهەمهێنانی خود و سۆبژەیەکی کوردی. ئەندێشە و کردەوەکانی شێخ عەبدولسەلام بەرهەمهێنی دوو کەسایەتیی تیکۆشەری کورد بوو لەناو بنەماڵەی بارزانیدا (شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا). لەسێدارەدانی شێخ هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی فۆرماسیۆن و جیۆپۆلەتیکگەلێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لە دابەشبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەپێی بڕیارنامەی سایکس-پیکۆ سەریان هەڵدا. بارزان لەمەوە بەدوا دەکەوێتە ناو جیۆپۆلەتیکی عێراق و باشووری کوردستانیش دێتە ناو چەمکی سیاسی و خەباتی کورد. لەمەوبەدوا شۆڕشی کورد لە بارزان ڕوو و ئاراستەکەی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق دەبێت و دژی ئەندێشە و ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەبێ کە پێکهێنەر و شوناسی عێراقە. بەو شێوەیە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێتە هەوێن و ڕێکخەری بزاڤی کوردی لە باشوور بە ناوەندێتی بارزان وەک مەکۆیەکی مەعریفی و ڕوانەتی.

بەشێکی کوردستان، بەجۆرێک کە بەشێک لە جوگرافیای کوردستانی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەپاش پێکهاتنی جیۆپۆلەتیکێک بەناوی عێراق خرایە سەر ئەو وڵاتە بەپێی پلانی سایکس-پیکۆ بۆ فۆرمدان بە ڕۆژهەڵاتێکی ناوینی نوێ. ئەگەرچی لە بڕیارنامەی سێڤەردا دابینکردنی مافی کورد لەبەرچاو گیرابوو، بەڵام لە بڕیارنامەی لۆزاندا هەموو هیوا و ئاواتی ناسیۆنالیستە کوردەکان لەناو چوو (هاوار،2006، ل203).

بەرە بەرە لەپاش سەقامگیرتربوونی دەسەڵاتی ساوای پاشایەتی لە عێراق و پشتگوێ خستنی خواست و مافەکانی گەلی کورد لە باشوور کە ئەوکاتە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیش بوون خەباتیان بۆ کردبوو، خەبات دژی دەسەڵاتی پاوانخواز کە پشتیوانی نیزامی و سیاسیی بریتانیای لەگەڵدا بوو درێژەی کێشا، دیارە بەشێک لەو خەباتە ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی بوو و بەشێکیشی وەک باکوور بەشێوەی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان و هەوڵ بۆ بنیاتنانی تاک و کۆمەڵگایەکی بە ئاگا و وریا و خاوەن لۆژیک و جیهانبینی بوو (کۆچیرا، هەمان، ل-177 179)، بەڵام وێکچووی هەر دوو شێوە خەبات هەوڵ بۆ بنیاتنانی تاک وەک سوژەیەکی سەربەخۆ و خۆبنیاتنەری خاوەن هزر و جیهانبینی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێژمونی شوونасی عێراقێکی پێکهاتوو لەسەر ئەساس و شوونасی عەرەبی بوو، کە وەک سوژە هەوڵی بە ئۆبژەکردنی کورد و بەرهەمهێنانی کوردێکی سترۆکتۆرالی دەدا لەژێر تیشکی شوناس و فۆرماسیۆنی زەینی عەربیدا.

بارزان مەکۆی کوردایەتی

بارزان وەک مەکۆ و ناوەندێکی ئایینی و شێخایەتی بەردەوام لەژێر تیشکی ئەندێشەو ڕێنمایی ئاینییەکان و بە تایبەت ئەندێشەی سۆفیانەی تەریقەتی نەقشبەندی هەوڵی خزمەت، پەروەردە، پێگەیاندن و تێگەیاندنی کۆمەڵگای دەدا، بەتایبەت سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕیفۆرم و چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامدا بووبەهۆی بەربلاوتربوون و هێژمونی زیاتری مەرجەعییەتی بارزان وەک مەکۆیەکی خزمەتگوزاری و پەروەردە. شێخ عەبدولسەلام ئەگەرچی کەسایەتییەکی ئایینی بوو، بەو پییەش چاوەڕوان دەکرا کە نزیکایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی خەلیفەکانی عوسمانی هەبێت، بەڵام بەپێچەوانە هەستی نەتەوەیی و هەستی پێوەندی بە کۆمەڵگا و ناوەندێکی کلتووری، زمانی و ئەرزشیی جیاواز لە عوسمانییەکان کە لەلایەن دەسەڵاتی خەلیفەکانەوە دەچەوساوە، بیری نەتەوەیی لە هەناوی شێخ عەبدولسەلامدا بەتینتر کرد و شێخی هان دا تا پێوەندی بە کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد، هیوا، خۆیبوون، شێخ مەحمود، شێخ عەبدولقادری نەهری و سمایلئاغای شکاک بگرێت، دەشێ بگوترێت کە بە شێخ عەبدولسەلامەوە نەتەوەیی بوون بوو بە هزر و هەستی هێژمون و بەهێزی بارزان وەک مەکۆیەکی جێگای متمانە و باوەڕی کورد. پەرەی هەستی نەتەوەیی تا ئەو جێگایە بوو بە هەستێکی هێژمون کە شیخ عەبدولسەلام ساڵی 1908دەستی بۆ چەک برد و هێرشی نیزامی کردە سەر سوپای عوسمانی، شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بەداخەوە بەهۆی خیانەتی کوردێک کە لەخەودا دەستبەسەر و ڕادەستی تورکەکانی کرد و لەلایەن تورکەکانەوە لەسێدارە درا(گەوهەری، 2017،-15 23) کۆتایی هات. بەڵام بیروهەستی نەتەوەیی بۆ بنیاتنانی خود و سۆبژەیەکی سەربەخۆی کوردی، بارزانی کردە مەکۆی شۆڕش و خەبات بۆ بەرهەمهێنانی خود و سۆبژەیەکی کوردی. ئەندێشە و کردەوەکانی شێخ عەبدولسەلام بەرهەمهێنی دوو کەسایەتیی تیکۆشەری کورد بوو لەناو بنەماڵەی بارزانیدا (شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا). لەسێدارەدانی شێخ هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی فۆرماسیۆن و جیۆپۆلەتیکگەلێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لە دابەشبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەپێی بڕیارنامەی سایکس-پیکۆ سەریان هەڵدا. بارزان لەمەوە بەدوا دەکەوێتە ناو جیۆپۆلەتیکی عێراق و باشووری کوردستانیش دێتە ناو چەمکی سیاسی و خەباتی کورد. لەمەوبەدوا شۆڕشی کورد لە بارزان ڕوو و ئاراستەکەی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق دەبێت و دژی ئەندێشە و ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەبێ کە پێکهێنەر و شوناسی عێراقە. بەو شێوەیە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێتە هەوێن و ڕێکخەری بزاڤی کوردی لە باشوور بە ناوەندێتی بارزان وەک مەکۆیەکی مەعریفی و ڕوانەتی.

کاتی تەکاندنی تۆزی شەڕ و بڕەودان بە ڕۆشنبیری پێشمەرگەیە



دڵشاد مەولود

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چوار ساڵی سەختی تێپەڕاند. چوار ساڵی پڕ لە بەرگری و قارەمانێتی. بەرگری نەک تەنیا لە سنوورەکانی کوردستان، بەڵکو لە سەرجەم بەها مرۆڤایەتییەکان و بەرگری لە خودی مرۆڤایەتی. داعش تەنیا هەڕەشەیەک نەبوو، کە یەخەی کوردستانی گرتبوو، بەڵکو بەڵایەک بوو، ئامانجی بوو تەواوی جیهان بکاتە گۆمی خوێن و لە مووسڵ و ڕەقەقەوە هەڕەشەی لە ئەورووپا و ئەمەریکاش دەکرد و هەر بە جددی ببووە هەڕەشەیەکی گەورەی نێودەوڵەتی.



هێزی پێشمەرگە لە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و داعشدا توانی قارەمانانە ئەرکە مێژوویییەکەی خۆی بە وەرەی بەرز و لە ژێر ڕابەرایەتی و فەرماندەیی سەرۆک بارزانییدا جێبەجێبکات.

ئێستا لە قۆناغێکی نوێدایین، قۆناغی دوای شەڕی داعش، هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستی بەوەیە، تەپوتۆزی شەڕ بتەکێنێت و کاتی ئەوەیە ڕیزەکانی خۆی ڕێکبخاتەوە و زیاتر بۆ هەر مەترسییەکی دیکە لە داهاتوو خۆی ئامادە بکات.

یەکێک لەو ئامادەکارییە پێشوەختانەی پێویستە، لەبەرچاو بگیرێت، پرسی ڕۆشنبیری و هۆشیاری پێشمەرگە و بەرزکردنەوەی ئاستی مەعنەوی و ڕادەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری هێزی پێشمەرگەیە.

هۆشیاری و ڕۆشنبیری سەربازی، دەروونی، کۆمەڵناسیانە، مێژوویی و تەنانەت ئابووری و سیاسی بۆ هێزی پێشمەرگە و سەرجەم فەرمانەر و ئەفسەر و تاک بە تاکی پێشمەرگە پێویستە.

چونکە شەڕ ڕاستە چەکی تێدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام چەکی دیکەی کاریگەر هەیە، کە ڕەنگە مەترسییەکانی زۆر زیاتر بن لە شەڕی مەیدانی، ئەویش شەڕی دەروونی و شەڕی فەرهەنگییە، کە دوژمنانی کورد و کوردستان بەردەوام لە ڕێگەی مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاراستەی ڕیزەکانی کۆمەڵگەی کوردیی دەکەن و بە تایبەتیش ئاراستەی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەکەن. بۆ بەرگرتن لەو شاڵاوە فەرهەنگییەی دوژمن، پێشمەرگە تەنیا بە خۆڕۆشنبیرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەتوانێت بەرەنگاری ئەو شاڵاوەی دوژمنان ببێتەوە.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، هێزی پێشمەرگە پێویستی بە گرتنە بەری ڕێککاری گرنگ هەیە. لەوانە:

* کردنەوەی خولی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و دامەزراندنی ناوەندێکی تایبەت بەو جۆرە خولانە.
* دامەزراندنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی تایبەت بە هێزی پێشمەرگە کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بێت بۆ پرسە سەربازییەکان و ستراتیژە ئەمنییەکان.
* دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوەی خولیی تایبەت بە زانستی سەربازی و ڕێکخستن و ڕۆشنبیری پێشمەرگە.
* دامەزراندنی کەناڵی میدیایی تایبەت بە پێشمەرگە، کە ببێتە دەنگ و ڕەنگی پێشمەرگە. هەروەها ببێتە پردی پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و جەماوەری گەل.ئەم ڕێککارانە دەکرێت دەستەبەری ئەوە بکەن لە ڕووی مەعنەوی و دەروونییەوە، هەروەها لە ڕووی ڕۆشنبیری و هۆشیاری گشتییەوە ئاستی پێشمەرگە بەرز بکەنەوە و بە جۆرێک پێشمەرگە ئامادە بێت لە ڕووی فەرهەنگی و دەروونییەوە ڕووبەڕووی هەر شاڵاوێکی دوژمنان ببێتەوە و سەرەنجام بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی پێشمەرگە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ناوبانگی زیاتری پێشمەرگە و ڕۆڵی پێشەنگانەی هەبێت لە کۆمەڵگەدا.



ئێمە چەند بە ڕێزو ستایشەوە یادی ئەو تێکۆشەرانە دەکەینەوە کە خەباتیان دامەزراند، بەهەمان گەورەیی و سوپاس و پێزانینەوە یادی ئەو هەموو ستافانە دەکەینەوە کە نەیانهێشتووە دەنگی گەلی کورد بوەستێ

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 50 ساڵەی خەبات)

خالد ئەحمەد بادی

دوماهیک پەیڤا قازی محەمەد

پێشەوا قازی محەمەد دبێژیت (دەمی من لسێدارەدەدن زور پێ خۆش دبم چونکە ئەوان ب خیانەت ئەز لسێدارەدەدام و وەسا هەست دکەم کو ئەز ب سەرکەفتم چونکە دێ پێلاڤا من هەر ل هنداف وانان بیت ئانکو دێ پێلاڤا من لهنداف دوژمنی بیت و دێ ژوان بلند تر بیت). شۆڕشڤان و سەرکردێ بناڤودەنگێ جیهانێ گیڤارا دبێژیت (ژبو ئاڤاکرنا کومەلگەهەکا نو و وەلاتەکێ بهێز مە پێتڤی ب چ لەیستوک ئانکو بووکێن بچوکا نینە بتنێ سەرێ خو بهەژینن لسەر هەر فەرمانەکێ کو رازیبە بەلکو مە پێتڤی ب هندەک شورەشگێر و خەباتکەرێن چالاک هەیە بتنێ بو بەرژەوەندا وەلاتی کار بکەن دا کو وەلاتی رزگار بکەن وپێش بێخن، لناڤ کوردان ژی ب دهان سەرکردە و خەباتکەر و شۆڕشگێر مە هەنە وهەبوینە کو بتنێ بو کوردستانێ کار کری و بەرژەوەندێن خۆ داینە پشت بەرژەوەندێن گشتی ژبۆ بدەست ڤەئینانا مافێن رەوا بێین کوردان و ئەگەر ب سایا وان خەباتکەران نەبووایە بێگومان ئەو رەوشا نوکە ئەم تێدا نە دبو و، خەباتکەر و شۆڕشگێر و زانا و دلسوزێ گەلێ کورد قازی محەمەد ئێک ژوان خەباتکەران بوویە کو گیانێ خو کریە قوربانی مللەتێ کورد، قازی کوردێ قازی عەلی کوردێ قاسم کوردێ میرزا و ل سالا(1893) ژ بنەمالەکا کوردپەوەر و زەنگین ژدایک بوویە و ژبلی زمانێ دایکێ زمانێن عەرەبی و فارسی و ترکی و فەرنسی دزانین و شارەزایەکا مامناوەندی دزمانێن روسی و ئینگلیزی ژی دا هەبوویە و دەمێ یەکەم قوتابخانە لباژێرێ مهاباد هاتیە دانان قازی محەمەد بەرپرسێ رەوشەنبیری بوو ,بێ خوشتڤی بوو دناڤ خەلکێ خۆ دا چونکە پشتەڤان و هاریکارێ خەلکی بوو ژ هەمی ئالیان ڤە و تا کەفتیە دناڤ پێلێن سیاسەتێ و بتنێ قازی محەمەدی خۆ ل ئاریشە و زولم و ستەما لسەر کوردان هەیی خۆ کریە خودان، قازی چێبە دناڤ رێزێن پارتا خویبونێ و هەمی قۆناغ بوراندین و تاکو قازیێ پێشەوا شیای راگەهاندنا کومارا کوردستانێ بکەت بناڤێ کومارا مهاباد و لگۆرەپانا چوارچرا هاتە راگەهاندن و شیان وەزارەت و دام ودەزگەهان دامەزرینن و ئالایەک بۆ کومارێ دروست کر ئەوژی ئالایێ پیرۆزێ کوردستانێ بوو و یەکەم سوپا بۆ کومارێ دروست کری بناڤێ پێشمەرگە ئەو پەیڤا پیرۆز لوی سەردەمی هاتیە. لێ دیسان دوژمنێن هار و هۆڤ و دڤ بخوین نەشیان ئیرادا گەلێ کورد و سەرکێشیا لەشکەری یا کو بارزانیێ نەمر ل کومارا کوردستانێ دکر نەشیان بشکێنن لەوما مینا هەر جار دوژمنان خو کرنە یەک و بەرژەوەندێن خو پاراستن و هەست ب وێ چەندێ کر کو ئەڤ کومارە مەزن ببیت دێ بیتە مەترسی لسەر وانان و بتایبەت پشتی کوردێن باشوور و رۆژهەلات گەهشتینە ئێک رابوون پیلانەکا مەترسیدار دانان و ئیرانا دوژمن هندەک ژ بەرژەوەندییێن بلندێن ئیرانا وی سەردەمی دانە ئێکەتیا سوڤیەت بەرامبەر وێ چەندێ کو ئەڤێ چریسکا ئاگری بوویە مەشخەلەک بهێز ب تەمرین و ڤەمرین داکو پتر ئەڤ مەشخەلە بهێزتر نەکەڤیت و ڤەگریت و سوپایێ سۆر هێرش کرنەسەر کومارا کوردستانێ و ب ئێک جاری نە هێلا دهبوونێ دا و بارزانییێ نەمر دگەل (500) پێشمەرگێن قەهرەمان پشتی شەرەکێ مەزن و دژوار شیان بچنە روسی و ب مخابنی ڤە قازی محەمەد ژی ل(3\31) لوێ گورەپانێ لسێدارە دا یاکو راگەهاندنا کومارا کوردستانێ لێ کری. لەوما دێ دووبارە پەیڤەکا زێرین و نەمرا قازی بێژم (بو چەند روژەکێن ژیانەکا بێ قیمەتا ڤێ دونیایێ خۆ نەفرۆشنە دوژمنی، چونکە دوژمنی هێچ باوەرپەک لدەڤ نینە) لدوماهیکێ پەیاما من ئەوە ئامۆژگاری و وەسیەتا قازی لبیرا مە هەمیان بیت کو خۆ نەفرۆشنە دوژمنی و بەرژەوەندییێن بلندێن کوردان ب پارێزن، داکو مەژی وەلاتەک و سەروەریەک و سنوورەکێ جوگرافی بێ کوردان هەبیت و ناڤێ وی کوردستان بیت داکو نەبینە نێچیرەکا بساناهی بو دوژمنان، هزار سلاڤ لسەر گۆرا تە بن پێشەوا قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی و هەمی سونبولێن کوردان کو خوین رشتی لسەر ڤی خاکێ پیرۆز.

ئاگاداری
گۆڤاری کۆنترۆڵ کوردستان بزنس کەخاوەنی تۆماری یاسایی سەندیکای ڕۆژنامە نوسانە بە ژمارە٨٣٨ ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ گۆڤاری (ڕەنگەکانی کوردستان -پێکەوە ژیانی نوێ) هەرکەس تێبینی هەیە بفەرموێت پەیوەندی بکات بە
٠٧٥٠١٤٢٢٦٧٤
٠٧٧٠١٤٢٢٦٧٤
لەگەڵ ڕێزدا
***
وون بوون
پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٠٧٧٢٠ بەروار ٢٠١٥/١١/١٢ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ازاد احمد عزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی
***
وون بوون
پسوولەی شارەوانی (١) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٧٩٢٥٠ بەروار ٢٠١٩/١/٢٨ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی بشار علی رشید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی
***
وون بوون
ناسنامەی کۆلێژی پەروەردە قۆناغی دووەم بەشی ماتماتیک بەناوی بەختیار ابراهیم عبدالله وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی
***
وون بوون
ناسنامەی کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی ئینگلیزی بەناوی سروە صباح درویش احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی
***
بەرزەبون
ناسناما ژمارە ٢٦٨ل ١٩/١/٢٠٥ بنافئ کومپانیاسئ دە را کارئ وئ بیناسازی ئەفجا هیفی یە هەرکەسئ ببینت بلا پەیوەندیئ بفئ ژمارئ بکە ت ٠٧٥٠٣١٥٧٠٠٠دگەل سوباسیا.
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : مالو حمد تمر
قدم السيد / عباس حمد تمر طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / علي حسن كريبان
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقوده : نازدار بابير حسن
قدم السيد / بابير حسن علي طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / علي حسن كريبان
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود : وليد علي كسو
قدم السيد / علي كسو رشو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
محكمة تحقيق الشمال
اعلان
الى المفقود :١- سعدو خيرو خديده ٢- عيدي ابراهيم برجس ٣- بلال سعدو خيرو ٤- ريان سعدو خيرو ٥- سعيد خيرو خديده ٦- فيروز خلف حسين ٧- باسكال سعيد خيرو ٨- رواء سعيد خيرو ٩- دلبرين سعيد خيرو ١٠- كاظم سعيد خيرو ١١- خلف خيرو خديده
قدم السيد / برهيم خيرو خديده طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانكم بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتكم تقرر تبليغكم بواسطة صحيفتين محليتين ولكم حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضوركم سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / علي حسن كريبان
***
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی خەبات بڕیاری چەسپاندنی خاوەندارییەتی خانووبەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەندارییەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە ١/٢٦٦٥ لە گەرەکی ٥٦ جدیدە زاب لەڕێکەوتی: ٢٠١٧/٣/٢ وە دەرنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە بەپێی دەسەڵاتەی ماددە (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بێی داوم بریارم دا خاوەندارییەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بەناوی س. شارەوانی طوبزاوە بچەسپێ و ئەم بڕیارەش بەپێی ماددە (٤٩)ی یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژبڵاوبکرێتەوە.
سەرۆکی لێژنەی چەسپاندنی خاوەندارییەتی
داودەریی بەرایی خەبات
***
مديرية الجنسية و الاحوال المدنية لمحافظة اربيل الواقعات
الرقم: ٤٣٢٨
التاريخ: ٢٠١٩/٤/١
اعلان
قدم المواطن (دانا نوری عبدالله) دعوى فى هذه مديريه تسجيل اللقب (برزنجى) فمن لدية اعتراض مراجعه هذه مديرية خلال ١٠ ايام من تاريخ نشره فى الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فى المدعوى وفق احكام المادة ٢٤ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.
عبدالرحمن عزيز شوانى
مدير شؤون الاحوال المدنية اربيل
***
سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢ ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ٩٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەنەکانی پارچە زەوی ژمارە (١٦٠) کەرتی ٧٩/گراو هاوڵاتی (سالار یاسین پیرداود) دەکەینەوە کەوا لیژنەی بریاری (٢٢٢) سالی (١٩٧٧) هەڵدەستێت بە کۆژاندنەوەی پارچە زەوی ئاماژە پێکراو بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە ڕۆژی ٢٠١٩/٥/١٤ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
د.عبدالرحیم عمر مصطفی
سەرۆکی لێژنە
***
سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢ ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ٩٥
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەنەکانی پارچە زەوی ژمارە (١٢٢) کەرتی ١٠/بیرێژ هاوڵاتی (شیرزاد همزە حسین) دەکەینەوە کەوا لیژنەی بریاری (٢٢٢) سالی (١٩٧٧) هەڵدەستێت بە کۆژاندنەوەی پارچە زەوی ئاماژە پێکراو بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە ڕۆژی ٢٠١٩/٥/١٤ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
د.عبدالرحیم عمر مصطفی
سەرۆکی لێژنە
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٠١٢/ش٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/١
جاردان
بۆ/ داواليكراو (سالم عبد محمد) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (اعلام رمزی محمد) داوای ژمارە (١٠١٢/ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نفقە) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ شامك گرد محمد) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٤/١٥, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەر/ طارق حسين كريم
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٤٧٥٤/ش٢٠١٨/٢
ڕێکەوت:٢٠١٩/٢/٢٨
جاردان
بۆ داواليكراو مصطفى محمود المید شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٤٧٥٤/ش٢٠١٨/٢ وە لەبەروای ٢٠١٩/٢/١٨ بڕیاریدا لەسەر (جیابوونەوە) لە هاوسەرەکەت (نهى فواز خظير) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی کورانی عەنکاوە بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادەر/طارق حسين كريم
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٥٦٩
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (نوێژەنکرنا جهێن دەست ئاڤا و سولینا ل نەخوشخانا ئازادی یا فێرکرنێ و نەخوشخانا تەنگاڤیا) (٩) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانیێن بیناسازی ژ پلە ٢ - ٩.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٤/١١
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/٤/١٤)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان يونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٥٧٠
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٣/٣١
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (نوێژەنکرنا ممر و جهێن دەست شووا ل قاتێ دویێ و سیێ (پشکا پەنجەشێریێ) ل نەخوشخانا ئازادی یا فێرکرنێ) (١٠) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانیێن بیناسازی ژ پلە ٢ - ٧.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠١٩/٤/١١
بو زانین سەرئیك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/٤/١٤)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان يونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
دادگای بەرایی هەولێر
جاردان
ژمارە: ٣٣٥٤/ب٢٠١٧/١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٨
داواکار: نیاز عبدالواحد احمد
داواليكراو: خوناو عبدالواحد احمد
شوێنی مولّك: هەولێر – گەرەکی نیشتمان، نزیك قوتابخانەی بابە تاهیر
ژمارە مولّك: ٤٣/٣٩٥ ك ٤٤ وارش
پێکهاتووەکان: ئەم خانووە بابەتی داواییە پێك هاتووە لە ٢ نهۆم لە خوارەوە سێ لەژوورو مطبخ و حمام و مرافق لە نهۆمی سەرەوەش ٢ ژوورو حمام و مرافق لەسەر زووبەری ٨٤م٢ دروستکراوە بەبلوك و چمە تنۆ
زووبەر: ٢٩٨,٦٦م٢
خانووی یەکەم/ چۆلە
خانووی دووەم/ شالّاو خسرۆ ابراهیم خانوی خۆیەتی دەرنا چی
خانووی سێیەم/ کرێچی سلام سلیمان حمدامین کرێی مانگانەی (٢٠٠٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار لە کاتی فرۆشتندا دەرناچێ.
نرخی خەملاندن: ٧١,٠٤٠,٠٠٠ دینار نرخی خانووی یەکەم بابەتی داوا
٧١,٠٤٠,٠٠٠ دینار نرخی خانووی دووەم
٩٩,١٦٩,٦٠٠ دینار خانووی سێیەم
کۆی گشتی: ٢٤١,٢٤٩,٦٠٠ دوو سەدو چل و یەك ملیۆن و دوو سەد و چل و نۆ هەزار و شەش سەد دینار
لەسەر بریار ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣٣٥٤/ب٢٠١٧/١ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ دوای بلاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەشەکانی بێ یان هاوبەش نەبێت یان هاوبەشەکانی نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی کردنی ڕێژەی یاسایی ١٠٪ لە خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادەری یەکەم/مجید سعید برادۆستی
***
ئاگادارکردنەوە لە کۆمپانیای روارا
ئاماژە بە مۆلەتی دەستەی وەبەرهێنانی ژمارە (٢٣) تایبەت بەپرۆژەی (شاری داناس- گوندی روارا)ی تازە لە شارۆچکەی شەقلاوە ئاگادارتان دەکەینەوە بە هۆشداریتان بۆ پابەندبوون بە ناوەرۆکی گرێبەستی واژوور کراو بۆ سەردانی بنکەی فرۆشتنی کۆمپانیا لە هەمان شوێنی پرۆژە لە شەقلاوە بۆ نوێکردنەوەی گرێبەست و پێدانی قیستەکانی دواکەوتوو بە پێچەوانە ناچار هەڵسین بەهەڵوەشانەوەی گرێبەستی ناوبراو بەپێی خاڵەکانی دیاریکراو و هاتوو لە گرێبەستەکەدا کە دەبێت پابەندی قیستەکان بن لەماوەی تەنها (١٥) ڕۆژ لە بەرواری ئەم ئاگادارکردنەوە بەپێچەوانەوە کۆمپانیاکەمان هەڵدەستێت بەفرۆشتنەوەی خانووەکان بۆ کەسانی تر لەبەر ئەوەی دووایین وادەی جێبەجێکردن و تەواوکردنی پرۆژەکە تەنها ٢٤ مانگ دریژکراوەتەوە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان ناچار هیچ خانویەکی ناو پرۆژە بەزەوی بەتاڵ بمێنێتەوە و هاوڵاتیانی کریار پێویستە پابەندی پێدانی قیستەکان بن.
بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای روارا
بۆ وەبەرهێنان و بەلێندەرایەتی گشتی-
سنووردار
هاپێچ:
لیستی ناوەکان
زنجیرە ناوی سیانی خانوو
١- احمد حيدر جميل A٥٧.
٢- ادريس اسماعيل عيسى A. ٢ ٤
٣- اميرة محمد رسول A٠٥.
٤- جميلة شيخة وسو A٦٢.
٥- جنان صالح محمود A٢٣.
٦- دلدار غفور حمدامين A٦٤.
٧- رستم جميل خضر A٣٩.
٨- رشدي صباح نجم الدين A٦٠.
٩- رشدى على قادر A٠٦.
١٠- زكية محمد سعيد A٣٢.
١١- زكية محمد احمد A٨٩.
١٢- سامان عبدالله مولود A٤٦.
١٣- سفر صابر حسين A٢٥.
١٤- سوزان يونس قادر A٣٦.
١٥- شيرزاد جادر نادر A٣٨.
١٦- صابر رشيد صالح A٥١.
١٧- طاهر ابراهيم عبدالله A٧٧.
١٨- طلعت محمد على اسماعيل A٦٧.
١٩- عثمان سعيد وسمان A٥٤.
٢٠- عدنان على قادر A٠٤.
٢١- عصام عبدالرزاق عجيل A٧٣.
٢٢- عصام محمد غفور A٧٦.
٢٣- على رسول صالح A٠١.
٢٤- فضيلة كمر خان اسماعيل A٣٥.
٢٥- فواز على يونس A٢٦.
٢٦- ارسول محمد رسول A١١.
٢٧- انس احمد على مراد A٢٢.
٢٨- اوميد رسول محمد A٣.
٢٩- بازران فارس محمد A٨٠.
٣٠- دلاوەر احمد A٨٠.
٣١- ژاله قادر عبدالكريم A٥٥.
٣٢- رييار احمد محمد A٨٥.
٣٣- زبير محمد انور A٨٨.
٣٤- زكية محمد احمد A٨٩.
٣٥- سەوزە عبدالله عبدالكريم A١٢.
٣٦- عبدالصمد عبدالكريم A٨٧.
٣٧- كاروان برهان صديق A٣٠.
٣٨- كاضمية ملك شاكر A٣٣.
٣٩- كامەران محمود قادر A٠٢.
٤٠- محمد دلير حميد عبدالله A١٧.
٤١- مغديد خالد عبدالله A٢١.
٤٢- مندوب فتاح حسين A٧٠.
٤٣- مياس الياس بدل A٤٠.
٤٤- نەمام واحد مصطفى A٨٢.
٤٥- نجاة طه حسن A٦٨.
٤٦- نورى اسماعيل نورى A٥٠.
٤٧- هاوكار صابر رحمن A٣١.
٤٨- هيمن ابراهيم احمد A٣٤.
٤٩- وجدى صباح نجم الدين A٥٩.
٥٠- ئارام حسين ابوبكر A٠٧.
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٣٦٤/ب٢٠١٨/١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢
جاردان
بۆ/ داواليكراو (ڕێبوار نامق سعيد)
داواکار (جلال حسين مصطفى) داوای ژمارە (٣٣٦٤/ب٢٠١٨/١)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان داواليكراو وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی ٩٤ گولان) لە ٢٠١٩/٣/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٢٢) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
داوەری یەکەم / مجيد سعيد برادۆستی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٩٠٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١
ئاگاداری
بۆ/ بارق موسى علی
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی ئەم بەڕێزە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (عصام سمير مرشاق) کە بڕی (٢١٨,٦٧٥,٩١٥) ملیۆن دیناره. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (IREACH) بۆ دابەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندییەکان/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ ئاکام عباس محمود

ناونیشان/ زیلان

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٤٩٤٩٧٥

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٤٠٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئەرژەنگ) بۆ (بۆ فرۆکەوانی گەشت و گوزار بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٣٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Change) بۆ (بازرگانی گشتی و بازرگانی ئامێری گەیاندنی ئاسمانی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٤٠٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (IREACH) بۆ دابەشکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندییەکان/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ئاکام عباس محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کە لێژنەی بەکرێدان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری هەولێر بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری سۆران و بنکەی گەشت و گوزاری رواندز هەڵدەستێت بە بەکرێدانی زەوی ژمارە (١) کەرتی (٢٦)ی بێخاڵ لە هاوینە هەواری بێخاڵ بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ لەسەر رووبەری (٧٠٠٠)م٢ زەوی بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە (٣٢) ی ساڵی (١٩٨٦) بۆ ئەم مەبەستە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە دەتوانێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری سۆران بکات وە بارمەتەی یاسایی بەرێژەی (٢٠٪) لەنرخی خەملێنراو لەگەڵ خۆیدا بهێنێت کرێی بەکرێدان و بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە و هەر خەرجییەکی تر دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت دوای (٣٠)ی رۆژ لە دەرچوونی ئەم ئاگادارییە زیادکردنی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری هەولێر

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢

ژمارە: ٧٤٨/ت/٢٠١٨

رۆژ: ٢٠١٩/٣/١٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ئاکۆ احمد رحیم

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٨١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتن /٢

ژمارە: ٢١٦٩/ك/٢٠١٨

رۆژ: ٢٠١٩/٣/١٧

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: صباح رسول رحمان

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك/ کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتن /٢

ژمارە: ٢٣٩٤/ك/٢٠١٨

رۆژ: ٢٠١٩/٣/١٧

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: خەڵات عبدالقادر صالح

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢ ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٨) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندیەکان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ك/ سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ شیرین علی حمەسور

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٥

ژمارە: ٢٠٧٤/ك/٢٠١٨

رۆژ: ٢٠١٩/٣/١٧

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سەروەر نورالدین کمال

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردسات) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ بێخاڵ محمد مصطفی

* * *

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە: ٣٧٥/ج/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٢/٢٨

بۆ/ تۆمەتباریی هەڵهاتوو (کامل صابر سعید)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشکاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی (خورمال) بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایەی ئامادەبیت لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٢٨ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی ماددەی ٥/١٠ لەیاسای باری کەسێتی وە بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادەنەبیت دادگایی دەکرێیت بەپاشمەلیی و خۆت بەرپرسیار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسایی بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادەر/ محمد شفیق حمە

* * *

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە: ٢٧٧/ج/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٢/٢٧

بۆ/ تۆمەتباریی هەڵهاتوو (ئەشکان صباح احمد)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشکاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی (جەماوەری هەڵەبجە) بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە نامادەبیت لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٢٤ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان وە بەپێچەوانەوە ئەگەر نامادەنەبیت دادگایی دەکرێیت بەپاشمەلیی و خۆت بەرپرسیار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسایی بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادەر/ محمد شفیق حمە

* * *

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

ژمارە: ٢٩/٧-٣٨١٣

رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٨

ئاگادارییەك لە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردە

کەمکردنەوەی نهێنی

بۆ پرۆژەی دابینکردن و دانانی ئامێر و مادە و شوشەوات بۆ تاقیگەی (کۆلێجی پەروەردە/ بەشی بایۆلۆجی)

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردە پانگهێشتی سەرجەم ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانە دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوەیە هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کەمکردنەوەیە و تایبەتمەندن لەو بوارەدا و مەرجەکانیان تیادایە با سەردانی (زانکۆی سلێمانی/ کەمپی ناوشار/ کۆلێجی پەروەردە/ هۆبەی یاسا) بکات بەمەبەستی وەرگرتنی مەرج و تەندەر ئامادەکراو بەرامبەر بە (٤٢$) تەنها (چل و دو دۆلاری ئەمریکی) کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر، کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

(مەرجەکانی بەشداریکردن):-

١- هیچ تەندەرێك لەدوای کاتی دیاریکراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

٢- پێویستە لەسەر بەشداربووان ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان و پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بۆ ساڵی (٢٠١٩) لەگەڵ خۆیدا بهێنێت لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر.

٣- بارمتەی سەرەتایی بریتیە لە بڵێنامەی نووسراو بۆ دەستبەرکردنی تەندەر.

٤- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە ١٢٠ سەدو بیست رۆژ.

* گەراندنەوەی تەندەرەکان رۆژی (دوو شەممە) بەرواری ٢٠١٩/٤/٢٢ کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی دەبێت بۆ (بەڕێوەبەرایەتی/ گرێبەستەکان) لەهەمان رۆژدا تەندەرەکان ئاشکرا دەکرێن و دەکرێنەوە لە کەمپی زانکۆ سلێمانی (قلیسان) لەسەرۆکایەتی زانکۆ.

پ.ی. دکتۆر رضا حسن حسین

سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١

ئاگاداری

بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای هلبند) لە بەرواری ٢٠١٩/٣/٢٨ کە داوای تۆمارکردنی نامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و ئێستا دانراوە لە (رێگای گوێر) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەو کەسەی پەیوەندی بەمەو بە کەل و پەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بە مەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لە ماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بە دواکەوتوو دادەندرێت تا کاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بەپێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت..

دادنووس/ شوان فوزی زکی

ناو و وەسفەکانی نامێرەکان

S.N	ژمارەی نامێرەکان	جۆری مۆدیلی
	دروستکراوی سوتەمەنی	
	تێبینی و هاوپێچ	توانای کارەبایی

١/ تاوەری پاڵاوتنی نەوتی ڕەش تورکی ٢٠١٦ کارەبا ١٥٠ K.W هێڵی تەواو ٧٠٠ طن

٢- فڕنی کوڵاندنی نەوتی ڕەش تورکی ٢٠١٦ کارەبا A٦٠ چوار بێرنەڕ هێڵی تەواو.

٣- شەش مبادلەی ساردکردنەوەی بەرهەمەکان تورکی ٢٠١٦ کارەبا پاڵەپەستۆی هەوا ٥٠٠ طن ÷ ٦.

٤- دوو فیزلی جیاکردنی بەرهەمەکان تورکی ٢٠١٦ پاڵەپەستۆی هەوا ١٣٠ طن لە ٢٤ سعات.

٥- دە ترۆمپای تێکردنی بەرهەمەکان بۆ ناو خەزانەکان تورکین ٢٠١٦، ٧,٥ × ١٠ K.W.

٦- سێ چلەری ساردکردنەی ئاو تورکی ٢٠١٦ کارەبا ٦٠ × ٣ K.W ئەمپێر + ٣، ٧,٥ K.W.

٧- دوو بۆیلەری هەڵم و بوخار تورکین ٢٠١٨×١٦ کارەبا ١٠ × A٢ طن خەزانی ئاو ٤ پەمپ.

٨- چوار کۆڵۆمی معالجەی گاز تورکین ٢٠١٨ کارەبا ١٠ × ٢ K.W، ٢٠ × ٤ طن.

٩- دوو کۆڵۆمی نەفتا بێ ژمارەن تورکین ٢٠١٨ کارەبا ٢٠ × ٢ K.W، ٦ × ٢ طن.

١٠- چوار دانە کولەری ساردکردنی بەرهەمەکان تورکین ٢٠١٦ بەدەفعی تاوەر کاردەکات.

١١- چوار دانە تێکەڵکردنی مواد بێ ژمارەن تورکین ٢٠١٦، ٧,٥ × ٤ K.W، ٣٠ × ٤ طن.

١٢- ڤیزل نیرگلە جیاکردنی گازو ئاو تورکی ٢٠١٦، ١٠ K.W ٢ طن خزن.

١٣- ٢٣ خەزانی بەرهەمەکانی بێ ژمارەن تورکین ٢٠١٦ کارەبا ٤٠ K.W ÷ ٨٠/٢٣* طن

١٤- خەزانی خەزنی ئاو بێ ژمارە تورکی ٢٠١٦ کارەبا ٢٠ K.W، ٣ هەزار طن.

١٥- دوو خەزانی خەزنی نەوتی ڕەش تورکین ٢٠١٦ کارەبا ٢٠ × ٢ K.W، ٣ هەزار × ٢ طن.

١٦- دوو خەزانی خەزنی قیر بێ ژمارەن تورکین ٢٠١٦ کارەبا ٦ × ٨٠ A، ١٦٠٠ × ٢ طن.

١٧- فلتەری تصفیەکردنی ڕۆن تورکی ٢٠١٦/ ٤٠ A.

١٨- چوار کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارەن ٢٠١٦ کارەبا ٨٠ × A٤.

١٩- سێ کۆڵۆمی قیری ٥٠ طەنی تورکین ٢٠١٦ کارەبا ٤٠ × ٣ K.W بۆیلەری هایدرۆکسید ١٠ × A٣.

٢٠- دوو چلەری ساردکردنی لەوەحدی قیر تورکین ٢٠١٦ کارەبا ٣٠ × ٢ K.W.

٢١- دوو کووری خەزنی قیر گەرم کردن ٢٠١٦ تورکین کارەبا ٥٠ × A٢، ٨٥ × ٢ طن.

٢٢- سێ ڤیزلی واکس جیاکردنی غازو مادەی شەمعیە تورکی ٢٠١٦ کارەبا دەفعی هەوا ١٢ × ٣ طن.

٢٣- بۆیلەری هایدرۆلیای هەڵم و بوخار تورکی ٢٠١٦ کارەبا ٥٠ A هێڵی تەواو.

٢٤- دوو حەوزی خەزنی قیر ١٤٠٠ طن + ٨٠٠ طن تورکی ٢٠١٦، ٦٠ × A٢.

٢٥- خەزانی خەزنی فیوڵ بێ ژمارە تورکی ٢٠١٦، ٨٠ طن، ١٥ K.W.

٢٦- ڤیزلی نیرگلەی گەورە بێ ژمارە تورکی ٢٠١٦ جیاکردنی ئاو و گاز ٣٠ K.W، ٢٥ طن.

٢٧- خەزانی نەفسای نیرگلە بێ ژمارە ٢٠١٦، تورکی ٢٠ طن دەفعی هەوا.

٢٨- خەزانی سلۆپ خەزنی سلۆپ بێ ژمارە ٢٠١٦ تورکی کارەبا ٨٠ A.

٢٩- ١٠ خەزانی نەوتی ڕەش بێ ژمارەن ٢٠١٦ تورکی کارەبا ١٥ ÷ ١٠ K.W.

٣٠- دوو هێڵی تەواوی باج سیستەمی گەرم کردن ٢٠١٦ تورکی ٢٥ × ٢ K.W.

٣١- ئاگر کوژێنەوە سیستەمی تەواو هێڵی تەواو ٢٠١٨ کارەبا ١٣٢ K.W گازو کارەبا ١٤٣,٥K.W .

٣٢- TF٢٥٤DD٢١٣٦١ ٦٠٦٨ فەرەنسی خەزانی ٢٥٠ هەزار لتری.

٣٣- هێڵی تەواوی مەنزومەی تصفیەی ئاو تورکی ٢٠١٨ کارەبا ٨٠/ دوو خزان ٤٠٠٠ × ٢ لتر ئاو.

٣٤- قەپانی کێشانی باری بارهەڵگر تورکی ٢٠١٨، ٧٠ طن.

٣٥- چوار مۆلیدەی کارەبایی گاز ڤالڤۆ سویدی ٢٠١٦ K.V.A ٢٠٠/ تەکسان المانی ٢٠١٨ K.V.A٨٠٠.

٣٦- ستیەم المانی مارسیدس ٦٥٠ K.V.A/ ٢٠١٤ چوارەم المانی مان ٢٠٠٦/ ٦٥٠ K.V.A گاز.

* * *

دادگەها تاوانێن دهۆکێ/١

ژمارە: ١٧٣/ج/٢٠١٩

رێکەفتی: ٢٠١٩/٣/٢٨

ئاگەهداری

بۆ/تۆمەتباری رەفی/کیلان علی حسن

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٧٣/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تۆمارکرن دهوك ب هژمارە ٤٩/٢٠١٨ ل سەر مادەە (٤٤٣) یاسا سزا کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەبێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠١٩/٦/٢ بو دادگەهکرنا تە و بەرونڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمەل دویف یاسایێ.

دادەر: د.عبدالرحمن سلێمان زێباری

* * *

دادگەها بەرایی زاخو

ژمارە: ٩٨/ب/٢٠١٨

رێکەفت: ٢٠١٩/٣/٣١

ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە ٩٨/ب/٢٠١٨ ل ٢٠١٨/٦/١٢ لدور ژناڤبرنا بەهرا/ازالە شیوع) ژ ئاقارێ ژمارە (٣٩٦/٣٢) کەرتێ ٩١ جوار زاخو) کو سەخلەتێ، وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ١٥ ڕۆژادا دەست پێدەکەت ژ ڕوژا دی یا بەلاڤکرنێ د دوو ڕۆژنامێن ڕوژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکدار بیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کۆژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەد ملیۆن دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەشتنا وی ئاقاری بو بکری کۆژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لەسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبهێن قەدانا فەرمی دا ل ڕوژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

سەخلەت:

خانیەك (غربی) دوو قات ل سەر ئاقاری هاتیە ئاڤاکرن قاتێ ئەردی پێکهاتیە ژ چار ژوورێت نڤستنێ و لینانگەهەك و هول و سەرشوو و توالێت و قادرمە (دەرەج) دچیتە قاتێ ئێکێ کو پێکهاتیە ژ سێ ژووڕێت نڤستنێ و سەر شوو و توالێت و قادرمە. و ئاقار ئاڤاکریە ژ بلوکا و چیمەنتێیێ و داگرتیە ژ کونکریتی و ئاسنی و ئاقار دکەڤیتە ل سەر جادەکا سەرەکی ب پانی (٢٠م) ژ لایێ ڕوژ ئاڤە ڕووبەرێ ئاقارێ (٢٩٤)م٢.

دادەر/ احمد حسن خلف

* * *

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	Well Engineer
Direct Supervisor	Senior Drilling Engineer
Department	Exploration and Production (Drilling)
Job Location	Khor Mor / Chamchamal
Document Ref: WE/D/Apr/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities
MAJOR FUNCTIONS Ensures the effective operations of well interventions activities in line with standard safety and HSE regulations.

Primary Duties and Responsibilities
ESSENTIAL FUNCTIONS **Project Planning** 1. Assists the Senior Drilling and Engineer Supervisors in all operational activities. 2. Assists Senior Drilling Supervisor in compiling all morning reports (operation report, HSE reports, mud report, mud logging report, personnel report, and equipment report). 3. Monitors drilling expenditure daily with the goal of drilling the most cost-effective wells possible. 4. Assists the Senior Drilling supervisor in preparing the monthly and final drilling operations reports. 5. Prepares calculations and makes recommendations pertaining to casing, tubing and drill string designs. 6. Plays a key role in the after-action review system, lead section reviews and incorporation of lessons learned to enhance learning efficiency of the organization. 7. Maintains drilling documentation and data. 8. Tracks lost time, flat time and invisible lost time based on benchmarked data. 9. Follow up drilling performance and review drilling parameters to ensure the best performance. 10. Follow up the pressure regime and suggest the best hydraulic and mud weights to avoid loss or kick. 11. Suggest the best BHA to achieve best performance. **Reporting and Communication** 12. Reports to the Senior Drilling Engineer on all issues relating own responsibilities. 13. Exhibits and maintains excellent working relationships with all company staff. **Continuous Improvement of Position** 14. Conducts studies to identify areas for improving facilities on a continuous basis to facilitate the operations. Recommends improvement actions and practices to senior management.

Working and Other Reporting Relationships	
Senior Drilling Engineer	Frequent/daily

Crescent Petroleum

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required
Bachelors or master's degree in Engineering, preferably Petroleum Engineering or equivalent technical field

Minimum Professional Experience Required
Minimum 2 – 4 years of experience in a similar role

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities		
Core Competencies	**Behavioural Competencies**	**Functional Competencies**
• Excellent organizational and planning skills • Excellent communication skills in English (spoken & written) • Commitment to continuous learning • Time management • Ability to work under stress • Trouble shooting, and problem-solving skills required	• Able to take swift and sound decisions in case of emergencies to assure that the safety of personnel is not jeopardized • Well-developed interpersonal skills • Multi-tasking skills • Cultural awareness • Team player • Ability to work with personnel from various backgrounds	• Extensive experience in well well intervention operations Proven track record for operational design, planning and execution for well intervention • Experienced with incident investigations • In-depth understanding of oil and gas production equipment and processes beneficial • Excellent knowledge of MS Office suite

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 09 April 2019.

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, 16th Floor

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is well Engineer, Ref: WE/D/Apr/19)

دادگای کەتنی دهوك
ژمارە: ٤٢٢/ج/٢٠١٩/٢
رێکەفت: ٢٠١٩/٣/٦
ئاگەهداری
بو/دادگەهکریێ پاشملە(میڤان بشیر محمد علی)
ڤێ دادگەهـێ بریاردا ب حوکمکرنـا تـە بەندکرنا سزایی (٦) شەش هەیڤـا ل سەر مادەی ٧ یاسا بەرهنگاربوونا توندو تیژی دژی ئافرەتـان ل پارێزگەها دهوکێ) دوو سەیا ژمارە ٤٢٢/ج/٢٠١٩/٢ ئـەوا هاتیە تومارکرن ل ریڤەبەریا نەهێلانا توندوتیژی دژی ئافرەتـان ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە ٢٠١٨/٣٦٤ تـو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ دوو روژنامێن ناڤخویی و تەمافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بریارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤـا ژ میژوویا ئاگەهدارکرنا تـەو بەروڤـاژی بریارا پاشملە دێ جهـێ بریارا ئامادەبوونـێ گریت.
دادوەر: عصمت کولیك إسماعیل
***
دادگای کەتنی دهوك
ژمارە: ٥٣٦/ج/٢٠١٩/٢
رێکەفت: ٢٠١٩/٣/٢٦
ئاگەهداری
بو/دادگەهکریێ پاشملە(جمیلە علی بکر)
ڤێ دادگەهـێ بریاردا ب حوکمکرنـا تـە بەندکرنا سزایی (سالەکێ) ل سەر مادەی ٧ یاسا بەرهنگاربوونا توندو تیژی دژی ئافرەتـان ل پارێزگەها دهوکێ) دوو سەیا ژمارە ٥٣٦/ج/٢٠١٩/٢ ئـەوا هاتیە تومارکرن ل ریڤەبەریا نەهێلانا توندوتیژی دژی ئافرەتـان ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە ٢٠١٧/٢٣٠ تـو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ دوو روژنامێن ناڤخویی و تەمافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بریارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤـا ژ میژوویا ئاگەهدارکرنا تـەو بەروڤـاژی بریارا ئامادەبوونـێ گریت.
دادوەر: عصمت کولیك إسماعیل
***
دادگەهێ کەتن سێمێل
ژمارە: ٩٥/أ/کەتن/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/٣/٦
ئاگەهداری
بۆ تومەتباری رەڤی/اومید فوزی طه
دەمـێ تـو تومەتبـار دکێشـا ژمـارە (٦٦/ أساس/٢٠١٨) ئـەوا هاتیـە تومارکـرن ل نڤیسـنگەها برایەتـی یـا نەهێلانـا گونەهباریـا لدیـف بەنـدێ (٤٤٦)دگـەل بەندێـن هەڤپشـك ٤٧ و ٤٨ و ٤٩) ژ یاسایا سزا ژ بـەر کـو جهـێ ئاکنجـێ بونـا تـە نەدیـارە بریـار هاتـە دان تـو بهێیە ئاگەهدارکـرن بریـکا بەلاڤکـرن ب دوو روژنامێـن ناڤخویـی، دا ئامادەبـی بەرامبـەر ڤـێ دادگەهـێ سـپێدەهیا روژا ٢٠١٩/٥/٨ بەروڤـاژی ڤـێ چەنـدێ دێ دادگەهکرنـا تـە هێتـە کـرن ب پـاش ملـە (غیابـی) لدیـف یاسـایی.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل
***
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
بەشی نەخشێ بنیاتی
ژمارە: ٨١١/٣٣٤/٣٥/٣٥
رێکەفت:٢٠١٩/٤/١
ئاگەهداری
ل دیـف نڤیسـارا ریڤەبەریـا گشـتی یـا باژێرڤانیـا ل پارێزگەهـا دهوکـێ ژمـارە ٢٧٠٦ ل ٢٠١٩/٣/٣١ یـا پاڵپشـت ب نڤیسـارا ریڤەبەریـا نەخشـەدانانا ئاڤەدانـی ل پارێزگەهـا دهوکـێ ژمـارە ٨٩٦ ل ٢٠١٩/٣/٢٨. سـەروکاتیا باژێرڤانیـا ئاکـرێ ئاگەهـداری کرنـا سـەبارەت بابەتـێ پارچـا ژمـارە ١٤٧٥/١ کەرتـێ ٨٨ اشـکەفتە مغـارە کـو رەگـەزێ وێ پیشەسـازی یەمخـازن مـبردە) لدویـف نەخشـێ بنەرەتـی یـێ ئاکـرێ و ژ بـەر نەگونجاتیـا رەگـەزی وێ دگـەل رەگەزێـن دیتریـن دەرویـەر رەزامەنـدی هاتـە دان لسـەر گهورینـا رەگـەزێ وێ بـو (بازرگانـی) لەومـا هەرکەسـێ پێشـنیارەك یـان بەرهەنگاریـەك هەبیـت بـلا ئاراستـەی سـەروکاتیا باژێرڤانیـا مـە بکـەن د مـاوەی دوهەیڤـا دا ل روژا بەلاڤکرنـا ئاگاهداریـێ.
بلند رضا زبیر
سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ
***
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە: ٢٨/ب/٢٠١٩
روژا: ٢٠١٩/٣/٢٦
ئاگەهداری
بو داوالێکەراو: سالار اکرم سعید/شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە
ئـەم دادگایـە بریاریـدا لـە رۆژی ٢٠١٩/٣/٤ لـە داوای ژمـارە ٢٨/ب/٢٠١٩ ب پێگێریکرنـا تـە ب دانـا قەرەبـوێ ب کوژمـێ (٣,٨٠٠,٠٠٠) سـێ ملیـون هەشـت سـەد هـزار دینـار ژ بـەر کارێ تـە کـری و ئاخفتنێـت کرێـت و پیـس ل فەیسـبوکێ بەلاڤکرینـە بەرامبـەر داواکاری (سـەرۆکێ زانکۆیـا جیهـان-دهـوك زێدەبـاری کاری وی) و دادگەهـێ مافـێ دانـا هەمـێ کوژمـێ مـای قەرەبـوێ دا بـو داوکاری زێدەبـاری کاری وی، ژ بـەر نیشـتەجێبوا تـە نەدیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری تاخـێ کـری باصی/شـورش ل دهـوك ل روژا ٢٠١٩/٣/١٩ بۆیە دادگا بریـاری دا کـە بریارەکـەت پـێ رابگەیەنێـت بـە هـۆی دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە کـە لەهەرێمـی کوردسـتان دەردەچێـت و تـە مافـێ نەرازیبوونـێ و تێهەڵچوونـێ و پێداچوونـەوە هەیـە لەمـاوەی یاسـایی دا و بەپێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلەی بنبـڕ وەردکریـت بەپێـی یاسا.
دادوەر/إبراهیم خشمان گرگری
***
سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
هوبا مولك و ڤـی و زار
١مارە:٧٩٣/٣٣٤/٣٥/٣٥
میژوو: ٢٠١٩/٤/١
ئاگەهداریـا هەڤوەلاتییـن بەرێـز دکەیـن کـو سـەر ئێـك زێدەکرنـا ئاشـکرا یـا هـەی ژ بـو کرێدانـا (گەراجـی ڤەگوهاسـتنا گشـتی ل ئاکـرێ) لسـەر پارچـەك ل ئـەردی بـە شـێوەی مزایـدە بـۆ مـاوەی (١٥) سـاڵ، بۆیـە هەرکەسـێك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە لـە مـاوەی (٣٠) رۆژ دووای بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە کاتژمێـر(١٠)ی سـەر لـە بەیانـی لـە بینـای سـەرۆکایەتی شـارەوانی چوارقورنـە لـە نـاو کۆمەڵگـای فەرمانگـەکان ئامادەبێـت وە بارمتـەی یاسـایی (٢٠٪)ی نرخـی خەمڵێنـدراو لەگـەڵ خۆیـدا بهێنێـت, وە کرێـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادریـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو کەسـەی کـە زیادکردنکـەی بـۆ دەردەچێـت.
سواره فتاح سلیمان / سەرۆکی شارەوانی چوارقورنه
***
وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵو تـوێژینـەوەی زانسـتی
زانکۆی کۆیە
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان
ژمارە/ ١٥٨٤/٢٩/٧
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٨
ئاگاداری
سـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە هەڵدەسـێ بـە فرۆشـتنی (هەنـدێ ئامێـرو کەلوپەلـی کشـتوکاڵی) بەشـێوەی زیادکردنـی ئاشـکرا بـەم مەرجانـەی لای خـوارەوە، جـا هـەر بەڕێزێـك ئـارەزووی بەشـداریکردنی هەیـە بـا لـەرۆژی (سـێ شـەممە)رێکەوتی (٢٠١٩/٤/١٦) کاتژمێـر(١٠:٣٠)ی بەیانـی لەسـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە ئامادەبـێ بەمەبەسـتی بەشـداریکردن لەزیادکردنەکـە، وە ئارەزوومەنـدان بـۆ بەشـداری لـە زیادکردنکـە بۆیـان هەیـە پێـش ئـەم بـەرواره سـەردانی کـۆگای ناوەنـدی زانکـۆ بکـەن بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری زیاتـر و ئاشـنابوون بەلیسـتی نـاوی ئـەو ئامێـرو کەلوپەلانـەی کـە ئامادەکـراون بـۆ فرۆشـتن و وەرگرتنـی وێنەیەکـی ئامادەکـراو بـۆ ئـەم مەبەسـتە.
پ.د. ولی محمود حمد
سەرۆکی زانکۆی کۆیە
مەرجەکان
١-دانانـی بارمتـەی دارایـی بـۆ بەشـداربوون لەزیادکردنەکـە بەبـڕی(٤,٠٠٠,٠٠٠) تەنهـا (چـوار ملیـۆن دینـاری عێراقی)بەشـێوەی نەقـدی لـە بەڕێوەبەرایەتـی دارایـی زانکـۆ بەپێـی پسـولەی وەرگرتن(وصـل قبـچ)
٢- سـەردانی بەڕێوەبەرایەتـی کاروبـاری یاسـایی و پلاندانانـی زانکـۆ بـکات بەمەبەسـتی ناونوسـین لەلیسـتی بەشـداریکردن لـە زیادکردنەکـەو پێویسـتە وێنـەی کۆپـی پسـولەی دانانـی بارمتـە دارایـیـەکان لەگـەڵ خـۆی بهێنـێ.
٣- هـەر بەڕێزێـك خاڵـی (١ و ٢) تەنجـام نـەدات مافـی بەشـداریکردنی نیـە لەزیـاد کردنەکـە.
٤- نرخـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی کڕیـاری بـراوەی زیادکردنەکـە.
٥- ئـەو بەڕێـزەی زیادکردنەکـەی بـۆ دەردەچێـت دەبێـت لەماوە (١٥) رۆژدا لـەدوای دەرچوونـی فەرمانـی زانکۆیـی راسـپاردنەکە کـەل و پـەل و ئامێـرەکان بگوازێتـەوە دەرەوەی زانکـۆ بەپێـی برگـە(١) لەمـادە(٣٦)ی یاسـای فرۆشـتن و بەکرێدانـی مولّەکانـی دەوڵـەت ژمـارە(٢١) سـاڵی (٢٠١٣)ی کارپێکـراو, بەپێچەوانـەوە لـە دوای مـاوەی دیاریکـراو یـان(٣٠) رۆژی دواتـر کرێـی هەڵگرتـن بـۆ هـەر رۆژێـك دواکەوتـن بەرێـژەی(٢/١٪) لەپـارەی فرۆشـتنەکە دەکەوێتـە ئەسـتۆی کرێـاری بـراوە بـۆ مـاوەی (٣٠) (سـی) رۆژ بەگوێـرەی برگـە(٣) لـە مـادە(٣٦)ی یاسـای ئامـاژە بـۆ کـراو لەسـەرەوە.
٦- دوای کۆتایـی هاتنـی پرۆسـەی زیادکردنەکـە لەسـەر کرێـاری بـراوە پێویسـتە بـری پـارەی بارمتـەی کۆتایی(کـە بـڕی پارەکـە لـەدوای پرۆسـەکە دیاریدەکرێـت) لەسـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە دابنێـت تـا گواسـتنەوەی کـەل و پەلـەکان وە دواتـر بـۆی دەگەڕێنرێتـەوە.
٧- بەڕێزانـی یەکـەم و دووەم لەکاتـی نکـۆڵـی یاخـود پاشـگەزبوونەوە لەکرینەکـە ئەسـتەمی یاسـایی دەکەوێتـە ئەسـتۆیان بـە پێـی مـادە(٣٣) ی یاسای(فرۆشـتن و بەکرێدانـی مولّکەکانـی دەوڵـەت) ژمـارە(٢١) ی سـاڵی (٢٠١٣)ی کارپێکـرا.
***
وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵو تـوێژینـەوەی زانسـتی
زانکۆی کۆیە
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان
ژمارە/ ١٥٨٣/٢٩/٧
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٨
ئاگاداری
زانکـۆی کۆیـە هەڵدەسـێ بـە فرۆشـتنی (٥ پێنـج) پـاص کەلـە لیسـتی هاوپێچـدا هاتـوون بەشـێوەی زیادکردنـی ئاشـکرا, جـا ئـەو کـەس و لایەنانـەی ئـارەزووی بەشـداری کردنیـان هەیـە بـا لەرێکەوتـی (٢٠١٩/٤/٢٤) رۆژی چـوار شـەممە کاتژمێـر(١٠:٣٠)ی سـەرلەبەیانی لەسـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە ئامادەبـن بـە مەبەسـتی بەشـداریکردن لەزیـاد کردنەکـە.
پ.د. ولی محمود حمد/ سەرۆکی زانکۆی کۆیە
١- جـۆری ئۆتۆمبیـل/ پـاص نیسـان ژمـارەی ئۆتۆمبیـل/ ٧٤٥ و. خوێندنـی بـاڵا
٢- جـۆری ئۆتۆمبیـل/ پـاص نیسـان ژمـارەی ئۆتۆمبیـل/ ٧٤٧ و. خوێندنـی بـاڵا
٣- جـۆری ئۆتۆمبیـل/ پـاص نیسـان ژمـارەی ئۆتۆمبیـل/٧٤٩ و. خوێندنـی بـاڵا
٤- جـۆری ئۆتۆمبیـل/ پـاص نیسـان ژمـارەی ئۆتۆمبیـل/ ٧٥٠ و. خوێندنـی بـاڵا
٥- جـۆری ئۆتۆمبیـل/ پـاص نیسـان ژمـارەی ئۆتۆمبیـل/ ١٥٧٢٥ و. خوێندنـی بـاڵا
***
سـەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونـەوەی ناوچـەی هەولێـر
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە: ٣٧٥/ب/٢٠١٩/١
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
جاردان
بۆ داوالێکراو عبدالستار اسماعیل محمد
ئامـاژە بـە داوای بەرایـی ژمـارە (٣٧٥/ ب/٢٠١٩/١) کـە تۆمارکرابـوو لەسـەرتان لـە لایـەن داواکار (محمد مصطفـی عبـاس) ئـەم دادگایـە لـە رۆژی ٢٠١٩/٣/٢٥ بـە پاشـملە بڕیـاری دا بەپابەنـد کردنـت بەدانـی بـڕی پـارە (١٤٣٠) هـەزار و چوارسـەد و سـی دۆلاری ئەمریکـی بەرامبـەر بـە (١٧١٦٠٠٠) ملیونێـك و حەفـت سـەد و شـازدە هـەزار دینـار عیراقـی، لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنتان نادیـارە بۆیـە ئـەم دادگایـە بڕیـاری دا بـە پێڕاگەیاندنتـان لـە رێگـای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی، وە ئێـوە مافـی ناڕەزایـی (اعتـراض) و تێهەڵچوونـەوە و پێداچوونەوەتـان هەیـە لـە بڕیـاری پاشـملەی دادگا لـە مـاوەی یاسـای (٣٠) رۆژدا ئەگـەر نـا بڕیارەکـە پلـەی بنبـڕ وەردەگرێـت بەپێـی یاسـا.
دادەوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٣٦٧ /ش/٢٠١٨
رێکەفت/ ٢ /٤ /٢٠١٩
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (جـمان علیـوی محمـد) ل دیـف داخازیـا داواکار (امجـد عبدالرحمـن قاسـم) وکێشـا ژمـارا وێ لسـەری دیار کـری تێـدا داخازیـا (تصدیـق طـلاق) کـری وژبـەر نەدیـار بوونـا جهـێ ئاکنجـی بوونـا تـە بـو دادگەهـێ ل دیـف نڤیسـارا بەربـژارێ (دهوك/کـری باصـی) ئەڤجـا بریـار هاتـە دان کـو ئاگەهداریـا تـە بێتـە کـرن ب رێکـا دوو رۆژنامێـت رۆژانـەدا ئامادەبـن ل بەرامبـەری ڤـێ دادگەهـێ ل روژا ٢٠١٩/٤/١٤ دەمژمێـر نەهـی سـپێدێ وبەروڤـاژی ڤـێ چەنـدێ دادبینـی دێ هێتەکـرن ب پـاش ملـە ل دیـف یاسـایی
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
***
دادگەها بەرایی سێمێلێ
ژمارە/ ١١٣/ب/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢/٤/٢٠١٩
ئاگەهداری
بـۆ داوالیکـەراو (مسـعود صالـح سـعید) شـوێنی دانیشـتنا تـە نەدیـارە داواکار (خالـد حاجـی سـلیم) ل داوای ژمـارا وێ ل سـەری دیارکـری تومارکریـە دژی تـە داوا دکـەت دانـا پـارێ لتـە کوژمـێ (٤٢٨٣٨) دولار امریکـی کـو دبیتـە (٥١٤٠٥٦٠٠) پینجـی ویـەك ملیـون وجـار سـەد وپینـج هـزار وشـەش سـەد دینـار کوژمـێ پـارێ ئەمانـەت دایـە فتـە ژبـەر کـو تـو کوژمـێ پـارەی نـا ڤەگەرینـی ونـە ئامـادەی بـدەی ژبـەر نێشـتەجێبوونا تـە نەدیـارە بەپێـی ئیشـعاری موختـاری تاخـێ میدیـا ل دهـوك یـێ ل روژا ٢٠١٩/٣/٢٦ بۆیـە دادگەهـێ بریـاردا تـە ب ریـکا دوو روژنامـەی ناوخویـی روژانـەدا ئامادەبـن ل بەرامبـەری ڤـێ دادگەهـێ ل روژا ٢٠١٩/٤/١٤ دەمژمێـر نەهـی سـپێدێ وبەروڤـاژی ڤـێ چەنـدێ دادبینـی دێ هێتەکـرن ب پـاش ملـە ل دیـف یاسـایی
دادوەر / ابراهیم خشمان گرگری
***

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	Site Administrator
Direct Supervisor	Drilling Superintendent
Department	Drilling
Job Location	Khor Mor
Document Ref: SA/D/Apr/2019	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Assists the Drilling department in the daily operational and administrative activities. Reports to Drilling Superintendent

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS

ADMIN Support Duties
1. Assists the Drilling department staff in a variety of functions in order to ensure the efficiency and effectiveness of all operational activities within the department.
2. Develops a thorough understanding and appreciation of Admin policies, procedures and practices to ensure preparedness to undertake role responsibilities.
3. Provides support to Drilling team in all cycle of the project execution process such as classifying and distributing project documents.
4. Performs other related duties as assigned by team members such as; preparing requests for operational meetings, travel/hotel arrangement, registering and distributing a variety of documents/mail.
5. Frequent contacts with contracting and service companies in issues relating to planning and execution of resources required.

Documentation and Filing of the HR Database
6. Complies and maintains employee record files and performs data entry as required.
7. Ensures that Administration files and records are maintained in accordance with legal requirements and the company's policies and procedures.

Reporting and Communication
8. Reports to the Drilling Superintendent on all issues relating to Admin work.
9. Maintains and exhibit an excellent working relationship with all Company staff at drilling sites.

Continuous Improvement of Position
10. Identifies and implements improvements and/or modifications to routine work to ensure the highest standards of support to the HR department and the drilling department.

Decision–making Authority
N/A

Crescent Petroleum

Working and Other Reporting Relationships

Drilling Superintendent	Frequent/daily

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required
Bachelor's degree in any field or/higher diploma in Office Administration

Minimum Professional Experience Required
Minimum of 2 to 3 relevant experience in a site administration environment

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioural Competencies	Functional Competencies
• Excellent communication skills, spoken & written in English • Planning & organisational skills • Personal drive & commitment to continues learning • Self-motivated	• Attention to details • Able to work independently with minimal supervision • Ability to work with a variety of diverse situations & people • Teamwork • Integrity	• Basic knowledge of software applications such as word processing and spreadsheets • Advanced PC knowledge with fast typing

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 09 April 2019:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, 16th Floor

OR
Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your e-mail the Job title and Job reference which is Site Administrator, Ref: SA/D/Apr/2019)

پرۆفایل

ئەنجێلا مێرکل
لە فیزیاوە بۆ سیاسەت و کۆشکی سەرۆکایەتی







خەونی ئەنجیلا ئەوە بووە کە ببێتە مامۆستا ، بەڵام بارودۆخی نالەباری ئەڵمانیای رۆژهەڵات بۆتە رێگر لەبەردەم هێنانەدی ئەم خەونە

ئا: هەندرین شێرزاد

زۆرن ئەو کەسایەتیانەی لەسەر ئاستی جودا جودا و لە بواری هەمەچەشندا شوێنپەنجەی خۆیان بەجێ دێڵن . مێژوو پێمان دەڵێ بەشێک لەوانە ئەگەرچی ناویان دەچێتە لیستی رەش و بەهۆی کردەوەکانیان دەکەونە بەر نەفرەتی گەل و میللەتان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەک بەشێک لە مێژوو دەمێننەوە ، لە بەرامبەردا کەسانێکی دیکە دەبنە مایەی خێر و خۆشی و خۆشگوزەرانی بۆ گەل و وڵاتانی خۆیان و جیهانیش ، بۆیە ئەوان هەمیشە وەک نموونەیەک دەمێننەوە و نەوەکانی دوای خۆیان پەند و وانەیان لێ وەردەگرن .

قۆناغەکانی ژیان

ناوی تەواوی ئەنجیلا هورست کاسنەرە و رۆژی 17 ی یۆلیۆی 1954لە شاری هامبۆرگی باکوری ئەڵمانیا لەدایک بووە .

خانەوادەکەی رووی کردۆتە شاری تمبلنی سەر بە ویلایەتی براندنبۆرگ لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات .

باوکی وەک قەشەیەک کاری کردووە لە کلێسایەکی ئەم شارە.

مێرکل کچی خانەوادەیەکی ئاینی بووە و هەمیشە داوای لێ کراوە لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا دەبێ سەرکەوتوو بێ .

بە هۆی پشتگیریی دایکی ، لە قوتابخانە قوتابیەکی سەرکەوتوو بووە و بایەخی زۆری بە فێربوونی زمانی رووسی داوە و لە بابەتی بیرکاریش زۆر زیرەک بووە .

خەونی ئەنجیلا ئەوە بووە کە ببێتە مامۆستا ، بەڵام بارودۆخی نالەباری ئەڵمانیای رۆژهەڵات بۆتە رێگر لەبەردەم هێنانەدی ئەم خەونە .

بەو پێیەی باوکی ئەنجیلا قەشە بوو ، بۆیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی شیوعیەوە گوشاری زۆری خراوەتە سەر ، تەنانەت ئەنجیلا هەوڵی دەدا کاری راستەقینەی باوکی بشارێتەوە .

سالی 1973پەیوندی بە زانکۆی لایبزیگەوە کردووە بە مەبەستی خوێندن لە بواری فیزیا .

لەپاڵ خوێندن و بەمەبەستی یارمەتیدانی خانەوادەکەی ، مێرکل لە یانەیەک کاری کردووە.

لە زانکۆ کەسێک بەناوی ئۆلریش میرکل دەناسێ و لە سالی 1977هاوسەرگیری دەکەن .

سالی 1981لەیەک جیا دەبنەوە .

سالی 1986دەبێتە خاوەنی بروانامەی دکتۆرا لە فیزیا و رووی کردۆتە شاری بەرلین .

تا سالی 1990لە سەنتەری کیمیای فیزیایی لە ئەکادیمیای زانستەکان کاری کردووە .

لەگەڵ یواخیم زاوری هاوسەری ئێستای یەکتر دەناسن ، زاور مامۆستای بواری کیمیایە لە زانکۆی هومبولدت لە بەرلین .

بەرەو سیاسەت

داروخانی دیواری بەرلین کاریگەریی راستەوخۆی هەبوو بۆ ئەوەی میرکل روو بکاتە ژیانی سیاسی ، ئەوەبوو سەرەتا بووە ئەندامی پارتی نەهزەی دیموکراتی ، دواتر بووە وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەڵبژێردراو بە سەرۆکایەتی لوسار دی مایزیر . دواتر ماوەیەک پێش راگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا ، مێرکل روو دەکاتە پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی . دەکرێ بڵێین سەرەتای ژیانی سیاسی مێرکل لە ساتی راگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەردووک ئەڵمانیا دەست پێدەکات ، لەو کاتەوە هیلمۆت کولی راوێژکاری ئەوکاتەی وڵات بایەخی زۆر بە مێرکل دەدات و هەمیشە بە کچە بچووکەکەی ناوی دەبرد ، هەر ئەو کاتەش ئەو بە کچەکەی کول ناونرا .کول وەک باوکی روحیی ئەنجیلا بووە و هەمیشە لەلایەن ئەوەوە پشتگیری کراوە ، ئەگەرچیش ئەو بەتەمەن بچووک بوو بەڵام دوو پایەی گەورەی لە حکومەتەکەی کول پێ سپێردرا ، کە وەزیری کاروباری ئافرەت و وەزیری ژینگە بوون .

یەکەم راوێژکاری ئافرەت

ئەنجیلا مێرکل توانی سوود لە کۆمەڵێک گرفت ببینێ کە ئەو کاتە لەنێو پارتەکەیدا سەریان هەڵدا ، ئەمە هلمۆت کۆلی ناچار کرد لە سەرۆکایەتی پارتەکە بکشێتەوە و زۆربەی سیاسیەکانی دیکەش رازی نەبوون پایەکە وەربگرن ، ئەمە دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ ئەنجیلا ،ئەگەرچیش ئەو پرۆتستانتی بوو بەڵام ئەو بوو بە سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی . دوای ململانێیەکی توند لەگەڵ پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی بە سەرۆکایەتی گیرهارد شرۆیدەر ، ئەنجیلا سەرکەوتنێکی دیکەی وەدەست هێنا و توانی لەگەڵ ئەم پارتەدا رێک بکەوێ سەبارەت پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتیلافی کە خۆی سەرۆکایەتی بکات ، بەمەش ئەنجیلا میرکل بوو بە یەکەم راوێژکاری ئافرەت بۆ ئەڵمانیا .

پێناسەی وڵاتان

مالیزیا

ناوی فەرمی : یەکێتی مالیزیا
کیشوەر : ئاسیا
پێگەی جوگرافی : باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا
پایتەخت : کوالالمپور
رووبەر : 339.750کیلۆمەتر دووجا
ژمارەی دانیشتوان : 22. 662.365ملیۆن کەس
گرنگترین شار: جورج تاون ، پنەنج ، ئیپوە
ئاین: 59%مالاوی (موسوڵمان) ، 32% چینی ، 9%هیندی
دراو: رینجت
زمان : مالاوی ، چینی ، تامیلی ، ئینگلیزی .
رێکەوتی ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان : 17-9-1957





ئەرکی ئێوەو هەموو راگەیاندنەکانە بەرپەرچی ئەو هەوڵە نەزۆکانە بدەنەوە کە کار لەسەر بێ ئیرادەکردن و شکاندنی بڕوابەخۆبوونی تاکی کورد دەکەن

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 58 ساڵەی خەبات)

مانشێت



سکای نیوز :
بەرپرسێکی بااڵی ئیدارەی ئەمەریکا رایگەیاند کە وڵاتەکەی بەنیازە لەم نزیکانە چەند سزایەکی دیکەی ئابووری بەسەر ئێراندا بسەپێنێ .



رۆژنامەی ئەڵمانیا:
لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئۆکرانیا ، ئەکتەرێکی کۆمیدی لە پێشەوەی کاندیدانە .



رۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت :
مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هیوای خواست لە ماوەی چەند مانگێکی داهاتوودا لوتکەی سێیەم لەنێوان ترامپ و کیم یۆنگ ئۆن ئەنجام بدرێ .



فرانس 24:
لە بەرامبەر سووربوونی تورکیا لەسەر کڕینی سیستمی ئێس 400ی رووسی ، ئەمەریکا رادەستکردنی فرۆکەی ئێف 35ی بۆ ئەنقەرە هەڵپەسارد .

بەلەمەکانی کوردستان جێگای مەترسین یان مایەی پێشخستنی کەرتی گەشتیارین؟



نادر روستی
چالاکی جۆراوجۆر زۆرە کە بتوانێت کاریگەری لەسەر راکێشانی گەشتیار هەبێت و کەرتی گەشتیاری پێشبخات، چالاکیەکان کولتووری بن یان سەردەمیانە بن، لە ناو سروشت بن یان لە ناو هۆڵەکان بن، بە کۆمەڵ بن یان بە تاک بن، بە ئامێرەکان بکرێن یان مرۆڤەکان بیکەن گرنگ ئەوەیە گەشتیار رابکێشن و کەرتی گەشتیاری پێشبخەن.

فیستیڤاڵەکان، یاریەکان، کۆنفرانسەکان، پیشانگاکان، کۆنسێرت و چالاکیە هونەریەکان، مەراسۆن و راکردن و هەڵگەران بە چیاکان، وەرزش و جۆرەکانی بە تایبەت یاریی نێودەوڵەتیەکان، ئەسپسواری و پێشبڕکێکان، جۆرەکانی فڕین بە ئاسمان ،بەلەمەوانی و یاری ناو رووبارەکان، گشتیان گرنگن بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و پێشخستنی گەشتوگوزار.

لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک دەریاچەی دەستکرد هەیە، (باوەشاسوار، دەربەندیخان، سیروان، دوکان و ڕانیە، دهۆک، ڕێزان) هەروەها ژمارەیەک رووباری گونجاو بۆیاری و هاتوچۆی بەلەمەوانی هەیە کە دەکرێ بۆ چالاکی گەشتیاری سوودیان لێوەربگیرێت. گەشت کردن بە بەلەم لە ناو دەریاچە و رووبارەکان چێژی زۆر بە سەرنشین و گەشتیار و ئارەزومەندان دەبەخشێ، هەندێکجاریش پێشبرکێی بەلەمەکان، یان فیستیڤاڵی بەلەمەکان و یاریە ئاوییەکان و کەرنەڤاڵ و خۆشی ناو دەریاچەکان بەجۆرێک جوانی دروست دەکەن کە دەبنە مایەی ڕاکێشانی هەزاران گەشتیار, بەلەمەکان بە نمایشە جوانەکانیان خۆشی بە سەرنشین و گەشتیاران دەبەخشن، گەشتیاریش بەدوای کاتی خۆش و ئاسودەی وێڵە، بۆیە ئامرازی بەلەم و جۆرەکانی یاری دەتوانن رۆڵێکی باش لە پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاری ببینن، بەڵام زۆرجاریش دەبنە مایەی مەترسی بۆ گەشتیاران، بۆیە ناکرێ بەبێ ریکخستن و ڕێنمایی و ڕەچاوکردنی سەلامەتی گەشتیاران بەلەم بەکاربهێنرێت، کاتێک بەلەمەکان گونجاو نەبن نەک نابنە مایەی پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاری بەڵکو دەبنە مایەی نیگەرانی بۆ گەشتیاران. بۆیە ناکرێ و نابێ هاوڵاتی و گەشتیار بە بێ مەرجی سەلامەتی ببێتە سەرنشینی بەلەمەکان و یاریان پێبکات. پێویستە گەشتیار پێش سەرکەوتنی بۆ بەلەم خۆی داوای یەلەگی مەلەوانی بکات، دڵنیا بێتەوە لە هەبوونی پەتی ڕزگارکردن ,دڵنیا بێتەوە لە تووندوتۆڵی بەلەم. هۆشیاری هاوڵاتی و گەشتیار باشترین دڵنیاییە بۆ پاراستنی گیانی گەشتیار.

لە ساڵی 2011لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار ڕێنمای بەکارهێنانی بەلەم دەرچووە، بەڵام ڕەنگە وەک پێویست ڕەچاونەکرابن و بەکار نەهێنرابن، ڕەنگە لە هەندێک شوێن چاودێریان بەسەروە نەبێت، بۆیە ئەگەر چاودێری کارگێری نەبێ و هۆشیاری هاوڵاتی و گەشتیار بە هێز نەبێت، بەلەمەکان دەبنە جێگای مەترسی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتی و گەشتیاران.

زبڵ و پاشماوەکان جوانی دەشێوێنن و خزمەتگوزارییەکان سست و لاواز دەکەن



شاناز زیاد*

یەکێک لەو شوێنانەی کە دڵفڕێنی و هەستی مرۆڤ دەبزوێنێ ژینگەیە، زۆر جاریش ژینگە هۆکاری سەرەکییە بۆ لەش ساغی و ئارامی دەروون و چارەسەری زۆربەی نەخۆشییەکان، لە ڕێگەی پارک و سەوزایی دەستکردەوە لە ناوەندی شاری هەولێر ئەو ژینگەیە ڕەخسێنراوە، پارکی شەهید سامی عبدولڕەحمان یەکێک لەو پارکانەیە ڕووبەڕێکی فراوان بە دارودرەخت و سەوزایی داپۆشراوە کە ڕۆژانە سەدان گەشتیار و هاوڵاتی سەردانی دەکەن و کاتەکانی خۆیان تێدا بەسەر دەبەن، هەرچەندە پێشوازی گەرم و خزمەتگوزاری بەردەوام پێشکەش دەکرێ بەڵام بەشێک لە هاوڵاتیان زۆر بێ باکن لە پاراستنی خزمەتگوزاریەکان و جوانیەکانی پارک، فەرامۆشیەکی زۆر لە پاراستن و پاک و خاوێنی و نەشیواندنی جوانی و تێکنەدانی سەوزایی و خزمەتگوزاری بەدیدەکرێت. هەست نەکردنی هەندێ کەس بە بەرپرسیاریەتی لە هەڵسوکەوتی شارستانی بەرامبەر بە شوێنەکان و فڕێدانی پاشماوە خواردینەکانیان و نەخستنە ناو شوێنی تایبەت بە زبڵ، دەبێتە هۆی بۆنی ناخۆش و پیس کردنی ژینگە، یا هەندێ کردار لە لایەن منداڵەکانەوە دەبێتە هۆی لەبار بردنی جوانی و شێواندنی سەوزایی و گول و دارودرەختەکان، خواردنی چەرەزات لە ناو سەوزایی یەکێکی تر لە گرفتەکان. لە ئەنجامی خراپی ڕەفتاری بەشێک لە مرۆڤەکان زیانێکی زۆر بە خزمەتگوزاریەکان دەگات و خەرجیەکی زۆر لە پاکردنەوە و چاککردنەوەش بە هەدەر دەدرێ کە دەبێتە هۆی ستبوونەوەی خزمەتگوزاریەکان.

پێویستە هەر هاوڵاتێک یاخود گەشتیارێک کە سەردانی پارک دەکات، پاک و خاوێنی و داروەرەخت بپارێزێت. مرۆف لە کاتێک تاوانکارە لەسەر ژینگە و لە هەمان کاتیشدا قوربانی ژینگەیە چونکە بەو کارانەی ئەنجامی دەدات ستەم لە خودی مرۆف دەکات، خراپەکاری لە تەندروستی و ژیانی ڕۆژانەیەدا بە دوایدا دێت، ڕەفتاری تاکەکەسی مرۆف لەسەر نەپاراستنی هاوسەنگی ژینگەی ئەنجامی زۆر وێرانکەری هەیە ,وەک فرێدانی پاشەرۆ، درەخت بڕین، فرێدانی پاشماوەکان و چەندان کردارو ڕەفتاری تری نەشیاو.

* ڕاگەیاندنی پارکی شەهید سامی عەبدولڕحمان

پێویستە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بەم هەنگاوە گەشتوگوزار پێشبخات

فۆاد محەمەد نانەکەلی

کوردستان بەهۆی شوێنە جوگرافیاکەی کەتێدا هەڵکەوتووە سروشتێکی زۆر جوان و دڵفڕێنی هەیە، هەڵێکی زۆر باش بۆ پێشکەوتنی گەشتوگوزار ڕەخساوە، کرانەوەی کوردستان بەڕوی دەرەوەو کردنەوەی فرۆکەخانەکان گرنگیەکی ترن بۆ بەرەو کرانەوەی زیاتر بەڕووی کەرتی گەشتیاری، بەڵام چۆن بتوانین زیاتر سەرنجی گەشتیارانی دەرەوە بۆ ناوەخۆی کوردستان ڕابکێشین؟ ئەمە خاڵێکی سەرەکیە لە پێوەرەکانی گەشتوگوزار، بۆ ئەم مەبەستە چەند پێویستیەک هەیە پێویستە بکرێت، لایەنێکی گرنگ لەم بابەتە حکومەتە، ئێستا کوردستان لەسەرەتایی دامەزراندنی کابینەی نوێیە، بۆیە پێویستە لەکاتی دامەزراندنی ئەم کابینەیە ئەولەویەت بدرێتە کەرتی گەشتوگوزار.

کەواتە چ بکرێت باشە؟ وا باشە گرنگترین کار بکرێت ئەویش ئەوەیە، کە گەشتوگوزار بکرێتە وەزارەتێکی سەربەخۆ، لە پاشکۆی وەزارەتی شارەوانی و لە دەستە دەربازبکرێت، چونکە هەموومان گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە کەرتی گەشتوگوزار بەرێرەوێکی تەندروست دەڕوات و دەبێتە سەرچاوەی داهاتێکی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان، دەبینین چەندین دەوڵەت سوودی لەم کەرتە وەرگرتووە بۆتە شادەماری داهاتی وواڵاتەکانیان، کوردستانیش بەو کەش و هەوایە و بەو سروشتە جوانە و بەو کەلەپورە دەوڵامەندەو بەو هەموو شوێنەوارەی هەیەتی دتوانێ هەنگاو بنێین بۆ بونیاد نانی کوردستانێکی بە هێز ,بۆ ئەمەش پێویستە بایەخی زۆر زیاتر بە گەشتوگوزار بدرێت و بکرێتە بابەتێکی نێو دەوڵاتی، بۆ ئەمەش پێویستە کابینەی داهاتو گرنگی تەواو بەم کەرتە بدات و لەکاتی دامەزراندنیدا گەشتوگوزار بکرێتە وەزارەتێکی سەربەخۆ ,کەسانی بە توانا و شایستەی دەرچووی بەشەکانی گەشتوگوزار لە زانکۆ و پەیمانگە و ئامادەیەکانی گەشتوگوزار سوودیان لێوەربگیرێت.

ئەم شوێنە بناسە

چەمی ڕەزان



چەمی ڕەزان 57کم لە بەشی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی و 30کم لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هاوینەهەواری دوکان و 17کم لە ڕێگەی سەرەکی نێوان شاری سلێمانی و هاوینەهەواری دوکانەوە دوورە. چەمی ڕەزان لەناو دۆڵێکی کراوە و فراوان هەڵکەوتووە. ناو دۆڵ و چەمەکە بە دار و درەخت و ڕەز و باخ داپۆشراوە. لە بەشی ڕۆژهەڵاتی چەمەکە ,تافگەی (بافل) لە بەرزایەک دێتە خوارەوە. لە بەردەم تافگەی بافل و دەوروبەریدا هەوارگەیەک لە شێوەی هاوینەهەوار بە دیزاینێکی سەردەمیانە دەیان کەپر و شوێنی پشودانی بۆ دروستکراوە. لە دۆڵی چەمی ڕەزان چەندان ئەشکەوتی سروشتی و میژووی هەیە ,وەک ئەشکەوتی سارا و ئەشکەوتی دوو کون ,ئەشکەوتی ئێزگەی کوردستان ,هەروەها ئەشکەوتی زەرزی میژووی و هەڵکۆڵدراوی قسقاپان دەکەونە هەمان سنوور.

کاتێ ژمارەیان زیاد دەبێت داهاتی گەشتیاریش زیاد دەبێت



بە پێی دوا ئاماری دەستەی گشتی گەشتوگوزار کە پشت دەبەستێت بە زانیاری و ئاماری بازگە و خالە سنووریەکان و فرۆکەخانەکان 243هەزار گەشتیار لە ماوەی 12ئادار تا 22ی ئادای 2019 هاتۆتە هەرێمی کوردستان. بەشی زۆری گەشتیاران لە خوار و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتبوون.

بە ڕێژەی 73٪ لە خوارو ناوەڕاستی عێراق و16٪ لە ئێران و 6٪ لە تورکیا و 5٪ لە وڵاتانی دیکە بووە.

بەراورد بە ساڵی ڕابردوو لە هەمان کات لە 4٪ زیادی کردوە، واتە ساڵی ڕابردوو 234 هەزار گەشتیار بووە و ئەم ساڵ بۆ 243 هەزار زیادی کردووە. ئەگەر هەر گەشتیارێکیش زیاتر لە 3 شەو مابێتەوە و زیاتر لە 300 هەزار دیناری هێنابێتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان ئەوە داهاتی گەشتیاری لەم ماوە کەمە مەزندە دەکرێ زیاتر بێت لە 72ملیار دیناری عێراقی.



یادی شەست ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی
خەبات XEBAT
ژیانێک خەبات و رەنج و زەحمەتی تێدا نەبێت لەرزەتیشی تیادا نابێت، بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ دەبینین بەرهەمی خەباتی (خەبات) و خەباتی تێکڕای میللەتی کوردە
(لە پەیامی سەرۆک بارزانی لە یادی 50 ساڵەی خەبات)

هەولێری پایتەخت گەورەترین فیستڤاڵی رەنگەکان لە ئامێزدەگرێت

ئامادەکردنی: سەرهەنگ نەجمەدین

رۆژی هەینی لەپارکی ئەکادیمی عەنکاوەی شاری هەولێر کاتژمێر 11ی سەر لەبەیانی فیستیڤاڵی رەنگەکان بۆ ئاوەزوومەندان و وەرزش دۆستان بەڕێوەدەچێت، فیستیڤاڵەکە ماوەی دوو رۆژ دەخایەنێت و تیایدا چەندین نمایشی جۆراو جۆری هونەری و وەرزشی تێدا پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵەکە دارین حوسێن عەلی لەبارەی بەڕێوەچوون وسازدانی فێستیڤاڵەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان ئەمساڵ بەشێوەیکی ڕێکوپێک بەهاوکاری و سپۆنسەری کەنالی ئاسمانی نێت تی ڤی و کۆمپانیای بابیلۆن میدیا خۆمان بۆ سازدانی فیستیڤاڵی ڕەنگەکان ئامادە کردووە کەتیایدا چەندین نمایشی جۆراو جۆری هونەری و وەرزشی پێشکەش دەکرێت، بێگومان فیستیڤاڵی ڕەنگەکان بەبەراورد پارسااڵ زۆر جیاوازە، هەرگیز لەفیستیڤاڵەکەدا شتی چاوەڕواننەکراو و نەبیستراو پێشکەشی ئامادەبووانان دەکەین کە سەرنجی هەموولایەک بۆخۆی رابکێشێت، لێرەدا ناماەوێ باسی جۆرەکانی نمایشی نێو فیستیڤاڵەکە بکەم تاکاتی دەستپێکردنی دێت و خۆتان بەچاوی خۆتان ئەو کات دەبینن چ جۆرە شتێکی دڵخۆش و پڕ سەرنج ڕاکێش و نەبیندراو بۆ بەشدارببوان و ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکە ئامادەکراوە، لەهەمان کاتدا هیوامان زۆرە تاڕادەیەکی زۆر باش لەکارەکانمان سەرکەوتووبین.

هەر لەبارەی فرۆشتی پلێتی هاتنە ژوورەوەی نێو پارکەکە بەڕێز دارین حوسێن بۆ ئەم مەبەستەش گوتی: تائێستا زیاتر لە7 هەزار پلێت فرۆشراوە ، هەمیشە واپێشبینی دەکرێت هێشتا ژمارەکانی فرۆشتی پلێت ڕوو لەزیاتر بوون بکات، بەڵام تا بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵەکە ناتواندرێت ژمارەی بەشدابووانان هەژمار بکرێت.

ئەو ئەندامە لەبارەی بەشداریکردنی فرۆکە و فڕیدانی ڕەنگی جۆراو جۆر لەئاسمانەوە بۆ سەر ئەرز بۆ ئەم مەبەستەش گوتی: بەڵێ، لەبەرنامەدایە لەکاتی بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵەکە بەبەشداری چەند فرۆکەیەکی هەڵی کۆپتەر لەئاسمانەوە چەند نمایشێکی جوان ئەنجام دەدەن کەدەبێتە مایەی خۆشحاڵی سەرجەم ئامادەبووان.


ئەو ئەندامە لەدرێژەی قسەکانیدا زیاتر گوتی: ئاگاداری سەرجەم بەشداربووەکانمان کردووە لەکاتی دەستپێکردنی فێستیڤاڵەکە پێویستە هەر هەمووان دڕێسی سپی لەبەر بکەن بەیەک شێواز و بەیەک ستایل لەنێو پارکەکە دەرکەون، ئەوەی پێچەوانەی ڕێنماییەکان بێت ڕێگانادەین بەشداری بکات، هەروەها تەوڕێکی گرینگیش هەیە پێویستە باسی بکەم کە هەموو تەمەنێک واتە گەورەو بچووک دەتوانێ بەشداری لەفێستیڤاڵەکە بکات بەبێ جیاوازی تەمەن لەهەردوو ڕەگەز.

ڕیپۆرتسۆن

ژمارەیەکی نایابی تۆمارکرد

ماڵپەڕی سکواکای تایبەت بە ژمارەو ئاماری تۆپی پێ ژمارەیەکی سەبارەت بە یاریزانی ئەستێرەی لیگەربوول ڕۆبێرتسۆن لەیاری ڕابردوویان بەرامبەر تۆتنهام بڵاوکردەوە. لەو یارییەدا یانەی لیگەر توانی بەنرختترین سەرکەوتن لەسەر حیسابی یانەی لەندەنی لەسەر یاریگای ئانفیڵد تۆمار بکات.

کە لەچوارچێوەی گەڕی 32ی خولی ئینگلیزی بوو. بەمەش سەرکردەی هەڵبژاردەی ئوسکوتلەندا بووە یەکەمین یاریزان لەمێژووی لیگەربوول بتوانێت لەیەک وەرزدا 9گۆڵ لەخولی ئینگلیزی دروست بکات. کە تازە لەتەمەنی 25ساڵیداو تەنها ئیدین هازاردی ئەستێرەی یانەی چێلسی بە دروستکردنی 11گۆڵ و ریان فریدر بە 10دروستکردن لەپێش ئەودان. هێرشبەری نێودەوڵەتی بەرازیلی ڕۆبێرتۆ فێرمینهۆ توانی گۆڵی یەکەمی لیگەربوول تۆمار بکات، بەر لەوەی هاوڵاتییەکەی لۆکاس مۆرا ئەنجامەکە بۆ تۆتنهام یەکسان بکاتەوە، بەڵام لەدوا ساتی یارییەکەدا بەرگریکاری بەلژیکی تۆبی ئالدەرفیڵد بەهەڵە تۆپی خۆی هەژاند و 3خاڵی یارییەکەی دەستەبەرکرد.



فوتسااڵی پەروەردەی کەلار بووە پاڵەوانی پەروەردەکانی هەرێم



کارزان کانەبی

لە شاری هەولێر لە هۆڵی داخراوی کۆمەڵگەی شەهید فاخیر میرگەسۆری بە ئامادەبوونی بەکر کەریم حەسەن بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی کۆتایی هات بە یارییەکانی پاڵەوانیەتی فوتسالی پەروەردەکانی هەرێم کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش و هونەر بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی فوتسال لە ناوەندەکانی خوێندن و وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی فوتسالی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم، کە تێدا حەوت پەروەردە لە پەروەردە گشتییەکانی هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە و گەرمیان بەشداربیان لە کێبڕکێیەکان کردبوو بۆ ئاستی پۆلی (1تا6) بنەڕەتی بۆ ماوەی 5ڕۆژ یارییەکانی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لە نێوان تیپە بەشداربووەکان، هەریەک لە پەروەردەکانی کەلار و سێمێل گەیشتنە یاری کۆتایی، یاری کۆتایی لە نێوان هەردوو تیپ بەڕێوەچوو لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو پەروەردە بە دڕێژایی یارییەکە توانیان ئاست و ئەنجامێکی بەرز پێشکەش بکەن لە یارییەکە، سەرئەنجامیش هەردوو تیپ بە دوو گۆڵ یەکسان بوون دواتریش پەنایان بردە بەر لێدانی سزای یەک لای کەرەوە لە ئەنجامیشدا پەروەردەی کەلار توانی بە ئەنجامی (2-3)گۆڵ یارییەکەی بردەوە و بووە پاڵەوانی فوتسالی پەروەردەکانی سەر ئاستی هەرێم، پەروەردەی سێمێل و خەباتیش پلەکانی دووەم و سێیەمیان دەستەبەر کرد، لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

لەدوای یاری هۆیسکا مانەوەی بێل لەریال زەحمەتە



ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ئاشکرای کرد کە یاریزانی وێڵزی گاریس بێل زۆر زەحمەتە لەوەرزی داهاتوو لەگەڵ ریال مەدرید بمێنێتەوە، دوای ئەو ئاستە خراپەی لەیاری ڕابردوو بەرامبەر یانەی هۆیسکا پێشکەشی کرد، لەچوارچێوەی خولی ئیسپانیا. ریال مەدرید لەو یارییەدا لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابیۆ زۆر بەزەحمەت توانی سەرکەوێت، دوای ئەوەی بنزیمە لەخولەکی زیادکراو گۆڵی سەرکەوتنی شاهانەی تۆمارکرد، بەمەش زێدان لەدووەم یاری لەدوای گەڕانەوەی لەگەڵ ریال 3 خاڵی یارییەکەی دەستەبەرکرد. زێدان لەیاری هۆیسکا یاری بە ئەستێرەکانی ریال مەدرید لەوێنەی ڕافائێل ڤاران و لۆکا مۆدریچ و تۆنی کرۆس و تیبۆ کۆرتواو دانی کارڤەخال نەکرد، گاریس بێل لەپێکاتەی سەرەکی دابوو، بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام هەروەکو جاران شکستی خوارد بەشێوەیەکی باش دەرکەوێت. ڕۆژنامە ئیسپانییەکە دەڵێت گاریس بێل چێژی لە فیکەی نارەزایی هاندەرانی سانتیاگۆ برنابیۆ وەردەگرت کە ئاراستەیاندەکرد، بێل بەشداری دروستکردنی هیچ یارییەکی ریال نەکرد لەو یارییەدا، نەیتوانی یارمەتی هاوڕێکانی بدات، جگە لەتۆپێک نەبێت کە دایە کەریم بنزیمەو ئەویش بەستونی کێشا.لەکۆتاییدا ڕۆژنامەکە دەڵێت هێشتا گاریس بێل یاری زۆری لەبەردەم ماوە بۆ ئەوەی خۆی باش دەرخات، بەڵام خەریکە ئارامیان نامێنێت. لەدوای لێدانی فیکەی کۆتایی لەلایەن ناوبژیوان، بێل بەخێرایی بۆ ژوورەی جل گۆڕین رایکرد، کە ئەمکارە چەندین ئاماژەی هەیەو ئازارەکانی یاریزانی ویلی لەریال مەدرید دەردەخات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 3. Apr. 2019 No: (5723)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ڕۆژنامەی خەبات گەشەکردنێکی دیاری بەخۆیەوە بینیوە، هەر چۆن هەوڵی داوە بەرگری لە داوای ڕەوای گەلی کوردستان بکات و دەربڕی خواست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بێت، پێویستە ستافی ئێستای زیاتری پابەندی ئەو ڕوحیبەتە کورداییەتیە بێت

(لە پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی 49 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی خەبات)





60 ساڵەی خەبات بەشێکی زیندووی میژووی کورداییەتیی هاوچەرخە

ڕۆژنامەی خەبات (1946-1959) و 60 ساڵەی (1959-2019) میژوویەکی پڕاوپڕی زانیاری، خەبات، هەڵوێست، دژوار و شکۆدارە، بۆیەکە دەبێ لە ڕوانگەی زانستی میژووەوە هەر 73ساڵەکەی بەسەرییەکەوە، لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردستان هەڵبسەنگێندرێ، بە واتایەکی دیکە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەییمان بە نەوەی نوێ پێشکەش بکرێ.

سڵاو و دروود بۆ گیانی تێکڕای قەڵەمە پێشەنگەکان ڕوحیان شاد.

ئێوەش خۆش بن.

مومتاز حەیدەری

پیشانگای تایبەتی قەرەنی جەمیل

فۆتۆ: سەردار قادر: لەهۆڵی میدیا لە هەولێر، بە ئامادەبوونی بەڕێزان (سەفین دزەیی) وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرس و هونەرمەندان، پیشانگایەکی تایبەتی هونەرمەندی دەستڕەنگین (قەرەنی جەمیل) کرایەوە، کە تیایدا چەندین تابلۆی شێوەکاری نمایش کردبوون و بڕیاریش وایە تا ١٠ی ئەم مانگە بەردەوام کراوە بێ.





کورتە فیلمەکەی 60 خەڵاتی جیهانیی بەدەستهێناوە

«میسیی بەغدا» وەک فیلمێکی درێژی سینەمایی بەرهەمدێت



خەبات:

«میسیی بەغدا" کورتەفیلمێکی دەرهێنەری کورد سەهیم عومەر خەلیفەیە، لە دوای وەرگرتنی 60 خەڵاتی جیهانی، بڕیارە وەک فیلمێکی درێژی سینەمایی بەرهەمبێت، بودجەی بەرهەمهێنانیشی لەلایەن بەلجیکاوە دابینکراوە.کورتەفیلمی "میسیی بەغدا" لە ساڵی 2012بەرهەمهات و دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو و بووە خاوەنی 60 خەڵات لە فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهاندا و یەکێک لە 10 کورتەفیلمەکانی کورتەلیستی فیلمە کاندیدکراوەکان بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین کورتەفیلم.ئەم فیلمە بووە هۆکار کە کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە چاوی بە لیۆنێل میسی، یاریزانی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی و ئەستێرەی هەڵبژاردی ئەرجەنتن بکەوێت و دەزگایەکی بەریتانی هاوکاریی مادەی بۆ کۆکردەوە و لە ئێرانیش قاچێکی دەستکردی بۆ دروستکرا.لە ساڵی 2017بەڕێوبەرایەتیی سینەما لە بەلجیکا، بودجەی بۆ نووسینەوەی سیناریۆی "میسیی بەغدا" بۆ فیلمێکی درێژ تەرخانکرد و لەم مانگەدا بودجەی بەرهەمهێنانی فیلمەکەی تەرخانکرد کە ساڵانە تەنها پالپشتی شەش تا هەشت پڕۆژەی سینەمایی لەو ولاتە دەکات.دەرهێنەری فیلم لەگەڵ ستافی بەرهەمهێنانی ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکە دەکەن و بڕیارە لە دەستپێکی هاوینی ئەمساڵدا، لە بەلجیکاوە سەردانی باشووری کوردستان بکەن، بۆ دیاریکردنی لۆکەیشن و بەشێک لە ستافی فیلم و ئەکتەرەکان.بڕیارە کاری وێنەگرتنی فیلمەکە لە دەستپێکی 2020 دەستپێبکات و سیناریۆی کورتەفیلمەکە دەرهێنەرە کوردە کە دانیشتووی ولاتی بەلجیکایە، لەڕێگەی کورتە فیلمی "خاکی پاڵەوانان"، "میسیی بەغدا" و "نێچیرڤانی خراپ" زیاتر لە سەد خەڵاتی لە فێستیڤاڵە سینەمایەکاندا بەدەستهێناوە و دوو لە فیلمەکانی کاندیدی خەڵاتی ئۆسکار بوونە وەک باشترین کورتەفیلم و ئێستا یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی فیلمە لە ئەکادیمیای ئۆسکار و خاوەنی چەندین ریکۆردە لەسەر ئاستی کوردستان، عێراق و بەلجیکا لە ڕووی وەرگرتنی خەڵاتی سینەماییەوە.

«خەرەند» گەیشتە فیناڵ

دوای بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین فیلم لە چوارەمین خولی فیستیڤاڵی سینەمای دژ بە تیرۆر، فیلمی (خەرەند)ی (سامی کاکە) لە ناوەڕاستی ئەم مانگە بوو بە خاوەنی خەڵاتی باشترین دەرهێنان لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی (واست)، جگە لەمەش لە ئێستادا لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی (عەکس) لە ولاتی پاکستان بەشدارە.

(سامی کاکە) لەم بارەیەوە ڕایگەیاند: جێگەی خۆشحاڵیە کە فیلمەکەم لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە خاوەنی دوو خەڵاتی زۆر گرنگی فیستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکان، کە یەکەمیان وەک باشترین فیلم دەست نیشان کرا، ئەوەی دووەمیشیان لە ڕووی دەرهێنانەوە بە باشترین دەرهێنان لە فیستیڤاڵی (واست) خەڵاتی پێبەخشرا.

گوتیشی: بەرهەمەکەم لە لایەن کۆمپانیای (IBRAFIL.CO) بڵاوەدکرێتەوە و لە سەرەتای مانگی داهاتووشدا، فیلمەکەم هاوشانی فیلمەجیهانیەکان بەشدارە لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی و گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی فیستیڤاڵی (عەکس)، کە لە ولاتی پاکستان بەڕێوە دەچێت و ناوەڕۆکی بەرهەمەکەشم باسی چیرۆکی لەخانەوادەیەکی قوربانی دەستی تیرۆر و جەنگێکی سەخت دەکات، لەو نێوەندەشدا زیدی خۆیان جێدەهێڵن و تا دەگەن بە دوورگەیەکی ئارام بۆ بەردەوام بوونی ژیان و دوورکەوتنەوە لە مەترسیەکانی جەنگ، کە خەڵکی ناوچەکەیانی خستە ژێر مەترسی گەورەوە.



